# جورئەتی کوشتن



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

لاش نۆرێن

# جورئەتی کوشتن

وەرگێڕانی لە سویدییەوە:

هیوا قادر



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: جورئەتی کوشتن

نووسینی: لاش نۆرێن

وەرگێڕانی لە سویدییەوە: هیوا قادر

بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٨٥٨

هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم

بەرگ: مریەم موتەقییان

چاپی یەکەم، ٢٠٠٩

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٤٣٢ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# جورئەتی کوشتن

دانا رەئووف

لەم دەمەدا شانۆنامەکانی لاش نۆرێن لەسەر زۆربەی شانۆ گەورەکانی ئەوروپا و ئەسکەندەنافی نومایشت دەکرێن، خۆشی لەم پایتەختەوە دەفڕێت بۆ ئەو پایتەختە و شانۆنامەکانی بە فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیتالی یان نەرویجی پێشکەش دەکات و بۆتە ریژیسورێکی بە ئەزموون و قاڵ لە شیکردنەوە و بەرجەستەکردنی شانۆنامەکانیدا.

لەماوەی ئەم دوو ساڵەی ڕابردوودا توانیومانە سێ شانۆنامەی ئەم نووسەرە راستەوخۆ بکەینە کوردی و ئەمساڵیش بە شانۆنامەی جورئەتی کوشتن پێ دەنێینە جیهانە ئاڵۆزەکەی لاش نۆرێنەوە، لەم ژمارەیەدا گەڕاوینەتەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان و دەستپێکی هەوڵ و تەقەلا شانۆییەکانی ئەم نووسەرە، ئەم گەڕانەوەیەش بۆ تێگەیشتن و چوونە ناو ئەزموونە قووڵەکەی لاش نۆرێنە، لەو دەمەدا باوک بەهەموو ئازارە دەرونییەکانییەوە، بەهەموو ناپاکییەکانییەوە، بەهەموو دڵسۆزییەکییەوە، بەهەموو رەفتارە توندوتیژ و سیما باش و خراپەکانییەوە، دەبێتە ناوەندێکی گرنگی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە، دواتر باوک دەبێتە یەکەیەکی بەهێزی خێزانە بورجوازییەکان و لەو ڕەوشەدا لەگەڵ دایک و فەرزەندەکاندا، لە پێوەندییەکی ئاڵۆز و کێشەیەکی دەروونی و پشێوییەکی بێ مەودادا یەک دەگرنەوە، بەڵام لە نەوەدەکاندا ئەم خێزانانە بەتەواوەتی لە گرێژنە دەچن و کۆمەڵگایەکی



جیاواز دروست دەکەن. کۆمەڵگا نوێیەکەی لاش نۆرێن بەدەمەستەکان، بێ کارەکان و ئەو کەسانەی کە دووچاری نەخۆشییە دەروونییەکان بوون پێکدەهێنن و دواتریش مەسەلە تاکەکەسییەکان و پرسی فەلسەفی و تێڕامان لەمەرگ دەبێتە بابەتێکی گرنگی شانۆنامەکانی.

جورئەتی کوشتن تراژیدیایەکی ڕەشی خێزانییە و لاش نۆرێن لە بنەما و چاوگەکانی تراژیدیای گرێکییەوە تراژیدیایەکی مۆدێرنی ئەفراندووە. لەم جورئەتی کوشتنەدا زەمەنەکان پێکدا دەچن، ڕابردوو لەگەڵ ئێستادا تێکەڵاو دەکات و میتۆلۆژیایەکی نوێ و جیاوازتر لەناو خودی کۆمەڵگا و پێوەندییە خێزانییەکانی سویدا دروست دەکات.

گرێی دەربازبوون و گرێی دەروونی و دەسەڵاتی باوان لەناو گرێکوێرەکانی میتۆلۆژیا و تراژیدیای گرێکییەوە دەگوازێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگایەکی نوێی ئەورووپی.

# پێشەکی

هیوا قادر

*تەنیا ڕێگایەک کە بتوانم فەرامۆشیکەم قووڵایی ڕووناکییە، بەڵام لە قووڵایی ناو ئەو قووڵاییەدا ناتوانرێت هیچ شتێک فەرامۆش بکرێت، چونکە هیچ گوریسێک لەوێوە نییە پیا سەرکەویت و بێیتەوە ناو قووڵایی ڕووناکی.*

*لاش نۆرێن*

من بۆ خۆم لە یەکەم ساتی ناسینی لاش نۆرێنەوە، تەژی بووم لە سەرسامی و ترس، سەرسامی من بۆ ئەم نووسەرە لەو زمانە شەبەقییە چڕ و غەریبەوەیەتی لە گوزارشتکردنی بۆ ئینسان، هەروەها ترسیشم لەبەرامبەریدا لەو هەموو ڕەشی و ماتییەوەیە کە لە ناو شیعر و تێکستە شانۆییەکانیدا وەک نەوتی ڕەش قوڵپەقوڵپ هەمیشە هەڵئەقوڵێت.

هەر زوو خوێندنەوەی تێکستە شانۆییەکانی لاش نۆرێن ئەو تێڕوانینە باوەی بەیەکجاری لەلام تەفروتوونا کرد، کە پێی وایە "دەقی شانۆیی تەنیا لەسەر تەختەی شانۆ ئەتوانێت هەناسەبدات" واتا دەقی شانۆیی هەمیشە قابیلی خوێندنەوە نییە وەک تێکستێک و بەڵکە زیندووێتی و هەناسەدانی پەیوەستە بە نومایشتکردنییەوە لەسەر



تەختەی شانۆ. بەڵام کاتێک کە دەقێکی شانۆیی وەک "جورئەتی کوشتن" ئەخوێنیتەوە، تێئەگەیت کە خوێندنەوەی ئەم شانۆنامەیە وەک خوێندنەوەی چیرۆکێک یان ڕۆمانێک وایە، چونکە هەر لەیەکەم دێڕییەوە خوێنەر دەبێتە بەشێک لەو سادەییەی کە دەستت ئەگرێت و دواتر هەنگاو لە دوای هەنگاو لەگەڵ دراماکەدا ئەڕۆیت و ئەگەیتە ناو دنیایەک لە ئاڵۆزی ئینسان، ئەو ئاڵۆزییە کە سەرتاقەدەم ڕەش ڕەشە.

من پێموایە هۆکاری هەمیشە ڕەشی ئەم نووسەرە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم دیوێک لە ئینسان ئەناسێت کە هەر لەتوانای بینینی خۆیدایە، چونکە ئەم و نووسەرانێکی کەمی تر لەپێش لەشکرێک لە نووسەرانەوە گەیشتوونەتە ئەو جێیە، لاش نۆرێن لەو تیڕوانین و بینینە تایبەتیانەیدا بۆ تەنیایی ئینسان و ناسینی هیچی کەم نییە لە بێکێت و دیستویفسکی و سترین باری.

وەرگێڕانی تێکستی ئەم نووسەرە جۆرێکە لە مومارەسەکردنی ڕیسک، چونکە سادەییەکەی هێندە هەڵخەڵەتێنەرە تا ئەگەیتە ئەو شوێنانەی کە هەست ئەکەیت لەبەر ئاڵۆزی و قووڵی ئیدی ڕێگایەکت بۆ ڕزگاربوون لەبەردەمدا نەماوە، بۆیە کەم جار وەرگێڕ ئەتوانێت سەد دەرسەد خەیاڵی تێکستەکانی لاش نۆرێن بخاتە نێو خەیاڵی زمانی کوردییەوە.

"جورئەتی کوشتن" یەکێکە لە تێکستە شانۆییە بەناوبانگەکانی لاش نۆرێن، کە لە ساڵی ١٩٧٠ نووسیوویەتی، ئەم شانۆنامەیە بە شانۆنامەیەکی سیانەیی و سێ گۆشەیی ناوئەبرێت، هەم لە ڕووی کەسایەتییەکانی کە سیانە و هەم لە ڕووی دابەشکردنییەوە کە سێ بەشە. "میکایل ڤان ڕێس" پێی وایە ئەو نەرجسیەتەی کە لە گفتوگۆی

باوک و کوڕەکەدا لەم شانۆنامەیەدا دروست ئەبێت، هەمان نەرجسییەتی لاش نۆرێن خۆیەتی کە لەناو شیعرەکانیشیدا ئەناسرێتەوە.

شانۆنامەکە بە سەردانی "باوک ٦٥ ساڵ" دەست پێ ئەکات بۆ لای کوڕەکەی "ئێریک ٣٠ ساڵ"، دوای کەمێک تێئەگەین کە ڕۆژی دواتر دەبێتە سێهەمین ساڵوەگەردی مردنی ژنەکەی "ئیلین". ڕووداوەکانی ناو ئەم شانۆنامەیە لە ڕۆژ و شەوێک و ڕۆژی داهاتوودا ڕووئەدات، شوێن ژوورێکی سادەی گەورەیە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت لە هەر سێ بەشی شانۆگەرییەکەدا. باوک جگە لە ئێریک کوڕێکی تری هەیە کە ماوەیەکە بێ هەواڵە لێی. باوکەکە کارکەنارە و پێشتر نزیکەی بۆ پەنجا ساڵ وەک خزمەتکارێک لە چێشتخانەکان و ڕیستورانەکاندا کاری کردووە، کوڕەکەشی هەمان پیشەی باوکی هەیە و لەو ڕیستورانانەدا کار ئەکات کە نایاساین، کوڕەکە زۆر کەسێکی ترسنۆک و هەستیارە بەڵام ناتوانێت گوزارشت لەو هەستەی خۆی بکات. "ڕادکە" کچێکە و دۆستی ئێریکە، ئەمیش لە ڕیستورانەکان لەژێر ناوی گۆڕانیبێژدا کارئەکات، کە لە ڕاستیدا کاری ئەم جگە لە دەمجوولاندن و لاساییکردنەوەی گۆرانیبێژە بەناوبانگەکان هیچی تر نییە. گفتوگۆکانی کوڕ و باوکەکە زۆر بریندارکەر و نەویستەیە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە تێئەگەین کە هاتنی باوکەکە بۆ لای کوڕەکەی بەحەزی کوڕەکە نەبووەو ئەو هەمیشە ئەیەوێت خۆیی لێ بدزێتەوە. لەبەشی دووهەمدا کە ڕادکە شەوێکی درەنگ ئەگاتەوە ماڵی ئێریک، دوای نانخواردن و کەمێک خواردنەوە، وە هەردوای بەجێهێشتنی ئێریک و چوونی بۆ ژوورەکەی خۆی



نزیکبوونەوەیەک لەنێوان باوکەکە و ڕادکەدا ڕووئەدات و باوکەکە داوای سێکسی لێ ئەکات، ئێریک لەکاتی سەماکردنی هەردووکیاندا دێت بەسەرداو ڕووداوەکە بە چاوی خۆی ئەبینێت، بەبێ ئەوەی تووشی سەرسوڕمانێکی گەورەبێت.

لە بەشی سێهەمدا بەیانی ڕۆژی داهاتووە، دراماکە ئەگاتە کۆتایی تراژیدیانەی خۆی بەوەی کوڕەکە باوکەکە ئەکوژێت.

حیوارەکانی ئەم شانۆنامەیە زۆرینەیان کورتن و لە شێوەی پرسیاردا ئەکرێن و هەڵگری بێدەنگی و ڕقێکی ئینسانی سەیرن، کە هەرگیز ناکرێت لە ڕوویەکی مۆڕاڵییەوە بۆ ناسینی باوک و کوڕ، بتوانرێت لەو هەموو حاڵەتە ئینسانی و نهێنییانە بگەین کە لە نێوانی ئەم دوو ئینسانەدا هەیە، بۆ خوێندنەوە و کارکردن لەم شانۆنامەیەدا دەبێت مۆڕاڵی باو فەرامۆش بکرێت، کاتێکیش کە مۆراڵ لەبیرکرا ئەوکات ئەتوانین لە نزیکەوە لەبەردەم دوو ئینساندا بوەستین بەهەموو یادوەری و شکست و خۆشەویستی و تەنیایی و ڕقیانەوە بۆ یەکتری، چونکە ئەوەی مۆراڵ ئەیکات جۆرێکە لە دیوار دروستکردن لەبەردەم ناسینی ئینساندا، هەمیشەش هونەر و ئەدەب لەو دیوی ئەو دیوارەوە کارئەکات کە ناو ئینسان خۆیەتی نەک دەرەوەی.

لاش نۆرێن وەک عاقیبەتی هەموو نووسەرە داهێنەرەکانی دنیا، لە سویددا وەک ستریندبەری و بێرگمان کە ئەوانیش دوو داهێنەری ئەم میللەتە پچکۆلەیەن و لە دنیادا ناسراون، خۆشەویست نییە، بەهۆی کۆمەڵێک بیانووی سادەگۆی وەک ڕەشبینی و چەندان تۆمەتی تر، ئەم نووسەرە لە ناو ئیلیتێکی ڕۆشنبیران و ڕەخنەگراندا لەپێشی هەرە نووسەرە گەورەکانی ناو سوید و دنیاوە دانراوە. هۆکەشی ئەوەیە کە

ئەم لەسەر ئەو دیوانەی ئینسان کارئەکات کە هەمیشە دەبێتە هۆی ڕاچڵەکین و نارەحەتکردنی ئەوەی بەرامبەر، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو دیوە شاراوە و نهێنییانە، دیوە دیارنەبووەکانی ئینسانەکانن، کە ئێمەش وەک ئینسان هەم بەرپرسیارین و هەمیش بەشێ لەو نهێنی و شاراوەیییەی ئینسانمان لە خۆماندا هەڵگرتووە.

تێبینی: بۆ زیاتر زانیاری لەسەر بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە و ناسینی بڕوانە پێشەکییەکانی دانا ڕەئووف لە کتێبەکانی ناو ئەم زنجیرەیەدا، "مۆسیقای بێدەنگ و: دانا ڕەئووف، ژمارە ١"، "شەڕ. و: دلاوەر قەرەداغی، ژمارە ٩" پەرجوو. و: دلاوەر قەرەداغی، ژمارە ١٩".



## جورئەتی کوشتن

کەسەکان:

کوڕ، سی ساڵ

باوک، نزیکەی شەست و پێنج ساڵ

ڕادکە، بیست و چوار ساڵ

کوڕەکە: باڵای بەرزە، چاوەکانی ڕەشی تۆخن، قژی بە کورتی بڕیوە، جلێکی درێژی لەبەردایە، پانتۆڵێکی تازە شۆراوی لە لۆکە دروستکراوی لەپێدایە، کراسەکەی شۆڕکردۆتەوە بەسەر پانتۆڵەکەیدا.

باوک: قابیلی دیاریکردن نییە، قژی زەردە، چاوەکانی هەستدارن، ڕوخسارێکی بێوەیی هەیە، گورجوگۆڵ، بەگلەیی، خاوەن دەسەڵاتێکی شاراوە، چاکەت و پانتۆڵی لەبەردایە و جووتێ نەعلی کردووە بەسەر پێوە، هتد.

ڕادکە: کچێکی زۆر جوانە، قژی ڕەش و درێژە، تاڕادەیەک لاوازە.

# بەشی یەکەم

(ژوورێکی گەورە کە هی ئەوە نییە دیاری بکرێت، لەو ژوورەدا هەموو شتێک بە ناڕێکی دانراوە. بەتایبەتی کتێب و جلوبەرگەکان. قاچە گەچییەکان و پەیکەرەکان و ئینجانەکان لەسەر ڕەفە تەختە درێژەکان دانراون. پەنجەرەیەکی سەقفی دوولایی، گەورە، کەوتۆتە قوولاییییەوە، گەلای وشک و ڕەشداگەڕاو و خەشەڵ لە خوارییەوە کۆبۆتەوە. چەند مێزێکی نووسین، پارچە بلۆکێکی تەختە لەسەر ڕەفەیەک دانراوە، بە وەرەقە و پارچەی لێکراوەی ڕۆژنامەکان ئاخنراوە. لە دوورەوە قەرەوێڵەیەک دیارە کە سەرەکەی بەرز و نزم دەکرێتەوە. پەرداخ و تەپڵەک لەژێر قەرەوێڵەکەدان. قەنەفەیەکی یەکتاکی گەورە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدایە. بەدیوارەکانەوە هەندێک تابلۆی نەخشکراوی تەکعیبی بە فیگوری جوتیارانە هەڵواسراوە. لەخوارەوە تا دوو مەتر و نیوی سەرەوەی ژوورەکە بە ڕەنگی خۆڵەمێشی بۆیاخ کراوە، بەخەتێکی خۆڵەمێشی تۆختر تەواو دەبێت و لەدوای ئەوەوە ڕەنگێکی سپی تا سەرەوە دەڕوات و دەگاتە سەقفە لاربۆوەکە. پەنجەرەیەکی بچووک لە پاڵ کەنتۆرکەوە کراوەتەوە.)

**باوک:** لە پەنجەرەکەوە با دێت، ئەتوانیت دایبخەیت؟

**کوڕ:** نا.



**باوک:** باشە بۆ نا؟ ئاخر من ڕەق بوومەوە.

**کوڕ:** ئەوەی کە لێرە ئەژی منم. من ئەمەوێت پەنجەرەکە ئاوا کراوەبێت. من حەز بە دووکەڵی جگەرەکانت ناکەم. تۆ پێم ناڵێیت ئەم جگەرە کۆنانە لە کوێ ئەدۆزیتەوە.

**باوک:** جا خۆ تۆش ئەکێشیت.

**کوڕ:** ئێ دوای ئەوە.

**باوک:** دوای ئەوە چی؟ ئەی هەر یەک شت نییە.

**کوڕ:** من نامەوێت گفتوگۆ بکەم، دووکەڵێکی زۆر بڵاو ئەبێتەوە گەر دووان پێکەوە بکێشن، ئەی وانییە، باشترە کاتێک کە من لەدەرەوەم جار جارە هەوایەکی ماڵەکە بگۆڕیت. بۆنێکی هەر زۆر قێزەون دێت کە سەر ئەکەیت بە ژوورا.

**باوک:** باشە، باشە، ئێستا تۆ ئەتوانیت دایبخەیت؟

**کوڕ:** من ئەمەوێت پەنجەرەکە بەکراوەیی بمێنێتەوە... ئەگەر با لێت ئەدا واباشترە جێگاکەت بگۆڕیت. ئێرە ژووری منە.

**باوک:** جا چییە، ئەگەر بێت و من لێت بپرسم؟ ژوورەکانی تریش وەک ئێرە ساردن. ئەتوانیت ئێستا دایبخەیت؟

**کوڕ:** نەخێر.

**باوک:** شەڕانیت. باشە تۆ بۆچی ئەوەندە شەڕانیت؟

**کوڕ:** من شەڕانی نیم، من نامەوێت هەست بکەم کە بەندکراوم.

**باوک:** ئێ کەواتە تۆزێک بچۆرە دەرێ.

**کوڕ:** نامەوێت لە ئێستادا بچمە دەرێ، بۆچی دەبێ بچمە دەرێ؟ ئەبوو تۆ پیاسەیەکت بکردایە. تۆ بەدرێژایی ڕۆژ لە ماڵەوە کەوتوویت.

**باوک:** تۆ ئەزانیت کە چەند زەحمەتە بۆ من بە پێ بڕۆم. ئەی بۆ نازانیت؟

**کوڕ:** نا.

**باوک:** تەحەمول ناکەم... ناوێرم بە تەنها بچمە دەرێ. ئەکرێت هەرچ کاتێک بێت و بکەوم. ڕانم لە ژێرما ئەنوشتێتەوە. هەر زۆر ئەترسم بکەوم.

**کوڕ:** هیچ ڕوونادات.

**باوک:** هیچ ڕوونادات! تۆ خۆشت نازانیت باسی چی ئەکەیت... من وا خەریکم ئەبوورێمەوە.

**کوڕ:** هەمیشە کەسێک دەبێت یارمەتیت بدات و بەرزت کاتەوە.

**باوک:** نەخێر، هیچ کەس نییە... خەڵک پێیانوایە کە من سەرخۆشم.

**کوڕ:** ئێ بۆ سەرخۆش نیت؟

**باوک:** نەخێر، سەرخۆش نیم! پەکم کەوتووە و بەزەحمەت ئەتوانم بڕۆم بەڕێدا.

**کوڕ:** زۆر بەئاسانی هۆی ئەوەیە کە تۆ ئەترسیت بە تەنیا بچیتە دەرێ، چونکە تۆ خۆت پیاوێکی کەمڕوویت.

**باوک:** کەمڕوو؟

**کوڕ:** کەمڕوو لەبەردەم خەڵکیدا.

**باوک:** من لەبەردەم خەڵکیدا کەمڕوو نیم... من تەنیا هەست بە کەمێک نائارامی ئەکەم، دەنا من کەمڕوو نیم ـ باشە ئاخر بۆچی دەبێت کەمڕووبم؟

**کوڕ:** من نازانم... تۆ زۆر ترساو دیاربوویت کە لە دەرەوە بووین، تۆقیبوویت.



**باوک:** من پێویستم بە کەسێکە شانباتە باڵم، بەڵام خۆ تۆ هەر بۆ پێشەوە مل ئەنێیت.

**کوڕ:** ئەوکاتەش کە منداڵ بووم هەر وابوو، وانییە، خۆ تۆ ئەوسا قاچ و قولێکی خراپیشت نەبوو.

**باوک:** ئێ چییە.

**کوڕ:** باشە، باشە، من نامەوێت ئێستا بچمە دەرێ.

**باوک:** کەی بەتەمایت دایبخەیت؟

**کوڕ:** پەنجەرەکە؟

**باوک:** بەڵێ، بێگومان پەنجەرەکە!

**کوڕ:** کاتێک کە هەوای ژوورەکە گۆڕدرا، ئەوکاتەی کە هێندە بۆنی ناخۆشی نەهات.

**باوک:** بەڵام من ڕەق بوومەوە...

**کوڕ:** باشە، باشە... ئەتوانیت تۆزێک هەستیتە سەرپێ. خۆ لەوە خراپتر نابێت.

**باوک:** بوەستە تا پیر ئەبیت، ئێریک...

**کوڕ:** ئەزانم.

**باوک:** کەی دێت...

**کوڕ:** کێ؟

**باوک:** ناوی چی بوو ئەو کچە؟ زەحمەتە بۆ من ناویم بیر بکەوێتەوە.

**کوڕ:** مەبەستت ڕادکەیە؟

**باوک:** ڕادکە، ئا... کچە جوولەکەیە؟

**کوڕ:** پێم وانییە.

**باوک:** ئەوە نازانیت، نازانیت لە کوێوە هاتووە؟

**کوڕ:** نەخێر.

**باوک:** باشە کەی دێت؟

**کوڕ:** نازانم کە کەی دێت، هیچ ئاگام لێ نییە... بۆچی دەبێت ئەو بێت بۆ ئێرە؟ بۆ من باسی ئەوەم کردووە کە ئەو بەتەمابووە بێت بۆ ئێرە؟

**باوک:** پێم وایە... بۆچی ئەو سەرت لێ نایات؟

**کوڕ:** هەندێک جار... نازانم.

**باوک:** پێکەوە ناژین؟

**کوڕ:** نەخێر... لەوەش زیاتر پرسیارم لێ مەکە... ئەگەر ویستیشم باسی ئەوت بۆ بکەم ئەوا کاتێک بۆتی باس ئەکەم کە تاقەتم هەبوو... من نامەوێت وەڵامی پرسیارەکانت بدەمەوە.

**باوک:** کچێکی جوانە...

**کوڕ:** پێت وایە؟

**باوک:** ئا ئەو جوانە... ئەی جوان نییە؟

**کوڕ:** ڕەنگە وابێت.

**باوک:** ئەوەندە لێی ئەترسیت.

**کوڕ:** دەبێت ئەو لە من بترسێت نەک من، بۆچی لەجیاتی ئەوە واناڵێیت؟

**باوک:** دیارە، بەڵام...

**کوڕ:** چی؟... بڵێ بزانم مەبەستت چییە... تۆ پێت وایە دەبێت من لەو بترسم لەبەرئەوەی کە حەزی لێمە... ئەمە ڕێی تێ ئەچێ؟





مەبەستت ئەوەیە کە وابڵێیت؟

**باوک:** نەخێر.

**کوڕ:** ئەتوانیت دان بەخۆتا بگریت تا بیناسیت ئەوکاتە ئاوا پشتی بگریت؟ تۆ هەمیشە خێرایت بۆ پشتگیری کردنی ئەو کەسەی کە دژی منە ـ نەک لایەنگیریکردنی من ـ هەر لەبەر ئەوەی کە من کوڕی تۆم؟ تۆ ئەترسیت لەوەی کە من لە تۆ ئەچم... بەڕاستی من خۆشم ئەترسم لەبەر ئەوەی کە لە تۆ ئەچم... پێت وانییە ئیدی ئێستا کاتی ئەوە هاتبێت کە بمبینیت، سەرباری ئەوەی کە لە تۆش ئەچم؟

**باوک:** من هەمیشە تۆ ئەبینم...

**کوڕ:** با، من ئەزانم... بەڵام بە ترسەوە... لە کەیەکەوە تۆ بیرت لەوە کردۆتەوە کە ئەمجارەیان لەلام بمێنیتەوە؟

**باوک:** بۆچی؟... هەر لە ئێستاوە وەڕس بوویت لێم؟ ئەتەوێت بچمەوە بۆ ماڵێ؟

**کوڕ:** نا، ئەوەم ناوێت... بەڵام لە ئێستادا من هێندە کاتم نییە بۆ تۆ.

**باوک:** ئەی بۆچی داوات لێ کردم کە بێم؟

**کوڕ:** من داوام لێ نەکردوویت ـ تۆ پرسیارت لێ کردم کە ئەتوانیت بێیت، منیش وتم ئا ئەتوانیت بێیت. دەنا من داوام لێ نەکردیت.

**باوک:** تۆ ناتەوێت من لێرەبم؟

**کوڕ:** نازانم... لەسەر ئەوە ئەکەوێت کە تۆ چۆن لەمە تێئەگەیت... ئەگەر بتەوێت خەتای من بگریت و بە ئاشکرا یان بە شاراوە گلەیی لە

من بکەیت، ئەوا من ئەمەیانم ناوێت.

**باوک:** ئەبوو تۆ هێمنتر ئەم قسەیەت وەرگرتایە.

**کوڕ:** ئێ هەر وائەکەم.

**باوک:** پێم وانییە... ئاخر چۆن وایە؟... من سەرتاپا خەم داگیری کردم.

**کوڕ:** هەر زۆر بێ خەم بە.

**باوک:** مەبەستت چییە؟ هەستێکی ناخۆشە... مەبەستت چییە؟

**کوڕ:** هیچ شتێک.

**باوک:** مەبەستت چییە؟... من لە تۆ ناگەم.

**کوڕ:** نەخێر.

**باوک:** بۆ ناتەوێت من لێتبگەم؟

**کوڕ:** ئێستا تێمەگە. لەبەر خاتری من نا... بەڵام باش ئەبوو گەر بۆ جارێکیش بوایە وات لێ بکردمایە تێبگەم، نەک لە بەر من بەڵکە لەبەر خاتری خۆت... ئەمەش بۆ خۆت زۆر باش ئەبوو.

**باوک:** تۆ بۆ ئەوەندە بێ حورمەتیت؟ من چیم لە تۆ کردووە؟

**کوڕ:** تۆ هیچت لە من نەکردووە.

**باوک:** با وادیارە.

**کوڕ:** نا وانییە. ئەوە تۆیت کە کردووتە، بەڵام تۆ من ڕائەکێشیتە ناو ئەو لاوازییەوە.

**باوک:** ئەرێ... هیچ وێنەیەکی ئەوت هەیە؟

**کوڕ:** وێنەی کێ؟ هی ڕادکە؟

**باوک:** ئا، بێگومان هی ئەو ـ ئەی قابیلە مەبەستم کێ بێت؟

**کوڕ:** بەڵام خۆ تۆ ئەزانیت کە ڕوخساری چۆنە، ئەی جاری پێشوو



نەتبینی؟

**باوک:** با، بینیم، بەڵام زۆر دەمێکە... حەزئەکەم وێنەیەکی ببینم... ئاخ!

**کوڕ:** ئەوە چییە؟ بۆ ئاخ هەڵدەکێشی؟

**باوک:** کە زۆر دابنیشم ئازارم بۆ دێت.

**کوڕ:** ئازارەکەت لە کوێدایە؟

**باوک:** لە ئەژنۆما... دەبێ بهێڵم نەشتەرگەری کڵاوەی ئەژنۆم بۆ بکەن، بەڵام دکتۆرەکان پێیان باشە کە نەیکەم.

**کوڕ:** بهێڵە بیکەن.

**باوک:** لەتەمەنی مندا، هەموو نەشتەرگەریکردنێک مەترسیدارە.

**کوڕ:** کەواتە تۆزێک بجووڵێ، ڕەنگە ئازارەکەت بشکێت.

**باوک:** وا ئەکەم. (ئەسووڕێتەوە. کوڕەکەی سەرنجی ئەدا)

**باوک:** (بێچارە دیارە) زەحمەتە بێرەدا بڕۆیت... تۆ بۆچی ئەوەندە پیس و پۆخڵیت؟

**کوڕ:** کەسم نییە گسکم بۆ بدات.

**باوک:** کەواتە شپڕێویت، بێدەربەستیت. (پشوو) کچێک هەیە هەموو ڕۆژێک دێت بۆ لام و گسکم بۆ ئەدات ـ تەنیا هاودەنگییەکیش کە هەمبێت هەر ئەوە، ئەو تەنیا بنیادەمێکە کە من قسەی لەگەڵدا بکەم. سەعات یانزە و نیو دێت و سەعات یەک و نیو ئەڕواتەوە. شەممان و یەک شەممان هەر زۆر ناخۆشە. چونکە قسە لەگەڵ کەسدا ناکەم، ئەگەر تۆ تەلەفون نەکەیت. تۆ بۆچی وازت لە تەلەفون کردن هێناوە بۆ من؟ ئەو کچێکی میهرەبانە، بەڵام زۆر نارێک لەبارەی هەموو شتێکەوە قسە ئەکات، بۆیە

تاقەتم نییە گوێی لێ بگرم.

**کوڕ:** من نیمە.

**باوک:** چی؟ ئەوەی کە نیتە چییە؟

**کوڕ:** من کەسم نییە بێت بۆ لام و گسکم بۆ بدات.

**باوک:** ئێ، هیچ وێنەیەکیت هەیە؟

**کوڕ:** تۆ وێنەی ئەوت بۆچییە؟

**باوک:** بەڵێ.

**کوڕ:** وێنەی ئەو چی لێ ئەکەیت؟

**باوک:** بیر لەوە ئەکەمەوە پیشانی بیملسی بدەم؟... تۆ ئەوانت بیرە؟

**کوڕ:** نا، بۆچی؟

**باوک:** من ئەمەوێت.

**کوڕ:** لەگەڵیان قسە ئەکەیت، سڵاویان لێ ئەکەیت؟ لەلایان ئەمێنیتەوە؟

**باوک:** بێگومان دەیکەم. ئاگام لە کوڕەکەیان دەبێت.

**کوڕ:** کەواتە کەسێک هەیە کە قسەی لەگەڵدا بکەیت.

**باوک:** بەڵام ئێستا ئەوان لە ماڵ نین... پێشموانییە چیتر ئەوان پێویستییان بە یارمەتی من هەبێت.

**کوڕ:** بۆچی تۆ ئاگات لەو کوڕە ئەبیت؟

**باوک:** خۆ پێشتر بۆم باس کردوویت! ئەو کەمەکێک کەم ئەندامە، بۆیە ئەچم بۆ ئەوێ و ئاگام لە کوڕەکەیان بێت کاتێک کە ئەوان هەردووکیان پێکەوە ئەچن بۆ کار.

**کوڕ:** بیرم نایەت. کوڕەکەیان تەمەنی چەندە؟

**باوک:** بەو زووانە دەبێت بە شەش.



**کوڕ:** چەند جار ئەچیت بۆ ئەوێ.

**باوک:** تەنیا دوانیوەڕوان ـ من تەنیا چاودێریم ئەکرد ـ بەیانییان ئەوان ئەیانبرد بۆ باخچەی ساوایان، بەڵام من سەعات دوو ئەوانم ئەهێنایەوە.

**کوڕ:** بۆ ئەوان چەندن؟

**باوک:** ئەی پێم نەوتیت کە سێ منداڵن.

**کوڕ:** ئاوها... ئاگات لە هەرسێکیان دەبێت؟

**باوک:** ئا، ئەکرێت واحساب کەیت... بەهەرحاڵێ خواردنیان ئەیەمێ و لەگەڵیاندا یاری ئەکەم... کتێبیش بۆ پاول ئەخوێنمەوە.

**کوڕ:** ناوی پاولە؟

**باوک:** بەڵێ، پاول. بیر لەوە ئەکەمەوە کە دەبێت ئێستا ئەو چۆن بگوزەرێنێت...

**کوڕ:** نیگەرانی ئەویت؟

**باوک:** نا، باوک و دایکی خۆشیان ئەوێت.

**کوڕ:** ئەی تۆ خۆشت ناوێت؟

**باوک:** ئەو کە من ئەبینێت دڵی خۆش دەبێت.

**کوڕ:** بۆچی ئەتەوێت وێنەی رادکە پیشانی بیمیلس بدەیت.

**باوک:** تەنیا ئەمەوێت پیشانیان بدەم.

**کوڕ:** هاوڕێیەکی نزیکی ئەوانیت؟ سەرگەرمیتان زۆرە پێکەوە؟

**باوک:** نا، ئەوان کاتیان نییە.

**کوڕ:** لەگەڵ ئەوان باسی چی ئەکەیت؟

**باوک:** باسی هەموو شتێک.

**کوڕ:** ئەی ئەگەر ئەو باسە پێوەندی بەخۆتەوە هەبێت؟ باسی خۆت ئەکەیت؟

**باوک:** زۆر نا. ڕەنگە باسی تۆ بکەم؟

**کوڕ:** یاخود تەنیا هەر لە ژوورەوە بێ جووڵە دائەنیشیت... ئەی زەحمەت نییە؟

**باوک:** بۆ لەمەیاندا ئاوا خەمی من ئەخۆیت؟

**کوڕ:** نازانم.

**باوک:** ئایە هەندێک وێنەی ئەوت هەیە یان نا؟

**کوڕ:** پێموایە هەمبێت، بەڵام نامەوێت زایەیان بکەم ـ بۆیە ناتدەمێ.

**باوک:** ئەتوانم بیبینم؟

**کوڕ:** بۆچی؟ بۆ بیرت ناکەوێتەوە کە ڕوخساری چۆن بوو؟

**باوک:** بەتەواوەتی نا، خۆ من هەموویانم بیرناکەوێتەوە.

**کوڕ:** تۆ کوا پێویستت بەوەیە، باشترە لەبیریان کەیت.

**باوک:** لە کوێت داناوە؟

**کوڕ:** ئەتەوێت ئێستا بیبینیت؟

**باوک:** بەڵێ سوپاس.

**کوڕ:** پێموایە کە یەکێکم هەیە...

(ناو یەکێک لە مێزەکان ئەگەڕێت)

ئا، هەمە... بەڵام ناتدەمێ. ئەو گۆرانی ئەڵێت.

**باوک:** ئەیبینم، ڕوخساری جدی دیارە.

**کوڕ:** ئەو جدییە.

**باوک:** کچێکی جوانە.



**کوڕ:** ئا، زۆر.

**باوک:** خۆشتئەوێت؟

**کوڕ:** بۆچی ئەمە ئەپرسیت؟

**باوک:** هەروا ئەپرسم. خۆشتئەوێت؟

**کوڕ:** بەئەندازەی پێویست.

**باوک:** خۆتت خۆشتر ئەوێت؟

**کوڕ:** نا ئەو.

**باوک:** مەبەستت چییە لەمە؟

**کوڕ:** باوکە، داوات لێ ئەکەم، وازم لێ بێنە، خۆت هەڵمەقورتێنە ژیانی منەوە.

**باوک:** نا، نا، من لەوە زیاتر ناڵێم... من... بەیانی دەبێت بە سێ ساڵ کە ئیلین مردووە.

**کوڕ:** وایە؟

**باوک:** بەڵام ئێریک تۆ باشت لەبیرە!... تۆ باش ئەزانیت... بۆ نەتئەزانی کە کەی بوو؟

**کوڕ:** نا، بۆ ئەوەندە دەمێکە ڕوویداوە؟

**باوک:** بەڵام...

**کوڕ:** من ئەوەندەم لەبیرە کە لەپایزدا بوو.

**باوک:** وایە، لەبیرتە کە شەوێ ئەوان تەلەفونیان کرد... هەرگیز ئەوەم لەبیرناچێتەوە...

**کوڕ:** تۆ قیژاندت...

**باوک:** ئازاری زۆر دام.

**کوڕ:** تێئەگەم.
**باوک:** نا. ئێمە سی و حەوت ساڵ پێکەوە ژیاین.
**کوڕ:** ئێمە دەمێک بوو ئەمانزانی کە ئەمرێت.
**باوک:** نەخێر.
**کوڕ:** با چۆن، تۆ خۆت زۆر بە باشی ئەوەت بینی کاتێک ڕۆژێک پێش ئەوەی بمرێت سەردانمان کرد، ئەوەندەی لە ژیاندا نەمابوو.
**باوک:** بەڵام خۆ تا ڕادەیەک هاوئاهەنگ بوو.
**کوڕ:** نا... ئەو بەتەواوەتی هۆشی لەلای خۆی نەبوو، تەنانەت تۆی نەئەناسییەوە.
**باوک:** ئەوە تۆ باسی چی ئەکەیت؟ تۆ بۆچی وایت؟ ئەو منی نەئەناسییەوە؟ بەدرێژایی ئەو کاتە من لە پاڵیدا دانیشتبووم و دەستیم خستبووە ناو دەستمەوە. لەگەڵ یەکتریدا قسەمان کرد. بێگومان ئەو شەکەت بوو.
**کوڕ:** بەڵام ئەو منی نەناسییەوە.
**باوک:** ئەو هیلاک و ترساو بوو. ئەو نەیئەویست بیگوێزنەوە بۆ ناو هۆڵە گەورەکە. بۆچی ناهێڵن ئینسانەکان بەلایەنی کەمەوە بە تەنیایی بمرن... ئیلینی بەستەزمان... من هەستم بە هیچ نەئەکرد.
**کوڕ:** ئەو نیوە مردوو بووبوو... ئەی وا نەبوو؟
**باوک:** نەخێر، خۆ ئەگەر وابوایە من نەئەهاتمەوە بۆ ماڵەوە و تا دواهەناسە لای ئەمامەوە، لەڕاستیدا خراپترین شتێک کە روویدا ئەویش ئەوەبوو کە لە پێشدا گیانی ئەویان سەند نەک من. من لێیان پاڕامەوە کە وازی لێ بێنن تا لە من زیاتر بژی،



بۆچی ڕێیان نەدام من لەپیش ئەودا بمرم؟ ئێوە پێویستتان زیاتر بەو بوو. من تاڕادەیەک زایە بووبووم... من سەر لەم دنیا پەنهانە دەرناکەم.
**کوڕ:** تۆ بۆچی وا ئەڵێیت؟
**باوک:** بەڵام ئەوە ڕاستە... بۆ ئێوە باشتر دەبوو من بمردمایە، ئەوکات ئێوە هێندە فەرامۆش نەئەکران.
**کوڕ:** بۆچی پێت وایە وابێت؟ خۆ تۆ لەبەر من هەوڵی ژیان نادەیت. واش مەکە.
**باوک:** با، ئەی کەوایە مەبەست لە بوونی من دەبێت چی بێت؟ ئەتوانیت پێم بڵێیت؟ تۆ نازانیت کە من چۆن بووم؟ ئەمە تەحەمول ناکرێت.
**کوڕ:** کەواتە بۆچی تەحەمولی ئەکەیت؟
**باوک:** ئەگەر باوەڕم بەوە نەبوایە ئەوا نەمئەکرد.
**کوڕ:** مەبەستت ئەوەیە کە ئیتر واز لەوە دێنیت؟
**باوک:** بەڵێ، بێگومان.
**کوڕ:** بیرو باوەڕت ڕێگات پێ نادات؟
**باوک:** با ڕێ ئەدات.
**کوڕ:** بەڵام پێش مردنی دایکم بە ماوەیەک، چەند شەوێک پێش ئەوە، من تۆم تووشی سەرسوڕمان کرد یاخود باشترە بڵێم ئێوارەیەکیان من تۆم بینی کە لەسەر ئەرزی هۆڵی نانخواردنە گەورەکە بەسەر کارەکەرەکەوە بوویت... من گڵۆپەکەم داگیرساند و ئێوەم بینی - تۆ ڕاکشابوویت و ئەتگا... من ناهەقت ناگرم - بۆچیش ناهەقت بگرم، باوەڕناکەیت - من گوێ

نادەمە ئەوە ـ ئاسان نەبووە بۆ تۆ کە بەبێ دایکم بیت، بۆ ماوەیەکی زۆر بێ ئەو بیت... ئەوە کەی بوو، چوار ساڵە؟ ئەو چوار ساڵ بوو لە خەستەخانە کەوتبوو؟ سەرباری ئەوەش دەبێت ئەوە بۆ تۆ زۆر قورس بووبێت...

**باوک:** ئەوە تۆ ئەڵێی چی؟ ئەوە تۆ باسی چی ئەکەیت؟ من هەفتەیەک پێش مردنی دایکت لەگەڵ کارەکەرێکدا ڕامبواردبێت؟ تۆ ئەزانیت شەرم چییە؟ بیر لەوە بکەرەوە کە چی ئەڵێیت؟ من هەرگیز خیانەتم لە دایکت نەکردووە! هەرگیز خیانەتم نەکردووە.

**کوڕ:** بینیمیت.

**باوک:** من هەرگیز خیانەتم نەکردووە، من هەرگیز وام نەکردووە... (پشوو) ئەوە تۆ ئەڵێی چی! تەریق نابیتەوە! بەڕاستی تۆ ئەتەوێت من بە چی تاوانبار بکەیت؟

**کوڕ:** بەڵام من تاوانبارت ناکەم... ببوورە، نازانم بۆچی ئەوەم باس کرد... من نامەوێت تۆ دووچاری ئەو خەمە بکەم... تۆ بۆچی تەنیا لەئاستی ئەمەدا ئەوەندە هەستیاریت.

**باوک:** من تێناگەم کە تۆ باسی چی ئەکەیت.

**کوڕ:** نەخێر، تۆ منت نەبینی... تۆ یان سەرخۆش بوویت یان هیلاک بوویت. ڕەنگە ئەو منی بینیبێت ـ نازانم ـ بەڵام ئەو جورئەتی هیچ شتێکی نەئەکرد.

**باوک:** کێ بوو ئەو؟

**کوڕ:** تۆ ئەوەت بیرناکەوێتەوە؟

**باوک:** نەخێر، لەبیرم نییە، لەبەر ئەوەی کە ڕاست نییە ـ ئەوە شتێکی



مەحاڵە کرابێت... ئەوە دژوارترین تاوانبارکردنە.

**کوڕ:** بۆچی؟

**باوک:** لەبەرئەوەی هەرگیز من کارێکی لەو چەشنە دەرهەق بە ئیلین ناکەم.

**کوڕ:** بەڵام خۆ تۆ ئارەزووی سێکسی خۆت لەدەست نادەیت تەنیا لەبەرئەوەی دایکم دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە بووە؟

**باوک:** با، لەدەستم دابوو... دەنا ئەبوو لەگەڵ کێ بمکردایە؟

**کوڕ:** ئەو ژنە خنجیلانەیە ـ بیرم ناکەوێتەوە ناوی چی بوو. تازە دامەزرابوو، ئەشێ تۆزێک بێ عەقڵ بووبێت. لای ئەو ئاشپەزە کاری دەکرد کە خۆراکی ساردی ئامادە ئەکرد.

**باوک:** مەرگەرێتا؟ تۆ مەبەستت مارگەرێتایە؟

**کوڕ:** ناوی ئەوە بوو؟ قژڕەشێکی بچووک بوو؟

**باوک:** ئا، ڕاستەکەیت، مارگەرێتا بوو.

**کوڕ:** ئێ، کەوابێت ئەو بوو.

**باوک:** تۆ خۆت هەڵئەخەڵەتێنیت...

**کوڕ:** نا بۆ.

**باوک:** من هیچ شتێک دەربارەی ئەمە نازانم کە قسەی لێ ئەکەیت!

**کوڕ:** باوکە...

**باوک:** (گرژو مۆن دیارە) بەڵێ، چیت ئەوێت؟

**کوڕ:** تۆ ناتوانیت بۆ تۆزێک بچیتە ژوورەکەت؟

**باوک:** بۆچی؟

**کوڕ:** ئەمەوێت بە تەنیا بم.

**باوک:** هەڵبەتە ئەتوانم، بێگومان.

**کوڕ:** تەنیا تۆزێک.

**باوک:** باشە ئەتوانم، هەر ئێستا ئەڕۆم.

**کوڕ:** سوپاس.

**باوک:** ئەتویست چی بکەیت؟

**کوڕ:** هیچ شتێک. تەنیا ئەمەوێت کەمێک بە تەنیابم.

**باوک:** ئەی تۆ زۆر تەنیا نیت؟

**کوڕ:** نا، بەهیچ شێوەیەک...

**باوک:** پێم وایە کە...

**کوڕ:** پێت وانەبێت.

**باوک:** ئێریک...

**کوڕ:** بەڵێ، بابە...

**باوک:** دەبێت من پرسیاری شتێکت لێ بکەم.

**کوڕ:** ناتوانیت چاوەڕێ بکەیت؟

**باوک:** ئەتوانم بە شتێک کۆمەکت بکەم؟ تۆ پێ ئەچیت زۆر خەمبار بیت.

**کوڕ:** نا من وانیم.

**باوک:** ئاوا بەم شێوەیە بیرت لە ژیانی خۆت کردۆتەوە؟

**کوڕ:** چۆن چۆنی؟

**باوک:** ئا ئاوا؟

**کوڕ:** نا، ژیانم لەوە باشترە کە من خۆم تەمەنام ئەکرد، چونکە ئەمەی کە ئێستا هەیە واقیعە... من هیچ وەختێک نەمتوانیوە ئاواتیش



بخوازم کەسێکم ئاوا خۆشبوێت وەکو ئێستا کە خۆشم ئەوێت...

**باوک:** کێ؟ کێت خۆش ئەوێت؟

**کوڕ:** نامەوێت بیڵێم.

**باوک:** تۆ هەرگیز ناتەوێت هیچ شتێک بۆ من باس بکەیت.

**کوڕ:** نەخێر، بەهیچ شێوەیەک.

**باوک:** ئێ بۆچی؟ ... ئێریک؟ تۆ بۆچی منت خۆش ناوێت؟

**کوڕ:** بەس تۆ وازم لێ بێنیت من باشتر ئەبم... با من تۆم خۆش ئەوێت... من توانای قبوڵکردنی ئەم جەوەم بۆ ناکرێت لە ترس و لەرزی کۆنەخوازانە، کە تۆ ئاراستەی منی ئەکەیت و خۆشت لێوان لێویت لێی. ترسی تۆ و بیرکردنەوە لە شکستخواردن لەناخمدا وەکو تەورێک هەڵواسراوە.

**باوک:** لەوە ئەچێ تۆ بتەوێت من بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە؟

**کوڕ:** نا وانییە ـ چیت پێ خۆشە وابکە. من ئەمەوێت بۆ کەمێک بەتەنیابم.

**باوک:** ئەچمە ژوورەکەی خۆم. ئێستاش هەر سەرچەفەکان شێدارن. ئەتوانیت گەرماییەکە داگیرسێنیت؟

**کوڕ:** خاوەن ماڵەکە کاتێک دای ئەگرسێنێت کە ساردبێت.

**باوک:** من پێم وایە ناو ماڵەکەت مۆبیلەی زۆر کەمە.

**کوڕ:** لەوە زیاترم ناوێت.

**باوک:** نەخێر، کاتێک ئینسان تەنیا بێت ئەتوانێت کاری خۆی مەیسەر بکات بەڵام ئەمەی تۆ ڕەنگە کەم بێت.

**کوڕ:** پێموایە تا پایز ئەگەڕێمەوە بۆ ئوتێلەکە، بابشزانم چۆن دەبێت.

**باوک:** بەڵام ئەی ئەوە گرانتر نییە؟

**کوڕ:** نا، بڕوا ناکەم. لێرە تەنیا کرێی نیشتەجێبوون ڕۆژی پانزە کرۆنم لەسەر ئەکەوێت.

**باوک:** تۆش هەر ئەوەندە بەکارئەهێنیت؟

**کوڕ:** هەندێک جار رادکە لەو ژوورەی تەنیشتی چێشتخانەکە ئەخەوێت.

**باوک:** بەڵام دەنا تۆ تەنیایت؟ ... بۆچی ناگوێزنەوە بۆ لای یەکتریی؟

**کوڕ:** ئەمەوێت بەتەنیا بژیم.

**باوک:** بەڵام لەوێ هەست ئەکەیت لە ماڵی خۆتی، لە میوانگەکە ـ هەست ئەکەیت کە لە ماڵدایت. من ناتوانم بێم بۆ ئەوێ و سەرت لێ بدەم. من پارەی ئەوەم نییە.

**کوڕ:** من ماڵم ناوێت.

**باوک:** ناتەوێت؟ هیلاک بوویت لێی؟

**کوڕ:** بۆ هیچم هەبووە؟ ... کەی ئێمە ماڵمان هەبووە؟

**باوک:** با زۆرت هەبووە! چەند دانەیەکیش.

**کوڕ:** هیچ کاتێک ئێمە چەند ماڵێکمان نەبووە.

**باوک:** ئەزانم کە تۆ پێت وایە. (پشوو) ئەی کەوایە بۆچی ئەم شوقەیەت پەیداکرد؟

**کوڕ:** نازانم، بەڵام پێمخۆش نییە.

**باوک:** ئەوەی کە تۆ دڵت پێی خۆش نییە چییە؟... خانوو دەبێت چی بکات بۆ تۆ. من تەمەنام ئەکرد بمتوانیایە لە گەراجێکدا بژیم بەڵام هاوئاهەنگ بوومایە.

**کوڕ:** کوانێ فۆتۆکە؟



**باوک:** کام فۆتۆیە؟

**کوڕ:** ئەوەی ڕادکە.

**باوک:** من نازانم.

**کوڕ:** بمدەرەوە.

**باوک:** بە من نییە.

**کوڕ:** بمدەرێ!

**باوک:** بە من نییە.

**کوڕ:** تۆ بردت.

**باوک:** نەخێر من نەمبردووە. بە من نییە. لەویادا لە شوێنێک دامنا.

**کوڕ:** بمدەرەوە.

**باوک:** باشە بۆ چیتە؟ تۆ بەهیچ شێوەیەک پێویستت پێی نییە.

**کوڕ:** من ئەمەوێت، بیدەرەوە دەستم. نامەوێت زایەی کەم.

**باوک:** بەڵام...

**کوڕ:** وێنەکەم بدەرەوە!

**باوک:** وتم، نا.

**کوڕ:** بمدەرەوە!

**باوک:** نەخێر، تۆ پێویستت پێی نییە.

(کوڕەکە چاکەتەکەی باوکی ئەپشکنێ، باوکەکە هەوڵ ئەدات بەرگری لەخۆی بکات، بەرگی چاکەتەکە ئەدڕێت، هتد، جزدانەکەی ئەکەوێتە سەر ئەرزەکە و کوڕەکە هەڵی ئەگرێتەوە ـ جزدانەکە تەنک و پواوە ـ لە ناو چەند وێنەیەکی تردا لە وێنەکە ئەگەڕێت کە کەوتوونەتە خوارەوە)

**باوک:** تۆ عاقڵ نیت... واز لەو وێنانە بێنە! ئەوانە هی منن!

**کوڕ:** دەستیان بۆ نابەم.

**باوک:** دەستیان بۆ مەبە!

**کوڕ:** ئەم وێنەیە چییە؟

**باوک:** نازانم! پێم وتی دەستیان بۆ مەبە! (دەست ئەکات بە گریان)

**کوڕ:** ئەوە منم؟

**باوک:** ئا، ئەوە تۆیت.

**کوڕ:** بۆچی لای خۆت پاراستووتن؟

**باوک:** هەموو دایک و باوکێک ئەوە ئەکات.

**کوڕ:** ئەوە منم؟ (وێنەکەی پیشان ئەدات)

**باوک:** ئا، لەویادا تۆ دوو ساڵیت.

**کوڕ:** ئەمەشیان هەر منم؟

**باوک:** هەموو وێنەکان هەر تۆیت، بۆ نایبینیت؟

**کوڕ:** من چەند ساڵم لەویادا؟

**باوک:** لە پشتەکەی نووسراوە ـ تەمەنت هەشت مانگە لەویادا.

**کوڕ:** چ وێنەیەکی ناشیرینە.

**باوک:** پێت وایە؟

**کوڕ:** نەخۆش دیارم.

**باوک:** نا نەخۆش نیت، پێم وانییە تۆ قەت نەخۆش کەوتبیت.

**کوڕ:** ئەی ئەمەیان، ئەمەیان کێیە؟

**باوک:** ئەوەش تۆیت ـ لێرەدا شەش ساڵیت، تازە دەست بە قوتابخانە ئەکەیت.





**کوڕ:** من ڕەنگ و ڕووم ئاوا بوو؟

**باوک:** ئا، تۆ ئاوا بوویت... ڕەنگ و ڕوخسارت زۆر ئاسایی دیارە.

**کوڕ:** من قەت ئەمانەم نەبینیوە.

**باوک:** قەت نەتبینیون؟

**کوڕ:** نەخێر.

**باوک:** من یاریت لەگەڵ ئەکەم.

**کوڕ:** ئەتەوێت بڕۆیت بۆ کار؟

**باوک:** ئا، لە وێنەکەدا وادیارە... ڕەنگە لە کار گەڕابێتمەوە.

**کوڕ:** بە چاکەت و پانتۆڵەوە؟

**باوک:** ئەوە سمۆکین نییە؟ زەحمەتە بزانیت ئەوە سمۆکینە یاخود چاکەت و پانتۆڵە. لە کاتێکدا کە تەنیا هەر پشتم دیارە.

**کوڕ:** چ پانتۆڵێکی پان و خەتخەتە. لەویادا تەمەنت چەندە؟ کێ وێنەکەی گرتووە؟ دایکم؟

**باوک:** هیچ بیرم نەماوە.

**کوڕ:** ئەمە ماڵەوەیە؟

**باوک:** مەبەستت لای خۆمانە؟

**کوڕ:** ئا.

**باوک:** پێم وایە... ئەی ئەو فەرشەمان نەبوو؟ زۆر دەمێکە.

**کوڕ:** ئەی لێرەدا، لە قوتابخانەی گەلییت ـ کامەیان منم؟

**باوک:** لەویا زۆرباش دیارە، ئەو بلووز خەتخەتە... بەڕاست ئەوە تۆیت.

**کوڕ:** نا، ئەوە من نیم. ئەوە ئەلبێرتە.

**باوک:** ئەوە ئەوە؟ ئا، ڕەنگە ئەوبێت. ئێوە زۆر لەیەک ئەچن.

**کوڕ:** بەهیچ شێوەیەک لەیەک ناچین... هەرگیزیش لەیەک نەچووین.

**باوک:** با لەیەک ئەچوون... ڕەنگە ئێستا زۆر لەیەک نەچن. لەم ساڵەی دواییدا هیچ هەواڵێکم لەوەوە پێ نەگەیشتووە ـ تۆ هیچ هەواڵێکی ئەزانیت؟

**کوڕ:** نەخێر. (پشوو) وێنەکانت بەرەوە. ئەمەیان من هەڵی ئەگرم. جارێکی تر وێنەیەکت ئەیەمێ.

**باوک:** وەعد ئەیەیت؟ سوپاس. بە دڵ ئەمەوێت پیشانی بیمیلسی بدەم.

**کوڕ:** بۆچی؟

**باوک:** وێنەیەکی کچەکەی هاوڕێت ـ ئەی بەڕاست پیشانیان نەیەم؟

**کوڕ:** ئەو کچی من نییە.

**باوک:** وانییە؟ بەڵام خۆ تۆ زۆرت خۆش ئەوێت؟ تۆ خۆت وتت کە خۆشت ئەوێت؟

**کوڕ:** ئا، بەڵام ئەو کچی من نییە ـ ئێمە تێڕوانینمان وانییە.

**باوک:** بەتەما نەبوویت ئەمڕۆ ڕیشت بتاشیت؟

**کوڕ:** لەبەر خاتری تۆ؟

**باوک:** من هەموو بەیانییەک سەعات پێنج ڕائەبم و ڕیشم ئەتاشم.

**کوڕ:** ئاوا زوو خەبەرت دەبێتەوە ـ باشە بۆچی؟

**باوک:** چیتر ناتوانم بخەوم ـ ئەوە خوویەکە و پێیەوە گرتوومە، ئەگەر پیاو بۆ ماوەی چل ساڵ هەموو بەیانییەک سەعات پێنج خەبەری بێتەوە ئیتر ئاسان نییە خۆی لە جێگادا بگرێت و هەڵنەستێت.

ئەی ئەمڕۆ خۆ ئاوا ناچیت بۆ کار؟



**کوڕ:** من ئەمڕۆ پشووم هەیە.

**باوک:** ئادەی با پەنجەکانت ببینم؟ (دەستێکی کوڕەکەی ئەگرێت) نینۆکەکانت ئەکرۆژیت؟ خزمەتکارێک نابێت نینۆکی ئاوای هەبێت، ژێر نینۆکەکانی پڕ بێت لە چڵک. کەس ئەمەی پێ نەوتوویت؟

**کوڕ:** نا.

**باوک:** ناشیرینە، پیسە.

**کوڕ:** پێت وایە؟

**باوک:** ئەی میوانەکان ئەڵێن چی؟

**کوڕ:** بۆ دەبێت ئەوان بڵێن چی؟

**باوک:** ئەمە پیس و پۆخڵییە. من بەهیچ شێوەیەک ڕێ نادەم ـ کە خزمەتکارێکی وەکو تۆ نینۆکێکی ئاوای هەبێت و خواردنم بۆ دابنێت، نینۆکی ئاوا قرتێنراو و بۆر هەڵگەڕاو ـ دەبێت بە بڕبەنێک ڕێکیان کەیت، من لە جانتاکەمدا یەکێکم پێیە، ئەم جۆرە جگەرەیەش مەکێشە... من نامەوێت خزمەتکارێکی وەکو تۆ بەم سەرو ڕوخسارەتەوە کە دیاریت خزمەتم بکات. ئەی تۆ شپرزەیت؟

**کوڕ:** نا، هەرگیز.

**باوک:** با تۆ هەمیشە شپرزە بوویت... تۆ سەیری قاچەکانت بکە ئەوانیش هەروان؟

**کوڕ:** من نینۆکەکانم ناکرۆژم، ئەگەر مەبەستت ئەوە بێت.

**باوک:** پێش هەر شتێک ئەوەی ئەم کارە ئەکات دەبێت ئاگای لە قاچەکانی و پشتی بێت.

**کوڕ:** وایە.

**باوک:** ئاگات لە جومگەکانی ئەژنۆت بێت ـ دەنا تووشی ئازارێکی بێ ئەندازە ئەبیت... من جارێک تووشم بووە، ئەو سەروەختە پەنسلین نەبوو ـ بەزەحمەت دەمتوانی لەسەریان بوەستم، سەرباری ئەوەش ناچاربووم بەو ئازارەوە لە ئاهەنگێکی شایگێڕاندا خزمەتی حەفتا کەس بکەم.

(پێڵاوەکان و گۆرەوییەکانی لە پێی دائەکەنێت، قاچی پیشان ئەدات)

سەیرکە، هەردوو قاچم بەتوانا و بەهێزن، وەک ئەوکاتەی کە گەنج بووم... خەڵکی نازانن کە من بۆ ماوەی نزیکەی پەنجا ساڵ خزمەتکار بووم، نزیکەی پەنجا ساڵ، وانییە؟ پێمەوە دیارنییە وانییە؟

**کوڕ:** نا، ئەگەرچی تا ئێستاش جوانن.

**باوک:** فرەباشن. تۆ دڵخۆشی بە کارەکەت؟

**کوڕ:** هەتا ئەوکاتەی بڕیکات.

**باوک:** تۆ هیچ پەرۆشییەکت نییە ـ مەبەستم ئەوەیە کە بەردەوام بیت؟ بیرلەوە ناکەیتەوە بگەڕێیت بەدوای چێشتخانەی قوتابخانەیەکدا؟

**کوڕ:** نەخێر.

**باوک:** من هیچ کاتێک هێندەی ئەوکاتە شپرزە نەبووم کە دەستم بە کار کرد، ئینسان گەر گەنج بوایە لە پەلوپۆ ئەکەوت. من ئەوکات تەنیا شانزە ساڵ بووم. ئەگەر باوکم نەمردایە لەسەر دین ناسی بەردەوام ئەبووم و وەک ئۆگن ئەبوومە کەشیش. ئەو



ساڵە بوو کە ئینگمارد دەستی بە خوێندنی ئامادەیی کرد. خۆ تۆ ئەزانی ئێمە شەش منداڵ بووین، چوار کوڕ و دوو خوشک؟ هەروا ئاسان نەبوو... گوێت لێمە؟

من ئەم پیشەیەم نەئەویست، بەڵام مەجبور کرام کە بیکەم، هێندە کار نەبوو تا یەکێکیان لەناویاندا هەڵبژێریت. تا ڕادەیەک ئەمە دڵداکەوتنێک بوو بۆ من کە خۆمم بۆ یەکەم جار لەویادا بینییەوە... پێشتر هیچ کارێکم نەکردبوو... لەلایەکەوە، ئینسان ڕێکەوتی بینینی زۆر ئینسانی ئەکرد، زۆر بەرازباوک... بەڵام ئێستا ناتوانن چۆنیان بوێت وا لەگەڵتاندا هەڵسوکەوت بکەن... ئێوە ئێستا نەقابەتان هەیە... تۆ لەگەڵ نەقابەدایت؟ لەلایەکی تریشەوە ئێستا زۆر کاری لەوە خراپتر هەیە ـ دەبێت چ کارێکیان دایتێ وەری بگریت و مەمنوونیش بیت.

**کوڕ:** نا... هیچ کام لەوانەی کە لەوێ کار ئەکەن لەگەڵ نەقابەدا نین.

**باوک:** ئێ بۆچی؟

**کوڕ:** لەبەرئەوەی چێشتخانەیەکی ڕاستەقینە نییە... پێم وانییە گەر ئێمە لەگەڵ نەقابەدا بین بتوانین لەسەر کارەکەمان بمێنینەوە.

**باوک:** کارمەندەکان گەنجن؟

**کوڕ:** تاڕادەیەک... بەڵام کاتییە.

**باوک:** بەڕاست، چێشتخانەیەکی لەو جۆرەیە.

**کوڕ:** هەمان مشتەریشن کە دێن.

**باوک:** بەڵام چێشتخانە گەورەکان، ئوتێلەکان، شتێکی ترن. (وەک ئەوەی خەو ببینێت) ـ هەر کارمەندە و کاری خۆیی هەیە، یەکجێی یەکتری ئەگرێتەوە ـ وەک ئەو بەلەمانەی لە بەندەرەکاندا

یەک لەدوای یەک خواردن ئەکرن و ئەڕۆن.

**کوڕ:** ئا، ئێمە لە ئێستادا ئەو هەستەمان نییە.

**باوک:** نەخێر، تێئەگەم، ئەوە بۆ ئەمڕۆ زۆر گرانە. (پشوو) سەیری ئەمەبکە، ئەمە وێنەیەکی منە، کاتێک لە ئەتڵەنتیک خزمەتم کردووە ـ لەویادا بیست و یەک ساڵم، ئەیبینیت، بیست و دوو کەس بووین.

**کوڕ:** ئەوە چییە لەبەرتا؟

**باوک:** ئەوە جۆرێکە لە بەروانکەی خزمەتکردن، خەتخەتە... لەویادا تەنیا ئەوانە کردوویانە بە بەرۆکیانەوەیە کە لە هۆڵی خواردنی پلە سێ خزمەتیان کردووە. من لەوێوە دەستم پێ کرد.

**کوڕ:** ناتناسمەوە.

**باوک:** نا، ئەوکات گەنج بووم.

**کوڕ:** ڕوخسارت ئەناسمەوە.

**باوک:** چ دەربڕینێک؟

**کوڕ:** بەهەڵەداوان ئەڕۆیت بەڕێدا و سیمایەکی قیتت هەیە، ڕیاکاریش لەناو دڵتایە...

**باوک:** من ڕیاکار نەبووم... ئەودەم گەنج بووم، ناچاربووم سەرنجی میوانەکانی ناو هۆڵی پلە سێی نانخواردنەکە بەلای خۆمدا ڕابکێشم، لەوێ ئینسان زۆرترین بەخشیشی دەست ئەکەوت... ئەمانتوانی تەنیا لە دالآنی خزمەتکردنەکاندا پشوو بدەین...

**کوڕ:** بۆماوەی ناو پەرداخەکانیشتان ئەخواردەوە.

**باوک:** (پێئەکەنێت) بۆماوەکانمان کۆ ئەکردەوە تا زۆر ئەبوو، چەند



ناخۆش بوو... دواتر هەڵمان ئەقوڕاند.

**کوڕ:** ئێستا کەس یەک چۆڕ لە دوای خۆی ناهێڵێتەوە.

**باوک:** مەشروب ئەوەندە گرانە ئینسان مەگەر شێت بێت لێی بمێنێتەوە. (پشوو) وتت، ئەو کەی دێت، کچەکە؟ دیسانەوە ناوەکەیم لەبیرچۆوە. ناوی چییە؟

**کوڕ:** ڕادکە.

**باوک:** ئا، کەی ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ؟ خۆش دەبێت ببینم.

**کوڕ:** ئاگادار نیم.

**باوک:** پێویست ناکات تۆ ئەوەندە نەیاربیت لەگەڵ من.

**کوڕ:** با، پێویستە وابم، ئەگەر وانەبم تۆ تێناگەیت... تۆ تەنیا ئەوکاتە تێئەگەیت کە سووکایەتی پێکردن و سەرزەنشت دەخزێتە ناوتەوە. تۆ تەنیا ڕواڵەت ئەبیستیت.

**باوک:** دە باشە ببوورە.

**کوڕ:** داوای لێبووردن مەکە.

**باوک:** کەواتە تۆ هیچ لەو بارەیەوە نازانیت ئەو کەی دێت؟ ڕەنگە ئێستا نا تۆزێکی تر لەپڕ پەیدابێت؟

**کوڕ:** نا، هێندەش فێڵزان نییە... ئەوان درەنگانێک تەواو ئەبن. دواهەمین نومایشت نزیکەی یانزە و نیو تەواودەبێت، وە لەبەر ئەوەشی کە دواهەمین ئێوارەی کاری ئەوە لەوە ئەچێت کەمێکی پێی بچێت هەتا ئەگاتەوە ماڵێ... ڕەنگیشە ئاهەنگی ماڵئاواییشیان هەبێت. تەمەنا ئەکەم بمێنێتەوە.

**باوک:** نەدەکرا تۆش بەشداربیت؟

**کوڕ:** نەخێر!

**باوک:** ئاوا هاوارمەکە... (پشوو) ئێوە ڕاهاتوون چی بکەن کە ئەو ئەگەڕێتەوە ماڵێ؟ وائەکەن پێکەوە بگەنەوە ماڵێ.

**کوڕ:** هەندێک جار.

**باوک:** کاتێک من و ئیلین پێکەوە کارمان ئەکرد، پێش ئەوەی کە تۆ لەدایک بیت من مەجبوور بووم لە سێ چێشتخانە کاربکەم - سەعات پێنج و نیوی بەیانی ئەگەیشتمەوە ماڵێ، تەباخەکەم دائەگیرساند، بۆئەوەی گەرم و وشک بێت بۆ ئەو کاتەی کە ئیلین لەخەو هەڵئەستا، بەڵام هەندێک جار تەنیا لە ویستگەکە یەکتریمان ئەبینی، کاتێک کە من لەکار ئەگەڕامەوە و ئەو ئەچوو بۆ سەر کاری خۆی - سەعات یانزە مەجبوور بووم سەرلەنوێ لەخەو هەستم بۆئەوەی سەعات دوانزە کاتی کردنەوەی چێشتخانەکە لەوێ بم و پێشوازی میوانانی نانی نیوەڕۆ بکەین، دواتریش کارم ئەکرد تا سەعات سێ تا کاتی بەسەرچوونی نانخواردنی نیوەڕۆ، دوای ئەوە فرتەم ئەکرد و ئەچووم بۆ ڕوسنباد کە سەعات چوار ئەکرایەوە، لەوێش تا سەعات دوانزە کارم ئەکرد، ئیدی میوانە دڵخۆشەکان ئەهاتن ئەوانەی کە لە شانۆگەری و سینەما یان شوێنێکی لەو چەشنە بوون، سەعات دوانزە تەکسیم ئەگرت و ئەچووم بۆ بلانچ - یانەیەکی شەوانە بوو لەوێ سەرلەبەری شەو کارم ئەکرد تا سەعات چواری بەیانی... ئاوا بەدرێژایی جەنگ بۆ ماوەی چوارساڵ ئەو هەموو ڕەنجەم کێشا، ئاسان نەبوو... بۆ ئەوەی کەشتی جەنگ بگەیەنینە بەندەری ئارام... من نازانم چۆن بە



پێوە ماوین... کاتێکیش ئەهاتمەوە ماڵەوە زۆرینەی کات تۆ پاڵ کەوتبوویت و ئەتقیژاند بۆیە ئەمکردیتە باوەشم و ئەمگەڕاندیت تا خەوت لێ ئەکەوت.

**کوڕ:** ئەی دایکم نەی ئەتوانی ئەوە بکات؟

**باوک:** هەڵبەت ئەیکرد، بەڵام ئەو تاڕادەیەک ماندوو بوو هەر دوای لەدایکبوونی تۆش دایە کزی، لەبەر باری ئابووریش ئەو مەجبوور بوو هەر دوای لەدایکبوونی تۆ بەماوەیەکی کەم دەست بکاتەوە بەکار، تەنیا چەند مانگێک دوای لەدایکبوونی تۆ... تۆ دایەنت هەبوو... چەند دانەیەکت هەبوون. نەمان ئەتوانی بیانهێڵینەوە.

**کوڕ:** بۆچی نا؟

**باوک:** تۆ زۆر وڕکن بوویت - لە ئێستا زۆر جیاوازتر بوویت - تۆ گۆی مەمکی هەموویانت گەزیبوو. (پێئەکەنێت)

**کوڕ:** بەڕاست کاتێک کە من منداڵ بووم ئێوە چیتان لە من کردووە ؟ ... من لەبیرم نییە. میهرەبان بوون بەرامبەرم؟

**باوک:** بێگومان ئێمە لەگەڵ تۆدا میهرەبان بووین! بۆچی دەبێت وا نەبووبین؟ خۆت بیرت نایەت؟ هیچ شتێکی منداڵیت لەبیر نەماوە؟

**کوڕ:** نەخێر.

**باوک:** تۆ منداڵییەکی باشت هەبوو... کاتێک دایکت مرد داوای لێ کردم ئاگام لێت بێت... چۆن دەبێت من خراپ بووبم لەگەڵتا کە تۆ هەمیشە پاڵپشتێکی باش بوویت بۆ من، بۆ دەبێت من کەسێکی نائینسان و بڵح بووبم لەگەڵ تۆدا... هیچ نرخێکم

نەبێت بۆ تۆ... ئەرێ من وام؟

**کوڕ:** من بیرم نایەت... هیچم بیرنایەت... هیچ هەستێکی ئەو کاتەم بیر ناکەوێتەوە، هیچ ئێشێک، گوێڕایەڵییەک، هیچ شتێک، نە خەمی تەنیایی و نە پێکەوەیی... هەموو شتێک گوزەشت، ئەگەر لە بنەڕەتیشدا هەر هەشبووبن. لە کاتی لێکۆڵینەوە بۆ چوونە سەربازی دکتۆرێکی دەروونی لێی پرسیم ـ بەکۆمەڵێک لێپێچینەوە و بەدواداچووندا تێپەڕیم ـ کە ئایا هیچ جۆرە هەوەسێکی سێکسیم بەرامبەر باوکم هەیە، واتا بەرامبەر بە تۆ...

**باوک:** نەفرەت... چی کرد ئەو، پرسیاری چی لێ کردیت؟ مەبەستی لەو پرسیارە چی بوو؟

**کوڕ:** تێنەگەیشتم مەبەستی چی بوو... بێگومان وەڵامی نەخێرم دایەوە... بەڵام ئیستا لە پاشەملە ئەوەم لا سەیرە و ئەو شتەشم لا ڕوون و ئاشکرایە، ئەی وانییە؟... دەبێت هەستێکی وام هەبووبێت بۆ تۆ، ئەی وانییە؟ هەندێک هەستی جدی، هەست بە خولیایەکی سێکسی یان حەزلێبوون... نەئەبوو ئەوەم ببوایە؟

**باوک:** ڕاست و ڕەوان ئەوەی تۆ دەیڵێیت زۆر قێزەونە ـ من نامەوێت چیتر قسە لەسەر ئەمە بکەیت ـ نامەوێت لەوە زیاتر گوێم لێ بێت ـ پیاوی چاکبە و بیبڕەرەوە.

**کوڕ:** هیچی ترم نەماوە بیڵێم ـ بەهەرحاڵ ئەبوو بەلایەنی کەمەوە هەستێکی سەرسامیم بەرامبەر بە تۆ هەبووایە، هیچ نا لەبەر ئەوەی کە تۆ لە من زەلامتریت... ئەی نەئەبوو هەمبوایە... یاخود ترسێکم هەبوایە لێت؟ من هیچ کاتێک لە تۆ نەترساوم.



**باوک:** نەترساویت؟

**کوڕ:** نەخێر، هەرگیز. (پشوو) زیاتر لەوە ئەترسام کە من شتێک بەرامبەر بە تۆ بکەم ـ من لەوە ترسابووم عەزێتت بدەم.

**باوک:** بە چ شێوەیەک؟

**کوڕ:** مەبەستم عەزێتدانی جەستەیە.

**باوک:** گوایە تۆ...

**کوڕ:** ئا... عەزێتت بدەم، تێکوپێکت بشکێنم... من هەرگیز هەستم بە... تۆ گەیشتوویت بە چ ئامانجێک دوای ئەوەی ئەوەندە هەستت بە بێ قیمەت و سووکیی خۆت کردووە؟ ئاوا داخ لەدڵ بیت؟ ئەبوو جارێک لە جارەکان باسمان بکردایە ـ کە تۆ چۆن توانیوتە بەرپرسیارێتی بوونی خۆت لەسەر شانی خۆت لابەریت و ئەو بارە بخەیتە سەر شانی کەسانی تر. لە هەمووش زیاتر سەرشانی من... بۆچی؟

**باوک:** من وام نەکردووە.

**کوڕ:** با.

**باوک:** بیرت چووەوە من لێم پرسیت ڕاهاتوون چی بکەن کاتێک کە ڕادکە دێتەوە بۆ ماڵێ؟

**کوڕ:** شتێکی تایبەت ناکەین. زۆرینەی کات من ئەخەوم.

**باوک:** تۆ ئەخەویت کاتێک کە ئەو ئەگەڕێتەوە ماڵێ؟

**کوڕ:** ئێ خۆ من پێم وتی، ئا.

**باوک:** وایە، وایە.

**کوڕ:** یاخود ڕەنگە پێکەوە نان بخۆین، ئەگەر ئەو برسی بێت، من لەگەڵی دائەنیشم.

**باوک:** ئەرێ لەسەر باسی خواردن ـ ئەمڕۆ چی بخۆین؟

**کوڕ:** نازانم. من برسیم نییە.

**باوک:** ناتەوێت نان بخۆیت؟

**کوڕ:** چۆن نا ئەیخۆم.

**باوک:** کەواتە بۆ ناتەوێت بچیت بازاڕی بکەیت؟

**کوڕ:** نا، لەڕاستیدا بیر لەوە ناکەمەوە بچم بازاڕی بکەم.

**باوک:** مەبەستت چییە ـ ناتەوێت بچیت بازاڕی بکەیت، ئێ ئاخر هیچت لە سەلاجەکەدا نییە، هیچ دەسڕی تەوالێتیشت نییە.

**کوڕ:** وتم، نامەوێت بچم بازاڕی بکەم.

**باوک:** ئەوە تۆ ئەڵێی چی ـ یەعنی تۆ ناتەوێت بچیت بازاڕی بکەیت؟

**کوڕ:** ئەتوانیت خۆت بچیت.

**باوک:** من بەم قاچەوە بچم، بازاڕی بکەم، ؟ من بەزەحمەت ئەتوانم بڕۆم بەڕێدا... ئێریک، من ناتوانم بەسەر ئەو هەموو پێپلیکانانەدا بڕۆمە خوارەوە و سەرکەومەوە... تۆ لەوە تێئەگەیت! من نەخۆشم.

من کارەکەرێکم هەیە هەموو ڕۆژێک خواردنم بۆ دێنێتە ماڵەوە، بۆم گەرم ئەکاتەوە و بۆم دائەنێت ـ بۆئەوەی ئاسانتریش تێبگەیت، من ناتوانم بچم بازاڕی بکەم، من ڕوخسەتی نەخۆشیم وەرگرتووە.

**کوڕ:** باشە، کەواتە دەبێت من ببم بە... ئای کە ناخۆشە. من نامەوێت لەلەییت بکەم. من چیتر نە تاقەتم هەیە و نە کاتیشم هەیە ئاگام لە تۆ بێت... تۆ وەکو جاران ناتوانیت بەخۆت و



جگەرەکانت و کتێبێکەوە بێیتە ئێرە و بۆ ماوەی چواردە ڕۆژ دایکوتی، دواتریش لێپرسینەوەم لەگەڵ بکەیت. ئەگەر هەر چ خواردنێکت ئەوێ ئەوا خۆت بچۆ بیکڕە و دواتریش بۆ خۆتی لێبنێ. من بۆ خۆم هەرچ کاتێک تاقەتم هەبوو ئەو کاتە نان ئەخۆم.

**باوک:** ئەوە بە ڕاستە؟

**کوڕ:** ئا، بێگومان ـ دەنا بۆ وائەڵێم.

**باوک:** بە مەبەستەوە وائەڵێیت؟

**کوڕ:** ئا، بێگومان.

**باوک:** کەواتە من ئەڕۆمەوە بۆ ماڵێ، من ئەمڕۆ ئەڕۆمەوە بۆ ماڵێ!

**کوڕ:** باشە، بڕۆ.

**باوک:** تۆ شێت بوویت؟

**کوڕ:** نەخێر.

**باوک:** هەرئاوا...

**کوڕ:** ئا.

**باوک:** بەڵام ئێریک تۆ تێناگەیت... قاچم... ئەگەر بشمەوێت و ساخیش بم، هێشتا ناتوانم بچم... تۆ تێناگەیت؟

**کوڕ:** من نامەوێت لەسەر ئەمە گفتوگۆت لەگەڵ بکەم، ناشمەوێت تێبگەم، نامەوێت مل بۆ ئەوە بەم کە تۆ ئەیڵێیت. ئەتوانیت ژیانی خۆت لای من بەم شێوەیە ڕێک بخەیت... تۆ میوانی من نیت... دەبێت ئەوە بکەیت کە ئەتوانیت بیکەیت بۆئەوەی کاتی مانەوەت لای من بەباشی بڕوات... دیارە ئەمە نیشانەی ئەوە

نییە کە ئیتر من تۆم گرتە خۆم واتا حەزم لێت بێت... لەمەودوا من ئەوە ناکەم. چیتر من تۆ ناناسم. من نامەوێت تۆ بناسم، ئەگەر بێت و خۆت نەگۆڕیت تا شایستەی ئەوە بیت لێرە بمێنیتەوە.

**باوک:** باشە با وابێت... کەواتە ئێستا چی بکڕم؟ چیت ئەوێت؟

**کوڕ:** من هیچ شتێکم ناوێت... خۆت چیت پێ خۆشە ئەوە بکڕە؟

**باوک:** بۆ هەردووکمان؟

**کوڕ:** ئا بەڵێ.

**باوک:** شتێکی تایبەتت ئەوێت؟

**کوڕ:** نەخێر.

**باوک:** ماسی یان گۆشت؟ بۆ ئەو کچەش بکڕم؟

**کوڕ:** ئا، بیکڕە.

**باوک:** دەسڕی تەوالێتیش؟

**کوڕ:** بۆ نیمانە؟

**باوک:** ئەی پێم نەوتیت. من ناتوانم بە ڕۆژنامەی ئێواران خۆم بسڕم.

**کوڕ:** کەواتە بیکڕە.

**باوک:** جگەرەت پێویستە؟

**کوڕ:** ئەتوانم خۆم بیپێچمەوە.

**باوک:** هیچ شتێکی تر؟ قاوە؟

**کوڕ:** بۆ ئەویش تەواوبووە؟

**باوک:** نازانم، ئەبوو خۆت باش بتزانیایە.

**کوڕ:** بگەڕێ بەدوایا، زەحمەت نەبێت.



**باوک:** تۆ بەڕاستی ئەتەوێت بەم کەش و هەوایەی کە لەدەرەوە هەیە بڕۆم و بازاڕی بۆ تۆ بکەم؟

**کوڕ:** نەخێر، من تەنیا ئەڵێم بیرم لەوە نەکردۆتەوە بچمە دەرێ ـ ئەتوانم هەندێک هێلکە بخۆم. تۆ خۆت ئەتەوێت چی بخۆیت زەرەیەک بەلای منەوە گرنگ نییە. باشە خراپی ئەم کەش و هەوایە چییە؟

**باوک:** شێدارە. تەنانەت ئەو سەرچەفەش کە لە ژوورەکەی مندایە شێی گرتووە. هێلکەت هەیە؟

**کوڕ:** ئا.

**باوک:** بەڵام من دەبێت خواردنێکی ڕێکوپێک لێبنێم.

**کوڕ:** ئێ بڕۆ بازاڕی بکە.

**باوک:** کەواتە بەو حاڵەوە ئەڕۆم. (پشوو) پارەم ئەدەیتێ... من خۆم وەزعم باش نییە.

**کوڕ:** (بەدوای پارەدا ئەگەڕێ) سی کرۆنم پێیە، بەش ئەکات؟

**باوک:** نا ئەگەر قاوەت بوێت. بۆ نازانیت ئێستا بە چەندە؟

**کوڕ:** دە کەواتە قاوەمان ناوێت.

**باوک:** قاوە زۆر خۆشە کاتێک بەخەبەر دێین.

**کوڕ:** بیخەرە سەری گەر بەشی نەکرد، بەیانی ئەتدەمەوە ئەگەر پێم بوو.

**باوک:** تۆ دڵنیایت، ئێریک... دەبێت دەستم بە یەک بەیەکی پارەکانمەوە بێت.

**کوڕ:** بەیانی ئەتدەمەوە... تۆ پارەت بۆچییە؟ بۆ بیرت لەوە کردۆتەوە کە

بێیتە ئێرە و لەسەر ورگی من بژیت تا مووچەی تەقاوتیەکەت بۆ دێت.

**باوک:** نەخێر...

**کوڕ:** کەواتە چۆن بیرت لێ کردۆتەوە؟

**باوک:** من هەمیشە ئەوەی لەسەرشانمە ئەیکەم... تۆ هەندێک پارەی من قەرزاریت.

**کوڕ:** ئەتەوێت بەم چەشنە لێم بسەنیتەوە، بەکەڵەگایی، بەم شێوەیە خۆت بەیت بەسەرما؟

**باوک:** نا، ئەگەر ناتوانیت پێویست ناکات ئێستا بمدەیتەوە.

**کوڕ:** مەبلەغێکی ئەوەندەش نییە قابیلی ئەوە بێت، ئەی وا نییە ـ بە درێژایی ژیانم هەر ئەوەم لێ قەرز کردوویت؟ من دڵنیانیم ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو پارەیەت بدەمەوە.

**باوک:** کەواتە من ئەڕۆم... بەلام پێموایە ئەمە زۆر ناخۆشە، ئێریک.

**کوڕ:** پێتوایە؟

**باوک:** ئا، بەڕاستی پێموایە... کێ شتێکی وای لەگەڵ تۆ کردووە؟ ... گۆچانەکەمت بینیوە؟

**کوڕ:** لە هۆڵەکە هەڵپەسێرراوە. لەبیرت نەچێت نەعلەکان داکەنی کە ئەچیتە دەرێ.

(باوکەکە ئەڕوات. سەر شانۆ تاریک دایەت. کوڕەکە لە جێی خۆی ئەمێنێتەوە، بەتەواوەتی تاریک دەبێت)





## بەشی دووهەم

(دوای کەمێک شانۆ ڕۆشن دەبێتەوە. رادکە هاتووە بۆ ئەوێ. پەنجەرەی سەقفەکە نیوەی کراوەتەوە. دەرەوە تاریکە. گەڵا و خەشەڵی سەر ڕووی پەنجەرەکە کە پێیەوە نووسابوون ئەکەونە خوارێ. مێزێک، سفرەیەکی سپی گەورەی بەسەرەوەیە، ئامێرێکی قەوانی لەسەر دانراوە. لەمپاکە نزیکی مێزەکەیە. سێ کورسی. لەمپایەکی داگیرساو نزیکی چەرپاکەیە. باوکەکە بە فەخفوورییەک و سینییەکەوە دێتە ژوورێ کە سێ قاپی لەسەرە.)

**باوک:** ئەمەش ئەوە؟

**کوڕ:** ئا.

**باوک:** ڕۆژباش، نازانم کە پێشتر یەکمان بینیوە... من باوکی ئێریکم.

**ڕادکە:** سلاو.

**باوک:** ڕاستەوخۆ ناتوانم تۆم بیر بکەوێتەوە، بەلام دەبێت کە من باش...

**کوڕ:** ئەمە ڕادکەیە، ئەمەش باوکمە.

**باوک:** ڕۆژباش.

**ڕادکە:** جارێکی تریش سلاو... تۆ بۆ ئەوەندە ڕەسمیت؟

**کوڕ:** ئەوە چیت لە قژت کردووە؟

**ڕادکە**: لوولم کردووە، بۆ ئەوەی جوان بێت، ئەی وا دیارنییە؟

**کوڕ**: من مەبەستم تۆیە؟

**باوک**: من؟ من هیچم نەکردووە.

**کوڕ**: ئەی ئەوە نییە ئەبریقێتەوە.

**باوک**: هیچم لێنەکردووە... تەنیا قژم داهێناوە. مەبەستت چییە؟

**کوڕ**: واش سەرنجم مەیە ـ ئەو سەیرکردنەت هیچ لە من ناگۆڕێت.

**باوک**: باشە بۆ چی؟ من سەرنجی تۆم نەداوە. ئێستا وازبێنە.

**کوڕ**: بەو چاوە بریندارە قاوەییيانەتەوە... هیچ لە من ناگۆڕێت. ئەو نیگا بێتامانەت... من گووی تێ ئەکەم گەر برینداریش بووبێت.

**باوک**: بەڵام بۆ خاتری خوا، من بریندار نەبووم...

**کوڕ**: یان ئەترسیت... تۆ لە چی ئەترسیت. ئەو تەنیا کچێکە، کچێکی تەواو ئاسایی.

**ڕادکە**: ئێ وایە...

**کوڕ**: (ڕوو ئەکاتە ڕادکە) دیارە کە ئێستا زۆرت برسییە؟ ئەگەر هەموو ئێوارەکە کارت کردبێت. بێگومان فریای نانخواردن نەکەوتوویت؟

**ڕادکە**: نەخێر... ئێوە بەتەمان نانبخۆن؟

**باوک**: ڕاستەوخۆ لە کارەوە گەڕاویتەتەوە؟

**کوڕ**: بۆچی ئەوەی لێ ئەپرسیت؟

**ڕادکە**: بەڵێ، تەکسییەکم گرت.

**کوڕ**: ئەوە چ پێوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟

**باوک**: ببوورە، تەنیا پرسیارم کرد ـ من هەرچی ئەڵێم بەهەڵە



ئەکەوێتەوە... (دەست بە چاکردنی سفرەکە ئەکات) ئەتەوێت یارمەتیم بدەیت؟

(ڕادکە کوڕەکە ماچ ئەکات)

ببوورە.

**ڕادکە**: بڕۆ تۆ هەر ئێستا یارمەتی بە.

**کوڕ**: من نەمئەزانی کە باوکم دێت بۆ ئێرە. دەنا پێم ئەوتیت.

**ڕادکە:** قەی ناکات. خۆشە باوکت ببینم. دە کەواتە ئێستا یارمەتی بە.

**کوڕ**: یارمەتی چی؟ چی هەیە من بیکەم؟

**باوک**: ئەتوانیت بڕۆیت کەرەکە بێنیت. هەروەها دەسڕ. من هەموو شتێکم لە شوێنی خزمەتکردنی چێشتخانەکەدا داناوە.

**کوڕ**: ئێمە شوێنی خزمەتکردنمان نییە... نەخێر، من نامەوێت... خۆت ئەتوانیت بیهێنیت. من نامەوێت ئەوەندە بێم و بچم.

**باوک**: ئەی نان نەخۆین؟

(بە ڕادکە ئەڵێ)

ئەبێ ئێستا تۆ زۆرت برسی بێت؟ پێکەوە نان ئەخۆین، چونکە ئەمە یەکەم ئێوارەیە من لێرەم، چاویشمان بەیەکتری کەوتووە، دائەنیشین و کەمێک پێکەوە قسە ئەکەین ـ من بەدرێژایی ئەمڕۆ ئەمهێنایە بەرچاوی خۆم کە تۆ دێیت... نارەحەتم مەکە. (پشوو) تۆ دانیشە، من ئەیهێنم. (ئەچێتە دەرەوە)

**ڕادکە**: ناتوانم یەک پاروو چییە بیخۆم ـ هەر زۆر تێرم. ئێوە چاوەڕوانتان کردم؟

**کوڕ**: ئەوە ئەو... هیچ گوێ مەدەرە ئەو. بڕۆ و ڕاکشێ ئەگەر ئەتەوێت.

بڵێ کە هیلاکیت. ئەتوانم من پێی بڵێم.

**ڕادکە:** زۆر بریندار دەبێ.

**کوڕ:** ئەو بەرلەوە بریندار بووە، ئەو هەمیشە بریندارە. پێویست ناکات هیچ حورمەتێکی لێ بگریت. باوەڕم پێ بکە.

**ڕادکە:** بێدەنگ بە، ئەوە هاتەوە.

(باوکەکە کەرەکەی خڕ کردووە و وەک تۆپی لێ کردوون، بوون بە ئاو و ئەگەری توانەوەیان هەیە)

**کوڕ:** ئەوە بۆچی وات لێ کردوون؟ ئەتەوێت بۆ یەکتری هەڵبەین؟

**باوک:** من ڕاهاتووم وایان لێ بکەم.

**کوڕ:** بۆ وا ڕاهاتوویت؟

**باوک:** نا، هەروا بۆ خۆشی وام لێ کردوون... ئاهەنگسازانە دیارن. (پشوو) ئێستا ناتانەوێت دانیشن؟

**کوڕ:** بمانەوێت دانیشین؟

**ڕادکە:** با، دائەنیشین، وەرن.

**کوڕ:** من تەنیا تۆزێکم برسییە. ئەی تۆ برسیتە، بابە؟

**باوک:** زۆر نا، پیاو وای لێ دێت تێر دەبێ کە بەدیار تەباخەکەوە ئەوەستێت ـ بە بۆنەکەی تێرئەبی... (پشوو) خوات بێت، شەرابەکەم لەبیر چوو.

(خێرا ئەچێتە دەرێ، بێدەنگی. بە قاپێک شەرابەوە ئەگەڕێتەوە) بیرم لەوە کردەوە بیکەین بە ئاهەنگ.

**کوڕ:** بۆ چی؟... لەبەر ئەوەی کە تۆ لێرەیت؟ (پێئەکەنێ) خواردنەوەت بۆچی کڕی ـ تۆ خۆت ئەزانی کە من ناخۆمەوە.



**باوک:** تۆزێک شەراب هیچ لە پیاو ناکات. ئەتوانیت ئەمڕۆ پێکێک شەراب بخۆیتەوە.

**کوڕ:** من هیچم ناوێت، بۆ سێ ساڵ دەبێت تەنیا قەترەیەک چییە نەمخواردۆتەوە.

**باوک:** نەتخواردۆتەوە، باشە لەبەر چی؟

**کوڕ:** حەزی لێ ناکەم، شەڕانی و بەدمەست دەبم ـ پێویستم بە هیچ سانسۆرێک نییە.

**باوک:** (بۆ ڕادکە قسە ئەکات) تۆ ڕەنگە پەرداخێکت بوێت؟ ئەڵێی چی؟

**ڕادکە:** بەدڵنیاییەوە، خۆش ئەبێت... من و ئێریک هەرگیز پێکەوە ناخۆینەوە.

**باوک:** پەرداخ لە کوێیە؟

**کوڕ:** لە چێشتخانەکەیە. ئەگەر پەرداخیشم هەبن. پێموایە شکان... بەڵام پەرداخی سێنابم هەیە.

**باوک:** پەرداخی سێناب؟

**کوڕ:** ئا، لەسەرەتاوە زۆرباش بوون ـ دواتر خۆ ئەشتوانیت ڕاستەوخۆ بە دەمی قاپەکە بخۆیتەوە.

**باوک:** ئەوە تۆ چیتە؟ بۆچی وا ئەڵێی؟

**ڕادکە:** شەڕمەکە ئێستا.

**کوڕ:** من شەڕ ناکەم.

**باوک:** ئەتوانیت بڕۆیت و بیانهێنیت؟

**کوڕ:** بۆچی؟ من هیچم ناوێت.

**ڕادکە:** من ئەچم.

**باوک:** هەرگیز، تۆ دانیشە، من خۆم ئەیانهێنم.

**ڕادکە:** پێویست ناکات کە تۆ...

**باوک:** با، من ئەڕۆم... (ئەڕوا)

**کوڕ:** بەو مەڵێ "تۆ".

**باوک:** بۆچی نا؟

**کوڕ:** پێموایە ئەو وائەزانێت کە ئەو جۆرە بانگکردنە زۆر دۆستانەیە.

**باوک:** زۆر دۆستانە؟ ئەی بۆ ئەو دۆست نییە.

**کوڕ:** ئەو پیرە.

**ڕادکە:** لە پیر ناچێت، ئەو لە تۆ زۆر گەنجترە ـ ئەو وەک ئەوە وایە هێشتا لەدایک نەبووبێت... تۆ بۆچی ئەوەندە لەگەڵیدا ڕەقیت؟

**کوڕ:** من ڕەق نیم.

**ڕادکە:** بۆچی ئەهێڵیت ئاوا ڕابکات و بێت و بچێت.

**کوڕ:** بۆ ئەوەی هیلاک بێت و بچێت بخەوێت.

**ڕادکە:** تۆ چەندە شێتیت.

**کوڕ:** وازی لێ بێنە خۆی بچێت پەرداخەکە بێنێت مادام تێنوویەتی.

**باوک:** (بە سێ پەرداخەوە دێتەوە) وا هاتمەوە. چەند زەحمەتە شت دۆزینەوە لە ماڵێکی ئاوادا. ئەوەندی نەمابوو لە دالانەکەدا ونبم.

**کوڕ:** ئەم پەرداخانە چین؟

**باوک:** (شەرابەکەی تێ ئەکات) نۆش.

**ڕادکە:** نۆش.



**باوک:** (قومێکی بچووک لە شەرابەکە ئەدا، چاو ئەبڕێتە چاوی ڕادکە، پەرداخەکەی دائەنێت و کڕنوشێکی بۆ ئەبا، هتد) ئەمە چ پەرداخێکە؟ ئا، ئەمەوێت پێت بڵێم... ئەو پەرداخەی کە تۆ ئێستا دانیشتوویت و پێی ئەخۆیتەوە...

**کوڕ:** کوا من پێی ناخۆمەوە، هیچیشم وەرنەگەتووە.

**باوک:** ئەم پەرداخانە، لە منەوە بۆ تۆ، هەروەها زائید چواری تریش کە لە چێشتخانەکە دامناون ـ ئەمانەم لەگەڵ خۆم هێنا چونکە باش ئەوە ئەزانم کە تۆ تاڕادەیەک هەمیشە بێ پەرداخیت ـ ئەمانە کریستاڵی عەسڵن و من لە دواهەمین جاری کارکردنم لە گریفهۆڵم دزیمن ـ مارکەکەی لێرەدا ئەبینی؟ ـ ئەمانە تەنیا ئەو پەرداخانەن کە ماومن، چیتر من پێویستم پێیان نییە، لەبەرئەوەی من تەنیام... تۆ دەبێت ئاگات لێیان بێت، ئەمانە بەپارە ناقەبڵێنرێن... دەستیان لێ بدە... ئەمانەم بۆ تۆ هەڵگرتوون...

(پەرداخەکەی بۆ کوڕەکەی ڕائەگرێت بەڵام پیش ئەوە خۆی لێی ئەخواتەوە)

تۆ هەست بە قورسییان بکە، هەستی پێ ئەکەیت؟ سەیری ئەو نەخشانەیان بکە... لەم جۆرە پەرداخانە چیتر دەست ناکەون...

**کوڕ:** ئەیبینم.

**باوک:** بەڕاست ئەیبینیت، تێئەگەیت کە چ دەستڕەنگینییەکی لە پشتەوەیە؟

**کوڕ:** پرسیارەکە ئەوەیە من کێ دەعوەت کەم تا لەو پەرداخانەدا بخواتەوە ـ من کەسێکی وا ناناسم کە شایستەی ئەوەبێت لەم

پەرداخانەدا بخواتەوە.

**باوک:** (بزە ئەیگرێت) ئەتوانیت بۆ نموونە من دەعوەت بکەیت... نەخێر، خۆم خزمەتی خۆم ئەکەم.

(پەرداخێکی پڕ بۆ ڕادکە تێ ئەکات)

بۆ وا بێدەنگ دانیشتوویت... هی ترت ئەوێت؟

**ڕادکە:** بەڵێ، سوپاس، بەخۆشییەوە، شەرابێکی خۆشە.

**باوک:** کەواتە بۆم هەیە بڵێم "تۆ".

**ڕادکە:** بێگومان.

**باوک:** (ڕازیی دیارە) ئەمە شەرابێکی زۆر خۆشە..

**ڕادکە:** وایە.

**باوک:** ئەم شەرابە ئەناسیتەوە؟

**کوڕ:** پێشتر تامیم نەکردووە.

**باوک:** مارکەکەی باش ئەبینیت؟

**کوڕ:** ئەی چۆن، ئا... نەخێر، نازانم ئەمە چ جۆرە شەرابێکە.

**باوک:** خۆ باش ئەیبینیت... گایسویلەر و سۆنە، ئەمە لەو شەرابەیە کە هەمیشە ڕۆژانی "یول"[١] لەگەڵ گۆشتی کەروێشکی کێویدا دامانئەنا. نایەتەوە یادت؟

**کوڕ:** نا... بەڵام کەروێشکە کێوییەکەم لەبیرە.

**باوک:** کام کەروێشکە؟

**کوڕ**: پێستە کەروێشکەکان، حەوت دانە بوون ـ لەبیرمە چ هەستێک

(١) یول: ڕۆژی لەدایکبوونی مەسیح



بوو دانیشیت و کەوڵیان کەیت.

**باوک:** ئا، چ زەحمەتێک بوو... ئەگەر پیاو پێویستی بە شانزە دانە بوایە... ئا، چەند قۆربوو... بۆ شلەی گۆشت...

**کوڕ:** دواتر ئەتخستتنە ناو کەرەی خاو و شەرابەوە...

**باوک:** نا کەرەی خاو و شەراب نا... هینمان بەکارهێنا...

**کوڕ:** دە گووی تێکە و باسی مەکە...

**باوک:** ئەڵێی چی؟

**کوڕ:** بەهەرحاڵ ئێستا کەروێشکی کێویمان لێ نەناوە؟

**باوک:** کەروێشکی کێوی؟... لە کوێ پەیدای کەم؟

**کوڕ:** لەبەرئەوەی تۆ شەرابی کەروێشکە کێویت کڕیوە.

**باوک:** نا، نا توانای کڕینی ئەوەم نییە... مەبەستت ئەوەیە بەدرێژایی ئێوارە لەدەرەوە کەروێشکم کەوڵ کردایە؟

**کوڕ:** نا.

**باوک:** کەروێشکی کێویت ئەوێت؟

**کوڕ:** نەخێر.

**باوک:** ئەگەر ئەمزانی ئەوا ئەمتوانی یەکێک لەماڵەوە لەگەڵ خۆمدا بهێنم.

(بۆ ڕادکە قسە ئەکات)

کەرتێکی بەستوومان هەبوو، تەنیا چل کرۆن سالانە لەسەر من ئەکەویت.

**ڕادکە:** چەند باشە.

**کوڕ:** چی بخۆین؟

**باوک:** ئێستا برسیتە؟

**کوڕ:** ئا، گوو ببارێ، واخەریکە برسیم دەبێت.

**باوک:** کەواتە ئەچم و ئەیهێنم. (ئەچێتە دەرێ)

**ڕادکە:** ئەرێ بەڕاست ئێوە ئەمڕۆ چیتان کردووە؟

**کوڕ:** هیچ شتێکی تایبەتمان نەکردووە... ئەتوانم لە شەرابەکەت تام کەم.

**ڕادکە:** خۆ تۆ هیچت نەئەویست.

**کوڕ:** ئەمەوێت تەنیا تامی کەم بزانم تامەکەی ئەناسمەوە... من ئەم شەرابەم لەبیر نییە.

(تامی ئەکات) ئەی تۆ ـ تۆ چیت کردووە؟

**ڕادکە:** چ ئێوارەیەکە...

**کوڕ:** ئاوها.

**ڕادکە:** من بەیەکجار بڕستم لێ بڕاوە...

**کوڕ:** وات لێ هاتووە؟

**ڕادکە:** ئا. ئاخر دواهەمین ئێوارە بوو.

**کوڕ:** وایە.

**ڕادکە:** تاڕادەیەک باش بووم... دڵنیام لەوە.

**کوڕ:** هیلاکیت؟

**ڕادکە:** نەخێر، بەپێچەوانەوە ـ بەجۆشم، تۆزێک بەجۆشم.

**کوڕ:** بە چی وات لێ هاتووە؟

**ڕادکە:** بەهۆی ئەو شۆر و شەوق و ئارامی و ـ سەرنجدانەی ئەوێوە، تا ئێستاش بەری نەداوم...



**کوڕ:** بەڕاست تۆ بۆچی هاتیت بۆ ئێرە؟ یۆهان ئێوارە کار ئەکات؟ قسەت لەگەڵ کرد؟

**ڕادکە:** ئەمویست بتبینم.

**کوڕ:** ئەوەتا ئێستا ئەمبینیت، ئێ چیتر؟

**ڕادکە:** ئا، من تاڕادەیەک لەو بڕوایەدا بووم کە تۆ دێیت بۆلام.

**کوڕ:** لەو باوەڕەدا بوویت، بۆچی؟ من حەزم بەمە نییە. من حەزناکەم تۆ لەوێ ببینم.

**ڕادکە:** ئاخر دواهەمین ئێوارە بوو... لەڕاستیدا باشترین کاری خۆمم کرد.

**کوڕ:** بۆ ئەوانەی ئەوێ؟

**ڕادکە:** بۆ هەمووان. من لەوێ خۆشحاڵم. تۆ تێناگەیت ـ تێئەگەیت؟

من پێم ناخۆشە کە تەواوبوو... وای لێ دێت بەیانی هەست بە بێزاری بکەم... تاقاتم نابێت بەیانی لە خەو هەستم. جا بۆچیش هەستم؟... دەبێت بچم بۆ دائیرەی کار.

**کوڕ:** بێگومان وا ئەکەیت.

**ڕادکە:** نا، هەموو ڕۆژەکە لە جێگاکەمدا ڕائەکشێم و هەست بە بەتاڵی ئەکەم.

**کوڕ:** ئەتەوێت من بەیانی لەگەڵت بێم؟

**ڕادکە:** کاری چاک ئەکەیت وابکەیت.

**کوڕ:** ئەی چی دەبێت؟

**ڕادکە:** چی؟

**کوڕ:** ئەگەر نەیەم.

**ڕادکە:** (زەردەیەک بەڕوویدا ئەکات) نەخێر، خۆشەویستم.

**کوڕ:** تاسەت ئەکردم؟

**ڕادکە:** ئەی چۆن. بێگومان تاسەم ئەکردیت، بەڵام من ئەمزانی کە دەبێت بچم بۆ ئەوێ... باوکت چی ئەکات؟

**کوڕ:** نازانم.

**ڕادکە:** تۆ بۆچی ئاوهایت لەگەڵیدا... ئەو کاری خۆی زۆر بەباشی ئەکات.

**کوڕ:** ئا، کاتێک کە تۆ لێرەبیت.

**ڕادکە:** هەموومان پیرئەبین.

**کوڕ:** زۆر ناسکیش ئەبین؟

**ڕادکە:** ئا، لەبەر ئەوەی ئەو وایە.

(دەنگی باوکەکە لە شوێنی خزمەتکردنەکەوە ئەبیسترێت، تەقە تەقی فەخفوورییەکان دێت، بە سینییەکی گەورەوە دێتە ژوورێ)

**باوک:** سەیرکە، ڕشتم.

(گۆشتاوەکە ڕژاوەتە سەر سینییەکە، دایئەنێت و هەوڵئەدات بیسڕێت)

ناتوانم هیچ بکەم. بۆچی ئەوەندە تاریکە؟ بۆچی گڵۆپی تازە ناخەیتە ڕاڕەوەکەوە؟

**کوڕ:** لەبەرئەوەی کە پەیژەم نییە. بەتەمام لە دراوسێکانمی قەرزبکەم کاتێک کە ئەگەڕێنەوە.

**باوک:** ئەوان لە کوێن؟

**کوڕ:** نازانم، ڕەنگە لە پشووی ساڵانە بن.



**باوک:** بەیانی ئەوە تۆیت کە ئەچیت گڵۆپی تازە ئەکڕیت.

**کوڕ:** نەخێر ئەوە جەنابتیت کە بەیانی گووئەکەیتە ئەوەی کە گڵۆپەکان ئیش ئەکەن یان نا.

**باوک:** گوێت لێ بوو چیم وت ـ بەیانی ئەچیت گڵۆپی تازە ئەکڕیت و پێکەوە دایانئەنێین. ئەتوانین مێزێک بێنینە پێشێ. من جورئەت ناکەم بچمە ئەوێ، پێم لە فەرشەکە هەڵنووتی چونکە باش بەئەرزەکەوە چەسپ نەکراوە، خەریک بوو ڕانم بشکێت... ئەوە کوا فەرشە، تەنیا سەرە پارچەیەکی چەسپ نەکراوە.

(بۆ ڕادکە قسە ئەکات)

پێی بڵێ کە فەرشێکی ڕاستەقینە بکڕێت کە بتوانێت چەسپی کات بە ئەرزەکەدا.

(سێ کوپی تەنکی دوو قوڵفی ئاوگۆشت دائەنێت)

**کوڕ:** ئەمانەمان بۆ چییە؟

**باوک:** بێگومان بۆ ئاوگۆشتەکە، ئەی نایبینیت؟

**کوڕ:** بەڵام ئەمەی پێویست نییە.

**باوک:** ئەتوانی تۆزێ ئاوگۆشت بخۆیت.

(دائەنیشێت، ئاو گۆشت بۆ هەرسێکیان تێئەکات)

**باوک:** ئێستا ئەیخۆین.

(ئاوڕ بۆ لای ڕادکە ئەداتەوە)

تەمەنا ئەکەم بەتام بێت.

(ئەخوات، ڕوو لە کوڕەکەی ئەکات)

ئەی تۆ ناخۆیت؟

**کوڕ:** سارده، من برسیم نییە.

(پاڵ بە قاپەکەوە ئەنێت)

چاوەڕێی خواردنە سەرەکییەکە ئەکەم.

**باوک:** تۆ دڵنیایت کە هیچ خواردنێکی سەرەکی هەیە؟

(ڕوو لە ڕادکە ئەکات)

ئێوە لەکەیەکەوە یەکتر ئەناسن؟

**ڕادکە:** نازانم.

**باوک:** نازانیت؟

**ڕادکە:** نا... دوو ساڵ بێت ڕەنگە... ئەوە چەند دەبێت؟

**کوڕ:** بەو زووانە دەبێت بە سێ.

**باوک:** چۆن یەکتریتان بینی؟ بەهۆی عەشقەوە بوو؟

**ڕادکە:** من لە ریستوران کارم ئەکرد...

**باوک:** لە ڕیستورانێک... سەیرە

**ڕادکە:** بۆچی؟

**باوک:** کە ئێمە هەرسێکمان وابەستەی کاری ڕیستورانین... ئێستاش هەر ئەم کارە ئەکەیت؟

**ڕادکە:** نا، نە شکور.

**باوک:** منیش وەک تۆ... نۆش! بەڵام ئێریک تا ئێستا ئەو کارە ئەکات... بەیانی کار ئەکەیت؟

**کوڕ:** سەرێک لەوێ ئەیەم بەهەرحاڵێک.

**باوک:** ئێمە ناچین، وانییە؟



**ڕادکە:** ئا، بەیانی من تێر خەو ئەبم.

**باوک:** سەربارى ئەوەی کە ئێستا من ئەو کارە ناکەم و چەند ساڵێکیش دەبێت وازم لێ هێناوە، بەڵام تائێستاش هەموو بەیانییەک ئەگەر شەوێ باشیش خەوتبم یان نا ئەوا سەعات چوار و نیوی بەیانی لەخەو هەڵئەستم، قنج و قیت و ئامادەم بچمە دەرێ، بەڵام دواتر بیرم ئەکەوێتەوە کە هیچ شتێکم نییە بیکەم... بەدەم پشتوێنەیەک ژانی سەرسنگمەوە بەخەبەر دێم... تەنانەت نازانم کە شەوێ چ خەوێکیشم بینیوە.

**ڕادکە:** ئەی چی ئەکەیت؟

**باوک:** ئاهـ، شت زۆرە بیکەم... دەستم کردووە بە نووسینی یاداشتەکانم.

**ڕادکە:** ئەوها.

**باوک:** بەڵێ.

**کوڕ:** لەسەر چیت نووسیوە؟ باسی چی ئەکەیت؟

**باوک:** باسی ژیانی خۆم؟

**کوڕ:** چیت لە ژیانی خۆت باس کردووە؟

**باوک:** بێگومان باسی ژیانی خۆمم کردووە.

**کوڕ:** باسی ژیانت... بەڵێ... ناوی چی دەبێت؟

**باوک:** چل ساڵ کاری ڕیستۆرانتکردن.

**کوڕ:** تا چەند هاتوویت؟

**باوک:** نا، تەنیا دەستم کردووە بە کۆکردنەوەی هەندێک یاداشت و ڕەنگە چەند لاپەڕەیەکیشم لێ نووسیبێت. زۆر ئاسان نییە.

دوای کەمێک دەستکردن بە بیرکردنەوە ئینسان خۆی ون ئەکات. دەبێت گەلاڵەی بکەم.

**کوڕ:** بابەتەکەت چییە؟

**باوک:** بابەتی چی؟ من ئەمەوێت بەو ساڵانەدا بچمەوە کە تێپەڕیون، دواتریش بزانین چۆن دەبێت...

**کوڕ:** ئێ خۆ تۆ دەبێت بابەتێکت هەبێت. هیچت نییە؟ ئینسان چۆن بەشێوەیەکی شەرەفمەندانە ژیانێک ژیاوە کە تەحەمول نەکراوە.

**باوک:** ژیانی من تەحەمول نەکراو نەبووە. تۆ ئەمەت لە کوێوە هێناوە. ژیانی من زەحمەت بووە. ئاسان نییە کە...

**کوڕ:** نەخێر هیچ وانەبووە.

**باوک:** باشە، تۆ لە ڕیستۆرانێک کارت ئەکرد کاتێک کە تۆ و ئێریک یەکتان بینی؟

**کوڕ:** ئەو لە باڕی ڕیستۆرانێکی مەیفرۆشی قاچاخ وەستابوو. من لەگەڵ کچێکی تردا لە دەرەوە بووم، کە کوڕێکی ئەفەریقی حەزی لێ ئەکرد، یەکێک بوو لەخاوەن کارەکان وەک هەر خاوەن کارێکی تر، کینییەکی زل بوو، لەویادا من ڕادکەم لە باڕەکەدا بینی. من قەناعەتم پێ کرد کاتێک کە باڕەکە دائەخرێت لەگەڵما بێتەوە بۆ ماڵێ یاخود من بچمەوە بۆ ماڵی ئەو. ئەو ئەیویست خۆیم لێ بشارێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر سەیربوو کە ئەدرەسی ماڵەکەی خۆیی دابوومێ. کاتێک بەرەبەیان هاتمەوە دەرەوە چووم بۆ ئەوێ، سەعات پێنجی بەیانی لەدەرگای ئەوم دا ـ لەگەڵ پۆستەچییەکەدا خۆم کرد بە



ژووردا. ئەو دەمێک بوو خەوی لێ کەوتبوو، بەڵام کردمییە ژوورەوە. تۆ بۆچی وات کرد؟

**ڕادکە:** نازانم. من حەزم لێ نەئەکردیت...

**کوڕ:** نەخێر، من تێئەگەم.

**ڕادکە:** من دڵنیا نەبووم کە تۆ کەسێکی سەرخۆش بوویت یان کەسێک بوویت باری دەروونیت تەواو نەبوو. من ئێستاش لێت حاڵی نەبووم، ئەگەرچی وازیشت لە خواردنەوە هێناوە.

**کوڕ:** لەبیرتە ئەو پیاوە ناوی چی بوو؟ ئەوەی یانەی نونۆ.

**ڕادکە:** بیرم نایەت. دەبێ چۆن بتوانم ناویم بیر بکەوێتەوە؟

**کوڕ:** بەڵام تۆ ئەتناسی، نونۆ ـ ئەوت نە ئەناسی؟ تاڕادەیەک باشیش بوو، وا نا؟ نونۆ نەبوو، یاخود ناوێکی لەو جۆرە بوو؟

**ڕادکە:** باشم ئەناسی، هەرگیز کەسم وەکو ئەو ئاوا بەباشی نەناسیبوو. بەداخەوە کە چیتر لەو چەشنە کارە ئێستا نەماوە. بۆیە هەندێک جار... ئینسان ئەیتوانی هەندێک شەو لەسەریەک کاربکات و دواتر ئیتر بەتاڵ بێت.

**کوڕ:** لەو جۆرە کارە زۆر هەیە.

**ڕادکە:** بەڵام من ئەو کەسانە ناناسم کە یانەکان ئەبەن بەڕێوە. نونۆ زۆر دەمێکە نەماوە.

**کوڕ:** چۆن ئەزانیت؟

**ڕادکە:** بەهەرحاڵێک من ئەوم نەبینیوەتەوە.

**باوک:** بەڕاست ئەوان ئەو پارانە لەکوێوە ئەهێنن؟ لە هەموو شوێنێک یانەیان کردۆتەوە.

**ڕادکە:** تۆ بیر لە چینییەکان ئەکەیتەوە.

**باوک:** نا، بیر لەوان ناکەمەوە. بیر لە قولە ڕەشەکان ئەکەمەوە.

**کوڕ:** من هیچ یانەیەکی ئەفریقایی ناناسم، ئەمە نەبێت کە باسی ئەکەین.

**باوک:** لە هەموو شوێنێک هەیە، لە شوێنە پیسەکان.

**کوڕ:** مەبەستت لەوە چییە ـ چوویتەتە هیچ کام لەو یانانە؟

**باوک:** نا، لەهیچیان نەبووم، بەڵام لەسەریانم خوێندۆتەوە.

**کوڕ:** تۆ وەک هەموو جارێکی تر تێکەڵیان ئەکەیت.

**باوک:** نەخێر، وا ناکەم، باشیش ئەزانم کە چی ئەڵێم.

(بۆ ڕادکە قسە ئەکات)

ئەی من ڕاست نەبووم؟

**کوڕ:** ئەو شەوە دزیمان لە یەکێک لە ڕەشەکان کرد، هەندێک لەوانە زۆرینەی کات پارەی باشیان پێبوو...

**باوک:** حەقی مووچەی پارەی بێکاری ڕۆژەکانتان پەیدا کردووە و دواتریش بەدرێژایی شەو سەماتان کردووە.

**کوڕ:** ئەو کچەی کە لەگەڵ من بوو، قەول بوو بچێت لەگەڵ ئەودا بێت و ڕێی بدات کە ئەو دەستی بۆ بەرێت، یان گانێک بکات، لەو ماوەیەشدا ئەبوو من گسک لە شوقەکەی ئەو بدەم. ئێمە بێ پارەوپول بووین... ئەم جۆرە شتانەش بەدەم قسە و باسەوە دروست ئەبێت کاتێک کە ئینسان مەست ئەکات. ئێمە کاتێکی خۆشمان پێکەوە بەسەربرد. بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئێمە زۆر لەو سەرخۆشتر بووین، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو بەسەر ئەوەوە



ڕاکشابوو دەینالآن، سەرتاپای گیانی عارەقە و تەڕی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەیتوانی سەیری ئەملاولای خۆی بکات، منی بینی کە چۆن وەستاوم و ناو گیرفانی چاکەتەکەی ئەپشکنم کە دابووی بەسەر کورسییەکدا. من نەمتوانی گوێ نەدەمێ و بەردەوام بم، لەگەڵ ئەوەی زەق سەیری ئەکردم، من تا ئەوکاتیش پێم وابوو کە نامبینێت و ڕەنگبێت ڕاگوزەرانە سەیرم بکات، یان ڕەنگە ئەوەندە لەزەتی بردبێت کوێرانە سەیری من بکات بێ ئەوەی بزانێ کە چی بینیوە. بەڵام ئەو بەدەم قیژەیەکەوە خێرا هەستایە سەرپێ و قاچی گرتم، منیش هەوڵم دا شەقی تێ هەڵدەم. من نەمئەویست عەزێتی بدەم، تەنیا ئەمویست پارەی گانەکەی بۆ کچەکە لێ بسەنم. هەموو جارێکیش هەر لەخۆوە دوای چەند پەرداخێک و هەستکردن بەبەتاڵی وام لێ ئەهات... شتێکی منداڵانە بوو... بەڵام ئەو جارە زۆر خراپ شکایەوە بەسەرمدا... ئەو پیاوە زیاتر خەمی پارەکانی خۆی بوو نەک کچەکە... ئەو بەتەواوەتی جۆرێک بوو لەو پیاوانەی کە ئێمە خەیاڵمان بۆی نەچووبوو... لەسەر قادرمەکان گرتمی، لە قاتی سەرەوە ئەژیا، لەوێوە من کەوتمە خوارەوە بۆ ناو تاقێک، لەبیرمە کاتێک خەبەرم بوویەوە. نازانم چەندە بە بووراوەیی لەویادا مابوومەوە، بەڵام لەبیرمە گوێم لێ بوو کە چۆن کچەکە بەسەر قادرمەکاندا بەلای مندا بە وریاییەوە چووە خوارێ، من خەبەرم بوویەوە و بە بێدەنگی دوای کەوتم بۆ ئەوەی بهێڵم گوێی لێم بێت. ئەمویست تەنیا ئەوە بەچاوی خۆم ببینم کە بەڕاستی ئەو ئەیەوێت ئاوا من بەو

جۆره بەجێ بهێڵێت. دواتر لە دەرەوە و لە پارکەکە لەسەر ئەوە قسەمان کرد و بڕیارمان دا کە جارێکی تر هەوڵی بۆ بدەینەوە، چونکە لەڕاستیدا ئێمە بێ پارەوپوول بووین و نەمانئەویست بەسەر ڕۆژێکی ئاوا درێژدا بە موفلیسی خەبەرمان بێتەوە، خومار و ناخۆش. سەعات هێشتا نەبووبوو بە دوو، تاڕادەیەک بەیەکجاری بەریدابووم، پێکەوە گەڕاینەوە بۆ نادییە شەوانییەکە، لەوێ ڕادکەش وەستابوو.

**ڕادکە:** هەروەها دوای ئەوە ئێمە چەند هەفتەیەک پێکەوە ژیاین، وانەبوو، لە ماڵەکەی مندا... تۆ لەوێ مایتەوە.

**کوڕ:** بەڵێ

**باوک:** بەڵام تۆ ئێستا چیتر لە بارەکە کارناکەیت.

**کوڕ:** نەخێر، ئێستا ئەو شارەزایی پەیدا کردووە، وا نییە پێش نەکەوتوویت؟

**باوک:** ئەی کەوابێت چی ئەکەیت؟

**ڕادکە:** گۆرانی ئەڵێم.

**باوک:** گۆرانی ئەڵێیت؟

**ڕادکە:** ئا... بەڕاستی.

**باوک:** تۆ تەمەنت چەندە؟

**ڕادکە:** بیست و چوار ساڵ.

**باوک:** بیست و چوار ساڵ، هەر تەنیا بیست و چوار ساڵ؟

**ڕادکە:** پێت وایە کە گەورەتر دیارم... ئەزانم، بەڵام ئەوە هۆی میکیاجەکەیە، هیلاکم.



**باوک:** نا، بەهیچ شێوەیەک پێم وانییە تۆ گەورەتر دیاربیت لە تەمەنی خۆت...

**ڕادکە:** با وایە، تۆ مەبەستت ئەوە بوو.

**کوڕ:** ئەو هەڵی خەڵەتانین. ئەو بێ چاویلکە وەک کوێر وابوو... چونکە چاویلکەکەی ئەو بە من بوو... ئەو بچکۆلە و قەڵەو و گەنج نەبوو... هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئێمە ئەومان هەڵبژارد... - ئەوکاتەی کە ویستم ئەوە بکەم، هەر لەوکاتەدا هەستم بە تامی زەبر و زەنگ کردو وتم ئێستا ئەو کارە ئەکەم، بەڵام جورئەتم نەکرد. ئەو هەنگاوە بنێم و یەکسەر پیا بکێشم... نەمتوانی ئەو سنوورە ببەزێنم... من نەمزانی چی ڕوویدات، ناچاربووم لەبەرخاتری خۆم زاڵبم بەسەر خۆمدا... من پەشیمان نیم، بەڵام زۆر جار ئەو تامە ئەکەم - پێویستە، دواتریش هەموو شتێک چاک ئەبێت... بەڵام ئەو کاتەی کە لەسەر قادرمەکان کەوتبووم، ئەو کێشای بەسەرما... لەوکاتەوە لە ناو سەرمدا بریسکەیەک دروست بوو، بەلایەنی کەمەوە هەفتەی جارێک ئەو بریسکەیە بەسەرمدا دێت، جۆرێکە لە گرژبوون، لەو کاتەوە هەست ئەکەم شتێک لە ناوەوەی مندا نوقسانە، وەک تامی مەعدەن وایە لە دەممدا.

**باوک:** تۆ هەمیشە زۆر ترساویت... من کەسێک شک نابەم هێندەی تۆ ترسنۆک بێت. سڵ لە هەموو شتێک ئەکەیتەوە. من نازانم ئینسان چۆن ئەتوانێت وا بژی... ڕەنگە هۆی ئەوە بووبێت کاتێک کە تۆ منداڵ بوویت ئێمە هەمیشە لە گواستنەوەدا بووین - تۆ هەرگیز فێر نەبوویت کەسێک بە باشی بناسیت...

**ڕادکە:** کەمێک ئەترسێت، منیش هەستم بەوە کردووە.

**باوک:** ئەوەتا خۆ گوێت لێیە... ئەو پیایدا کێشایت لەبری ئەوەی تۆ لێی بدەیت، فڕێشیدایتە دەرێ، وانییە؟ دەبێت حیکمەت لەمەدا چی بێت، کە ڕێی بدەیت ئەو پیاتا بکێشێت؟ ... ئەو نەسڵەمیوەتەوە. زانیویەتی چی ئەکات... من باش ئەزانم کە بۆچی کچەکە خۆی لێت دزیوەتەوە.

**کوڕ:** وات کرد؟

**باوک:** ئا، بێگومان، خۆت بە چی هەڵئەخەڵەتێنیت... پێت وابووە ئەو بەرگریت لێ بکات؟ تۆ ترسنۆکیت؟... ئا، تۆ وایت.

**کوڕ:** من دان بەوەدا ئەنێم کە ترسنۆکم، ئەوەش بەلای منەوە گرنگ نییە ـ من هیچ ئازایەتییەکم تیا نییە.

**باوک:** خۆ مەبەستت ئەوەنییە کە... من بوومایە نەمئەویست بژیم، ڕقم لە خۆم ئەبووەوە.

**کوڕ:** تاکو ئێستاش لای من هەمیشە ترس بەهێزترە.

**باوک:** من پێموایە ئەمە شتێکی زۆر قێزەونە.

**کوڕ:** ئێستا لەوە زیاتر مەخۆرەوە.

**باوک:** من خۆم چەندم بوێت ئەوەندە ئەخۆمەوە. شەرابی خۆمە.

**کوڕ:** نەخێر، واناکەیت... نابێت لای من وابکەیت.

**باوک:** چ گرنگییەکی هەیە... من خۆم ئەزانم چەندە تەحەمولم هەیە... چەند پەرداخێک شەراب... دەبێت چ گرنگییەکی هەبێت؟

(بۆ ڕادکە قسە ئەکات)

پێی بڵێت با واز لە چەقە چەقکردن بێنێت لەگەڵما.



**کوڕ:** لەبەر ئەوەی دواتر تۆ واز ناهێنیت.

**باوک:** من وەک تۆ نیم، خوا ئاگای لێمە.

**کوڕ:** ئاخر تۆ وات لێ دێت.

**باوک:** ئەگەر من ئێستا کە کچەکەتم بینیوە و لەگەڵیدا دانیشتووم و قسەی لەگەڵ ئەکەم پەرداخێک شەرابم بوێت، دەبێت ئەمە چی بێت؟

**کوڕ:** من ڕقم لەوەیە کە بتبینم سەرخۆش بیت.

**باوک:** من نامەوێت سەرخۆش بم! ئێستا واز لەم چەقە چەقە بێنە.

(پشوو. بۆ ڕادکە ئەدوێ)

من هەرگیز پێشتر کچەکانی ئێریکم نەبینیوە ـ من نازانم ـ بۆچی ئەو لە منی شاردوونەتەوە. ڕەنگە منی لەوان شاردبێتەوە... ئەو بە بوونی من تەریق ئەبێتەوە، هەمیشەش هەر وابووە... بەڵام من ئەمەوێت تەنیا ئەوە بڵێم، کە من زۆر خۆشحاڵ بووم بەبینینی تۆ.

**ڕادکە:** منیش هەروەها.

**باوک:** نۆش بۆ تۆ.

**کوڕ:** تۆ بۆچی ئەو بە کچی من بانگ ئەکەیت.

**ڕادکە:** هیچ گرنگ نییە.

**باوک:** (ڕوو ئەکاتە ڕادکە) نۆش، بەخۆشی بینینی تۆوە.

**کوڕ:** دوێنێ، نا چواردە ڕۆژ لەمەوبەر هەمان شتی لەو چەشنەم بەسەرداهات... ئەودەم مەجبوور بووم ئازایەتی خۆم تاقی بکەمەوە... سەرکەوتووش نەبووم، لەڕاستیشدا زۆر لەوە خراپتر

کەوتەوە.

**باوک:** نامەوێت گوێم لێ بێت، سوپاس... تەواو بوویت لە خواردن؟ خۆ تۆ هێشتا هیچت نەخواردووە.

**ڕادکە:** خۆم هەڵگرتووە بۆ خواردنەکە... ئەتوانین باسی شتێکی تر بکەین بێجگە لە تۆ؟

**باوک:** تۆش؟... گەر من تاڕادەیەک بێ عەقڵ نەبوومایە خۆم ئاوا عەزێت نەئەدا... تۆ بۆچی باست نەکرد، ئێریک؟

ڕادکە: ئەتوانین ئاوگۆشتەکە بەیانی بخۆین... تا بەیانی هیچی لێ نایەت؟

**باوک:** ئێ باشە... ئەتوانین وا بکەین. کەوابێ پێویست ناکات بچم بازاڕی بکەم، گەر باش تێگەیشتبم تۆ بیرت لەوە نەکردبووەوە بازاڕی بکەیت. کەواتە من ئەچم و خواردنەکە ئەهێنم... بێگومان ئێستا ساردبۆتەوە.

(سەیری سەعاتەکەی ئەکات)

ئێوە زانیوتانە... وا سەعات خەریکە دەبێت بە یەک؟ کەچی من بەقەدەر زەرەیەک هیلاک نیم.

**کوڕ:** تۆ دەبێت گوێت لەمە بێت... دانیشە لە جێی خۆت.

**باوک:** بۆچی؟ بێدەنگ بە، ئەتوانیت تۆ بۆ کەمێک بێدەنگ بیت.

ڕادکە: ئەوە چییە؟

**باوک:** بێدەنگ... گوێ بگرە... ئەها، وا باران ئەبارێ... چەند خۆشە... من هەمیشە پڕئەبم لە ئارامی کاتێک کە باران ئەبارێت.

**کوڕ:** من چووبوومە لای کەناری دەریاکە...



**باوک:** پەنجەرەکە دائەخەیت؟

**کوڕ:** کام پەنجەرەیە؟

**باوک:** (هێمای بۆ ئەکات) پەنجەرەی سەقفەکە.

**کوڕ:** نا، باران نایەتە ژوورەوە، پەنجەرەیەکی باریکی تریش هەیە.

**باوک:** (بە رادکە ئەڵێت) تۆزێک شەرابی ترت ئەوێت؟ فەرموو.

(ڕوو ئەکاتە کوڕەکەی)

ناتوانین تۆزێک بەبێدەنگی دانیشین و گوێ لە باران بگرین... هەر زۆر شادی بەخشە... ئێوە ناتوانن بیهێننە بەرچاوی خۆتان کە چ چۆڵ و بێدەنگییە لای من... من ڕانەهاتووم تا شەوێکی درەنگ ئاوها لەگەڵ کوڕەکەم و کچێکی جواندا دابنیشم... بۆچی ئێمە ناتوانین تۆزێک زیاتر یەکتری ببینین؟ ئەوکات زۆر ئاسانتر ئەبوو بۆ من... ئەوکات کەسێک ئەبوو لەبەردەمما بیبینم و یادی بکەمەوە... تۆ ئەبوو پەنجەرەیەکی ڕاستەقینەی ئەتەلیت هەبوایە، ئەوکات ئەتتوانی لەزەتێکی زۆر زیاتر لە باران بارین بکەیت.

**کوڕ:** ئێستا تەواو بوویت؟

**باوک:** ئا تەواو بووم، تۆ دەست پێ بکە. ئەوەی کە تۆ ئەتەوێت بیڵێیت چییە؟

**کوڕ:** من لای کەناری دەریاکە بووم، پێش چواردە ڕۆژ لەمەوبەر، کاتێک کە زۆر گەرم و شێدار بوو... ئەو منداڵانەم ئەبینی کە چۆن بەدەور و بەری ئەو شوێنەدا ڕائەکەن کە من تیایدا ڕاکشابووم و هەوڵم ئەدا پشوو بدەم، هەر لەپاڵ ئەوەدا

ئاودڕێکی بچووک کە بنی لیخن بوو بۆنی ئەهات. کۆمەڵێک بەچکە مراوی تازە لە هێلکە جوقاو لەناو ئەو ئاودڕەدا مەلەیان ئەکرد و منداڵەکانیش بێگومان حەزیان لێیان بوو... من بۆ منداڵەکانم ڕوون کردەوە کە زۆر خەتەرە بچنە ناو ئاوەکەوە، کە ڕەنگە تیایدا عاسی بن، کاتێک بۆ جاری بیستەهەمین بۆ چەندان منداڵم لەویادا ڕوون کردەوە ئیتر هیلاک بووم...

**باوک:** ئەبوو وێڵت بکردنایە و بچوویتایە بەڕێی خۆتەوە و لە شوێنێکی تر دابنیشتیتایە ـ ئەوە کاری کارگێڕەکانی ئەوێیە... ئەی بۆچی ئەوێت بەجێنەهێشت.

**کوڕ:** من ڕاکشام و پشتم کردە کەنارەکە و چاوم نووقاند... بەڵام گوێم لێ بوو کەسێک هاواری یارمەتی ئەکات، لەڕاستیشدا لەوەش تێگەیشتم کە ماوەیەکی درێژە گوێم لەو هاوارکردنەیە، ڕاکشابووم و گوێم لێ بوو بەبێ ئەوەی خۆمی تێبگەیەنم... منداڵێکی بچکۆلەی تەڕی حەوت ساڵانە بوو... "عاسی بووم، ئەمە لیتاوە"، ئەیقیژاند... "یارمەتیم بە"، هاواری یەکرد... من جورئەتم نەکرد...

**باوک:** چیی؟ خۆ مەبەستت ئەوە نییە بڵێیت وازت لێ هێنا بخنکێت؟

**کوڕ:** من جورئەتم نەکرد بچم ـ من وەستام و بیرم کردەوە ئەگەر خۆم بخەمە ناو ئاوەکەوە ڕەنگبێت ڕزگارم بێت لەو ترسە و بتوانم دەستم بیگاتێ دەری بکێشمە دەرەوە بەبێ ئەوەی پێویست بکات بیر بکەمەوە ـ من مەلە خراپ ئەکەم... نەمتوانی بچم.

**باوک:** خۆ تۆ مەبەست ئەوە نییە بڵێیت کە مناڵەکە خنکا؟ ئێریک... خنکا منداڵەکە؟ وازت لێ هێنا بخنکێت؟



**کوڕ:** کچێک لە باخچەی ساوایان بە خۆی و جلەکانییەوە بازی دایە ناو ئاوەکەوە ـ ئەبوو وازم لێ بهێنایە بخنکایە ـ کچەکە بەمەلە خۆی گەیاندە کوڕەکە، ڕەنگە هەر بیست مەترێک بوو بێت... دەری هێنایە دەرەوە... هەڵی گرت و بەلای مندا تێپەڕی. کاتێک کە گەیشتە ئاستم کوڕەکە وتی: "پێمەلەکانم بوون، کە تیایدا چەقین" سەیرێکی کردم، وەک بەوەی لەبیری چووبێتەوە کە چۆن خەریک بوو بخنکێت، لێی پرسیم کە بۆچی من خۆم نەخستە ئاوەکەوە و دەریان بهێنم.

**باوک:** ئای لە شەیتان، تۆ بیر لەوە بکەرەوە گەر بهاتایە ئەو کوڕە بخنکایە! ئەوکات تۆ چیت ئەکرد؟

**کوڕ:** من چۆن ئەوەم بزانیایە؟ گەر من نەمتوانیایە... ئەو کات من نەمئەزانی کە چی ڕوویئەدات. تا لەبەرخاتری ئەو شتە قەناعەت بەخۆم بکەم؟

**باوک:** من چ کوڕێکی سەیرم هەیە ـ من تێت ناگەم. من هەرگیز تێناگەم کە تۆ چۆن کوڕی منیت... نەخێر، ئەچم و خواردنەکە ئەهێنم، دەنا زۆر ئەکوڵێت.

(ئەچێتە دەرێ)

ئەتانەوێت تا ئێوارە خەریکی ئەم بەزمە بن؟ من ئەڕۆم.

**کوڕ:** من نازانم.

**ڕادکە:** ئەمە بێزارکەرە. تۆ ناتوانیت توزێک لەگەڵ مندا قسە بکەیت؟

**کوڕ:** قسە لەسەر چی؟ ئەتەوێت باسی چی بکەین، کە ئەو لێرە بێت؟

**ڕادکە:** ئەتوانین باس لە هەموو شتێک بکەین، قسەی قۆڕ بکەین؟

**کوڕ:** پێویست ناکات گوێ بگریت، گوێ مەگرە... بەڵام باسی خۆمان مەکە، باسی هیچ شتێکی خۆمان مەکە.

(باوکەکە لە دەرگاکەوە ئەبینن)

چاوەڕوانی چیت؟ بەخشیشت ئەوێت؟

**باوک:** ئەو پێی وایە من بێزارکەرم؟

**کوڕ:** بەڵێ، هەردووکمان پێمان وایە.

**ڕادکە:** نەخێر، من پێم وانییە. ئەوە ئێریکە کە بێزارکەرە.

**باوک:** بۆچی؟ من هەوڵ ئەیەم ئیشی خۆم زۆر بەباشی بکەم... من ئەتوانم بڕۆم و ڕاکشێم گەر ئێوە ئەتانەوێت ئازادبن.

**کوڕ:** ئەوە تۆ نیت کە بێزارکەریت، ئەوە منم. ئەم پێی وایە کە ئەوە منم... ئێستا بڕۆ، جارێکی تر ئەتوانین نان بخۆین.

**باوک:** ئەڕۆم، من ئەڕۆم.

**ڕادکە:** ناتوانیت وازبێنیت؟

**کوڕ:** تۆ تێناگەیت...

**ڕادکە:** نەخێر... تێناگەم. من پێموایە کە باوکت کەسێکی باش و میهرەبانە و ئینسانێکی هەستیارە... هەر زۆریش هەستیارە... خۆت هەستت بەوە نەکردووە؟

**کوڕ:** من مەجبوور بووم لە هەموو ژیانمدا ئەم مرۆڤە لەتوپەتکراوە وەک کەسێک بێ عەیب قبوڵ بکەم... باشتر وابوو کە هەر شووشی پێ بکەم.

**ڕادکە:** قسەی قۆڕ، لێی گەڕێ وەک ئینسانێک کە هەیە... تازە چیتر ئەو باوکی تۆ نییە.



**کوڕ:** نا... ئەو هەرگیز باوکم نەبووە... من مەجبوورم هەمیشە ئاوڕی لێ بدەمەوە و سەرنجی بدەم... تاتووشی تووشی فەلەج ئەبم.

**باوک:** بە چی، بە چی فەلەج بیت؟

**کوڕ:** بەو شتانەی کە لە منت ئەوێت. بێدەنگ!

(باوکەکە ئەگەڕێتەوە)

ئەمە چییە؟

**باوک:** بۆ نایبینیت؟ ئەمە خواردنە خۆشەویستەکەتە.

**کوڕ:** گۆشتە بە شیوتەوە.

**باوک:** ئا، گۆشتە بە شیوتەوە.

**کوڕ:** گۆشت بە شیوتەوە، بەم درەنگانە.

**باوک:** من نەمئەویست ئاوا درەنگ بکەوێت... بەڵام خۆ تۆ هەمیشە هەر وەک گیانێکی نیگەران، شەوان بەخەبەر بوویت و ڕاکەڕاکت بوو، هەرگیز پێش چواری بەیانی تۆ نەچوویت بخەویت... ئەی ئەمە ڕاست نییە؟ ئەی ئەمە ڕاست نییە کە ئەیڵێم؟ ئەتەوێت ئینکاری لێ بکەیت؟ دەفەرموو چەندت پێ ئەخورێت بخۆ.

(ئاوڕ بۆ لای ڕادکە ئەداتەوە. پاڵی یاوەتەوە، کوڕەکەی هەڵئەستێتە سەر پێ)

ئەتەوێت بۆ کوێ بچیت؟ ئێستا ئەتەوێت دەهری بیت؟ بەڕێکوپێکی لە جێی خۆتا دانیشە.

**کوڕ:** ئەمەوێت بچم پەتاتەکە بێنم. لەبیرت چووە.

**باوک:** ئۆی وایە... کوڵاندوومن ـ لە قاپێکدایە لەسەر مەخسەلەکەیە، زوو بیانهێنە تا سارد نەبوونەتەوە.

(کورەکە ئەچێتە دەرێ. باوکەکە بەدەنگی بەرز بە گوێی ڕادکەدا ئەپسکێنێت)

لە هەموو شوێنێکدا پارە هەیە... ئەم پارانەی لە کوێوە هێناوە؟

**ڕادکە:** (ئەویش ئەچرپێنێتەوە) من نازانم...

**باوک:** منیش نازانم... کاتێک بە دوای کەرەدا ئەگەڕام تەنانەت لە سەلاجەکەشدا پارەم دۆزییەوە، لە قتوویەکی پلاستیکا، من وام زانی پێخۆرێکی کۆنە... بەڵام کەچی پارەی کاغەز بوو، سەد کرۆنی بوون...

**ڕادکە:** ئاوها... سەیرە.

**باوک:** وتت چی؟... بۆ خاتری خوا لە کوێی هێناون؟... ئەمویست بزانم... ئەو ئەوەندەی لە کارەکەی دەست ناکەوێت، ئەوەندە پەیدا ئەکات؟... نەخێر... بەڵام ئەو هەرگیزیش هیچ نادات بە کەس، سەرەڕای ئەوەی کە من زۆر جار داوای یارمەتیم لێکردووە، بۆ برێک پارەی کەم، لە دەوروبەری دەی مانگدا من هیچم پێ نامێنێت... کاتێک کە پارەی کرێ خانوو و خواردن ئەیەم بە زەحمەت حەفتا کرۆنم پێ ئەمێنیت پێی بژیم، من پارەیەکی زیاتریش ئەیەم چونکە خواردنەکەم بۆ دێننە ماڵەوە... هەوڵم دا دەست بە کێشانی سەبیل بکەم، بەڵام ئاوەکەی کە دێتە دەممەوە زۆر ناخۆشە... باش نییە بۆ مەعیدەی من... پیاو دەبێت چی بکات؟ من کە پرسیاری لێ ئەکەم، ئەو هیچ پارەی پێ نییە... هەمیشە ئەو بێ پارە بووە؟

**ڕادکە:** نازانم... من بەباشی ئەو ناناسم.

**باوک:** نایناسیت؟ ئەو هیچ نامەیەکی منی نەکردۆتەوە کە بۆم ناردووە



ـ کاتێک کە ئازارم هەبووە و پارەم کەم پێ بووە بۆ ئەوم نووسیوە و لێم پرسیوە کە ئەتوانێت سەد کرۆنێکم بۆ بنێرێت یاخود هیچ نەبێت وەڵامم بداتەوە ـ من کەسم نییە قسەی لەگەڵ بکەم جگە لەو کچەی کە دێت بۆ لام، من کەسی تر لەو زیاتر ناناسم... بەڵام ئەم وەڵامم ناداتەوە.

دەمی تۆزێک چییە ناکاتەوە! بەڕاستمە! ئەمرۆ لە ژوورەوە دەستم کرد بە گریان کاتێک کە نامەکانی خۆمم لە نێوانی کتێبەکاندا لە کتێبخانەکەدا دۆزییەوە، هیچیان نەکرابوونەوە... پێتوایە کە ئەو کارێکی نایاساییانە بکات؟

**ڕادکە:** نەخێر، پێموانییە...

**باوک:** پێم سەیر نابێت گەر واش بێت... ئەو هەمیشە بەتەنیشت سنووردا تێپەڕیوە... تۆ ئەتوانیت بیهێنیتە بەرچاوی خۆت کە هەست بە چی ئەکەیت کە ببینیت نامەکانت ئاوا کەوتوون، بەبێ ئەوەی ئەو کردبێتنیەوە... هەروەها ئەوەشی کە من نووسیومە... کە چۆنیش بۆم نووسیوە... من دڵی خۆم بەوە خۆش کردبوو کە هیچ نەبێت کەسێک هەیە ئەزانێت کە من چۆن بووم... سەربارى ئەوەی کە ئەو هیچ وەڵامێکیشی نەداومەتەوە بەڵام هیچ نەبێت بەوەی زانیوە... هەروەها بیری لێ کردوومەتەوە، ئاگاداری من بووە، کە من چیم بەسەرهاتووە... بەهەرحاڵ ڕەنگە باشتر بێت هەستم و بڕۆم، بەڵام من هەرگیز ئەمەم بیر ناچێتەوە... تۆ هیچ بەو مەڵێ، من نامەوێت لەبارەی ئەمەوە هیچی لەگەڵدا بڵێم، با ئەمە هەر وەک نهێنییەک بمێنێتەوە...

من چۆن بتوانم باس لەم حاڵەتە بکەم؟ بەڵام خۆ ئەشزانم سەرلەنوێ بۆی ئەنووسمەوە، کە تووشی ئازار و پارە پێنەبوون بووم... باشە ئەی دەبێت من لەگەڵ کێ قسە بکەم؟ لەڕاستیدا کەس نییە... هەوڵم دا بچمە ناو کۆمەڵەکانەوە، یان کۆرسێکی زمانی ئیسپانی وەرگرم، بەڵام من بەزەحمەت ئەتوانم بڕۆم... بەڕاست ئەو خزمەتکارێکی زیرەکە؟

**ڕادکە:** ئا، من پێموایە زۆر کارامەیە، زۆر خێرا و بەدیقەتە، زۆر خێرا و کارامەیە...

**باوک:** با، ئەو عاقڵ نییە... ئەی دەستپاکە؟

**ڕادکە:** نازانم، لەگەڵ کێ؟

**باوک:** نا، هەرگیز وانین... بەڵام ئاخر زۆر دەستپاکیش بیت کارەکە ناچێت بەڕێوە، وانییە؟ بەهەرحاڵ من هەوڵم دەدا تا هەندێک سنوور بەدەستپاکی بمێنمەوە بەلایەنی کەم لەگەڵ موشتەرییە هەمیشەییەکاندا، بۆ ئەوەی ئەو حەددە ڕاگرم...

**ڕادکە:** ئاوها.

**باوک:** ئەی چۆن... ئەمە جۆرێکە لە سەلیقە و بێ خەوشی... تۆ زۆر ناڵێیت؟ تۆ تەنیا دانیشتوویت و جوانیت... وانییە؟ تۆ بەڕاستی جوانیت، تۆ جوانترین کچێکیت کە ئەو تا ئێستا هەیبووبێت... ئەمە ڕاستییە. من حەزم لەوانی تر نەبووە... ئەوانیش چارەی منیان نەویستووە، من ئەزانم... بەڵام تۆ دیارە کە میهرەبانیت... تۆ زۆر جوانیت.

**ڕادکە:** پێت وایە کە وابم؟



**باوک:** بەڵێ، من دەبێت ئەو ڕاستییە بڵێم... بەهەڵە لێم تێمەگە، بەڵام من دڵخۆشم کە ئەو ڕێکەوتی بینینی کچێکی جوانی وەکو تۆی کردووە.

**ڕادکە:** من جوان نیم.

**باوک:** با، تۆ جوانیت. بەڕاستی من پێم وایە جوانیت.. هەمووان پێیان وایە... بەڵام تۆ بە سەلامەت دەرناچیت، دەرئەچیت؟

**ڕادکە:** مەبەستت چییە؟

**باوک:** ئەرێ ئەو بۆ کوێ چوو؟... بێدەنگ بە، واهات... بەڵام تۆ هەوڵبە بزانە ئەو هەموو پارەیەی لە کوێوە دەستکەوتووە، من زۆر پەرۆشی ئەوەم بزانم، تۆ دواتر بۆم بگێڕەوە باشە.

(دەنگی چپە چپ دێت)

ئەخێرەن، ئێمە هەر ئێستە باسی ئەوەمان ئەکرد کە تۆ لە کوێیت.

**کوڕ:** ویستم بڵێم چووم بۆ توالێت.

**باوک:** کەواتە ئەخیرەن ئەتوانین نان بخۆین.

(بەپەلە نان دەخۆن، بەبێدەنگی. لە کۆتایی نانخواردنەکەدا)

خواردنەکەت پێ خۆش بوو؟

**کوڕ:** ئا، تاڕادەیەک خۆش بوو.

**ڕادکە:** من دانی پیا ئەنێم کە هەر زۆر خۆش بوو.

**کوڕ:** ئێستا ئەتەوێت چی بکەیت؟

**ڕادکە:** نازانم.

**کوڕ:** ڕەنگە من بڕۆم و پاڵ کەوم.

**باوک:** هەر لە ئێستاوە ئەڕۆیت و پاڵ ئەکەویت؟ تۆ بۆ هێندە بێ ماریفەتیت. قاوەتان ناوێت؟

**کوڕ:** نا سوپاس، گەر وابێت دەبێت نەخەوم.

**ڕادکە:** خۆش ئەبوو. بەڵام بێ ئەوەش خۆ من تا چەند سەعاتێکی تر ناخەوم... منیش وەک ئێریکم لێ هاتووە.

**باوک:** کەواتە ناخەویت چی ئەکەیت؟

**ڕادکە:** هیچ شتێکی تایبەت ناکەم. ڕەنگە ماڵ پاک بکەمەوە، بخوێنمەوە.

**باوک:** ئا، بەڕاستی ئێرە پێویستی بە پاککردنەوەیە.

**کوڕ:** ئێرە هەر زۆر پاکە... تەنیا دراوە بەسەریەکا... بەڵام پاکە.

**باوک:** کە سەرنجم دا کە تۆ هێشتا جلەکان و کتێبەکانت دەرنەهێناون.

**کوڕ:** پێویستم پێیان نییە.

**باوک:** بەڕاست، تۆ گۆرانی ئەڵێیت؟

**ڕادکە:** بەڵێ.

(روو ئەکاتە کوڕەکە)

هەندێک جار باش گۆرانی ئەڵێم. وانییە؟

**باوک:** چ گۆرانییەک ئەڵێی؟

**ڕادکە:** نا، گۆرانی ناڵێم... تەنیا گاڵتەم کرد.

**باوک:** ئەی چی ئەکەیت؟ ڕەنگە باشتر بێت پرسیار نەکەم. چونکە ئەوە پەیوەندی بە منەوە نییە.

**کوڕ:** نەخێر



**ڕادکە:** دەبێت وا بڵێم، ئێریک؟

**کوڕ:** دە بیڵێ.

**ڕادکە:** گۆرانی ناڵێم، بەڵام پێم خۆشە بیڵێم... ئەتوانرێت بوترێت کە ڕۆڵی گۆرانیبێژ ئەبینم، تا ئەوکاتەی ئەتوانین، من و چەند کەسێکی تر دەممان ئەجووڵێنین.

**باوک:** دەم ئەجووڵێنن، چییە ئەوەی ئێوە ئەیکەن؟ پانتۆمیمە؟

**ڕادکە:** وا پیشان ئەدەین کە گۆرانییە تۆمارکراوەکانی گۆرانیبێژە ناودارەکان ئەڵێینەوە. تێئەگەیت... تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتی.

**باوک:** ئاوها.

**ڕادکە:** ئێمە باشین لە کارەکەماندا. بەڵام بەداخەوە کە تەواو بوو. تۆ ئەتوانیت بێیت و بمانبینیت... کارێکی هەر زۆر بێوەیە.

**باوک:** ئەوها... من وام ئەزانی تۆ گۆرانی ئەڵێیت... دەمێکە ئەمە ئەکەیت؟

**کوڕ:** من پێم باشە بڕۆم و ڕاکشێم.

**باوک:** هەر لە ئێستاوە؟ بەڵام تۆ ڕاهاتوویت شەوانە تا درەنگ بمێنیتەوە ـ ئەی وانیت؟ (بۆ ڕادکە ئەدوێت) بەڵام خۆ تۆ ئێستا ناڕۆیت و بچیت ڕاکشێیت؟

**ڕادکە:** نا باوەڕناکەم... ئێریک، ئەتوانم تۆزێکی تریش بمێنمەوە؟ خۆ هیچ نابێت؟ دواتر دێم.

**کوڕ:** چۆنت پێ خۆشە وا بکە. ئەگەر حەز ئەکەیت بمێنیتەوە ئەوا بمێنەرەوە.

**ڕادکە:** نامەوێت هەر لە ئێستاوە بچم و ڕاکشێم. سەرباری ئەوەشی

که ناخەوم. خۆ تۆش ئێستا ناخەویت.

**کور:** (ڕووی لە باوکەکەیە) بەتەمایت چی بکەیت؟ تەلەفزیۆنەکەش نەماوە.

**باوک:** من یەک تۆز چییە هیلاک نیم. بە خۆشحاڵییەوە حەزئەکەم دانیشم و لەگەڵ ڕادکەدا قسە بکەم. بۆ بۆم نییە؟

**کور:** فەرموو. بۆچی پرسیاری مۆڵەت وەرگرتن لە من ئەکەن؟

**باوک:** هەندێک شتمان هەیە باسیان کەین، وانییە، ئەی نیمانە؟

**کور:** ئێ باشە... کەوابێ شەوباش.

**باوک:** شەوباش.

**ڕادکە:** دوای یەک ئەبینینەوە.

**کور:** قاپ و قاچاخەکان هەڵئەگرن؟

**باوک:** ئەی چۆن، خەمت نەبێت.

**ڕادکە:** ئەی ماچێکم نایەیتێ، پێش ئەوەی بڕۆیت؟

**کور:** بۆ ئەتەوێت؟

**ڕادکە:** بەڵێ سوپاس. وەرەو هەر ئێستا ماچێکم بەرێ. ئەوەندە بێ عەقڵ مەبە.

(یەکتری ماچ ئەکەن، زۆر قووڵ و گەرموگوڕ)

**باوک:** باشە دەی، باشە، وازبێنن ئێستا... گوێتان لێیە، وازبێنن.

**ڕادکە:** ئۆی، کە خۆش بوو. تۆ زۆر جوان ماچ ئەکەیت... خۆت ئەوە ئەزانیت؟

**کور:** ئا.

**ڕادکە:** هەندێک شت هەیە کە ئەتوانیت بیانکەیت.



**کور:** وایە وایە... ئەی دواتر ـ ئەتوانیت میهرەبان بیت و نەکۆکیت ئەگەر من شەوێ چووم بۆ توالێت... من تا ئەوکاتەش ئەزانم کە تۆ ـ ئەزانم کە تۆ پاڵ کەوتوویت و بەخەبەریت و ئازار ئەچێژیت، هەروەها ناتوانیت بخەویت و ئازارت هەیە و بێگومان پێویستیشت بە هاودەنگی و یارمەتی و گەرموگوڕیی کەسێک هەیە بەڵام نازانم چۆن، بەهەرحاڵ من خۆم ناتوانم ئەوەت پێ ببەخشم، ناتوانم... ئەو کۆکە جاڕسکەرەت تەنیا من تووڕە ئەکات.

**باوک:** هەوڵ ئەیەم بێدەنگ بم.

**کور:** بۆچی بێدەنگ نابیت، کە ئیتر تۆ خۆت ئەزانی من لەوە تێگەیشتووم کە بۆچی وائەکەیت؟

**باوک:** هەوڵ ئەیەم کە نەشکۆکم، مادام تۆ وەڕس ئەکات. ئەوەی لەدەستم بێت ئەیکەم.

**کور:** سوپاس. (پشوویەکی کورت) سەیرکە، وا دەمارەکەی هەستا.

**باوک:** کام دەمارە؟ بۆ خاتری جەهەنم تۆ ئەوە باسی چی ئەکەیت؟ وازم لێ بێنە.

**کور:** (لە باوکی نزیک دەبێتەوە) دەماری ستەم، بێ سەبریی... نازانم، بە چی ناوی بەرم.

**باوک:** من چیم لێ کردوویت؟

**کور:** دەماری غروور... چیتر زۆر مەخۆرەوە...

**باوک:** چیم بوێت ئەوە ئەکەم! ئاگات لەخۆت بێت!

**کور:** تۆ نازانیت کۆتایی ئەمە بە چی ئەگات، ئەی وانییە، تۆ هیچ

ئاگات لەوە نییە... لەکۆڵی ئەکەیتەوە... تۆ لەکۆڵ خۆتی ئەکەیتەوە... تەنانەت تۆ هەستت بەرامبەر بەوەش نییە کە چی ڕوویئەدات... ئەوکات ئەخەویت... دواتریش هەرچییەکیش ڕوویدات، ئەوا هەر دەبێت من بم کە بمێنمەوە و ئاگام لێت بێت... من هەمیشە کەمێک بەرپرسیاریم بەرامبەرت هەبووە... بەڵام ئیتر لەمەودوا ئەوەشم نامێنێت. دەبێت تۆ خۆت بەتەنگ خۆتەوە بێیت. ئەم جارەیان دەبێت خۆت بەخەبەربیت و ئەو حاڵەتە بچێژیت. ئیتر من بیر لەوە ناکەمەوە کە بتپارێزم.

**باوک:** پێویست بەوە ناکات کەس ئاگای لێم بێت.

**کوڕ:** کەس؟ تۆ هیچت لەبیر نییە؟... تۆ ئەو جارەت لەبیر نییە کە لە ماڵەوە بەدەوری ئاگری تەباخەکەدا ڕات ئەکرد؟ ... تۆ ئەوکاتە هەستت بە هیچ نەئەکرد.

**باوک:** ئەوە تۆ ئەڵێی چی؟ من بەدەوری ئاگری تەباخەکەدا ڕامکردبێت. بۆچی؟

**کوڕ:** من نازانم. ڕەنگە تۆ بتوانیت بۆم باس بکەیت بۆ.

**باوک:** تۆ بۆچی ئەوەندە ڕقتلێمە؟ پێم بڵێ، بۆچی ئەوەندە ڕقت لێمە. من چیم لێ کردوویت! ئیتر من تەحەمولی ئەم ڕقەی تۆ ناکەم. من نازانم ڕوو لە کوێ بکەم.

**کوڕ:** من ڕقم لێت نییە.

**باوک:** با وادیارە... بەڵام تۆ هیچ هەستی خۆشەویستییەکت بۆ من نییە، وانییە؟

**کوڕ:** تا ئێستا، ئەمە لە ڕق ئەچێت یان لە خۆشەویستی. (پشوویەکی درێژ) خۆت وا پیشان مەیە. (دەستێک بەسەری باوکیدا



ئەهێنێت) باوکە، باوکی خۆشەویست...

**باوک:** ئێریک، من چیم کردووە؟

**کوڕ:** من نازانم...

**باوک:** وەرە دانیشەرەوە با قسە بکەین...

**کوڕ:** نا.

**باوک:** ناتەوێت؟

**کوڕ:** نەخێر، (پشوو) ئەو جارانەی کە من بانگم کردوویت، بانگکردنەکانم بەهەدەر چوون... من چیتر نامەوێت تۆ دەهری مکەیت. من نامەوێت ببینم کە تۆ چۆن مۆڕە لە دڵی خۆت ئەکەیت، یاخود هیچ شتێک دەربارەی تۆ بزانم.

**باوک:** تەمەنا ئەکەم هەموو شتێکت بەباشی بەڕێوە بچێت، ئێریک. من تەمەنا ئەکەم. من لە خوا ئەپاڕێمەوە بەباشی بڕوا بەڕێوە بۆت.

**کوڕ:** باش ئەڕوات.

**باوک:** تەنیا ئەپرسم. (پشوو) نازانم... ئێستا ئەڕۆیت؟

**کوڕ:** ئا، ئێستا ئەڕۆم. (پشوو) تۆ ئەزانیت ئەوە چییە کە دەستم ئەگرێت لەوەی کە من تۆ بکوژم؟

**باوک:** نەخێر... چییە ئەوە؟ تەمەنا ئەکەم کە بزانم چییە.

**کوڕ:** لەوەتەی منداڵ بووم ئەم جۆری تۆنی قسەکردنە لەنێوانی من و تۆدا هەیە، چونکە ئەوە تەنیا هەستێکی ڕاستەقینەیە کە من بەرامبەر بە تۆ هەمە، بەڵام من جورئەت ناکەم ...
ناشزانم دواتر دەبێت چی ڕوویدات؟ هەروەها سزای ئەو کارەش کە ئەیکەم شێوەیەکی ڕواڵەتییانە وەرئەگرێت، وەک ئەو

تۆنی قسەکردنە و خودی کردارەکە دەبێت؟ ڕەنگە ئەوە هەستێکی هێندە ئێجگار گەورەبێت... کە دوای ئەوە هەرگیز پێویست نەکات چیتر من سڵ لە هیچ شتێکی تر بکەمەوە... ئەوکاتە ئەمتوانی من بڕشێمەوە و دڵی تۆ بەیەکجاری بهێنمەوە. ئەبووایە ئەوەم بکردایە.

**باوک:** ئەبوو ئەوەت بکردایە؟

**کوڕ**: پێموایە... من لەوە ئەترسم... تۆ هەموو شتێکت بە نائاساییانە کردووە، تەنانەت ڕقهەڵگرتن لەخۆت و لاوازییەکەشت هەر وابووە.

**باوک:** چ لاوازییەک؟ ئەبوو من تۆم بشکاندایە، گەر بهاتایە و تۆ تەنیا بۆ یەک تۆزقاڵیش هەوڵی ئەوەت بدایە، هەی هاوڕێی خنجیلانەکەم.

**ڕادکە:** بەسە بیبڕنەوە، دەنا من ئەڕۆم. بە جدیمە.

**کوڕ:** باشە واز ئەهێنین.

**باوک:** ئەتەوێت پەنجەرەکە دابخەیت پێش ئەوەی بڕۆیت.

**کوڕ:** کام پەنجەرەیە؟ ئێستا چ پەنجەرەیەکی نەفرەتییە کە تۆ ئەتەوێت دابخرێت؟

**باوک:** (پەنجە بۆ پەنجەرەی سەقفەکە ڕائەکێشێت) ئەوە.

(ڕووی لە ڕادکەیە)

زەوییەکە زۆر ساردە. ئەگەر پارەم هەبوایە هەندێک فەرشم بۆ ئەکڕی.

**ڕادکە:** ئا، ئەمە ڕاست نییە... هەموو جارێک کە من لێرە خەوتووم



تووشی ئیلتیهابی میزەڵان بووم... هەر زۆر ناخۆشە. بۆچی دەبێت تۆ دەوروبەرت ئەوەندە ساردبێت؟ بەوە ماڵەکەت نە پاکتر دەبێت و نە هەوای سازگارتر ئەبێت... بەپێچەوانەوە مێشک توانای لاواز ئەبێت ـ تەنیا چەند پلەیەک لەخوار پلەی ئاساییەوە بیرکردنەوەی ئینسان سستترئەبێت ـ تۆ ئەوە نازانیت؟ سەرما باش نییە.

**باوک:** خۆ گوێت لێبوو. ئەو گوێ لە من ناگرێت.

(کوڕەکە ئەیەوێت پەنجەرەکە دابخات، ئەچێتە سەر کورسییەک، دایئەخات، دێتە خوارێ و ئەچێتە دەرەوە).

چەند خۆش بوو کە ڕۆیشت، ئەمەوێت یەک تۆز بێ ئەو بم... لەگەڵ ئەوەشدا بیری ئەکەم کاتێک کە لای خۆم بەتەنیام، بەڵام من نازانم تاسەی چی ئەوە ئەکەم... کاتێک کە تۆ منداڵت دەبێت ڕەنگە هەموو دەموچاوەکان تێکەڵاوی یەکتری بکەیت، ئێستا من نازانم کامەیان ڕاستە... ئەوەتا من ئەیبینم. بەڵام دیسانەوە لەبیرم ئەچێتەوە... وەرەقەی سیغارەکانی لەبیرچوو.

**ڕادکە:** پێموایە من دانەیەکم ئەوێت...

(دەست بۆ سیغارەکان ڕائەکێشێت)

**باوک:** یەکێک لەوانەی من بەرە... عەبدوڵڵا... هەرزانتر ئەکەوێت؟

**ڕادکە:** کە خۆت بیپێچیتەوە؟ ئا، پێموایە. هەر زۆر هەرزانترە.

(باوکەکە جگەرەیەکی بۆ ڕائەگرێت، دەواتی ئەکات، ڕادکە وەری ئەگرێت، دواتر بۆی دائەگرسێنێت)

سوپاس.

**باوک:** ئەم جۆرە نیگەرانییەم تووش ئەکات... ئەی تۆ تووش نابیت ؟ دڵم خێرا لێ ئەدات...

**ڕادکە:** خۆت هێمن بکەرەوە، ئەوەندەش گرنگ نییە.

**باوک:** تا ڕادەیەک ئەعسابم ئەسووتێنێت... من نازانم تۆ چۆن ماویت... لەگەڵ تۆشدا هەرئاوا، نەیار و خەمنەخۆرە.

**ڕادکە:** نا، نا... جورئەتی ئەوە ناکات... بۆچی دەبێت نەیاربێت لەگەڵ مندا... من هیچم لێ نەکردووە. ئەوە کێشەی خۆیەتی. من ناتوانم چارەیان بکەم. من ئەچمە دەرێ. ئەچمەوە بۆ ماڵێ.

**باوک:** زۆر چاکە... تۆ بەهیچ شێوەیەک لە هیچ شتێکی مەبوورە. تەنیا بەرێی خۆتا برۆ گەر ئەو زۆری ناچار کردیت. دەنا لەویادا عاسی ئەبیت و نازانیت کە بەجێی بهێڵیت یان نا.

**ڕادکە:** ئەو داوای هیچ شتێک ناکات، ئەمەش بۆخۆی زۆر ناخۆشە... وا پێ ئەچێت تەحەمولی هەموو شتێک بکات، بەبێ ئەوەی داوای یارمەتی لە من بکات. پێموایە ئەو منی لەپێ کردووە.

**باوک:** ئەوها... نەخێر، ئەو هیچ وا ناکات. نا، ئەو وا ناکات. (پشوو) بەڵام تۆ خۆشت ئەوێت؟ خۆشت ئەویت؟

**ڕادکە:** زۆر.

**باوک:** خۆشت ئەوێت؟ تۆ دڵنیایت؟

**ڕادکە:** ئا.

**باوک:** من تێناگەم... دەبێ ئەو چی هەبێت بە تۆی ببەخشێت؟ ئەگەر من قسەلەڕوو بم ـ تۆ چۆن ئەتوانیت حەزت لێی بێت؟

**ڕادکە:** نازانم...



**باوک:** من ئەمەوێت بێ لایەن بم، سەرباری ئەوەی کە ئەو کوڕی منە... ئەو لەکەڵک کەوتووە. ئەمەش هەڵەی من نییە. ئەو هەموو دەرفەتێکی لەبەردەمدا هەبووە.

**ڕادکە:** ئینسان بۆچی حەز لە کەسێکی تر ئەکات؟

**باوک:** ئینسان ئەتوانێ ئەم پرسیارە لەخۆی بکات... بەڵام ئەو... تەنیا کەسێکی دەستبڵاو و نیگەرانە... ئەو هەرگیز هۆگری کەسێک نابێت.

**ڕادکە:** تۆ چووزانیت؟

**باوک:** من ئەیناسم... هۆگربوونی کەسێک بۆ ئەو تەنیا مۆمێکە بۆ ئەوەی ڕێگەی پێ بدۆزێتەوە، تێئەگەیت؟... ئەو بەو مۆمەوە ئەگەڕێت، کاتێک کە ئەیدۆزێتەوە، مۆمەکە ئەکوژێنێتەوە، دواتریش تۆ دەستێکت ئەکەوێتە ئەملاو دەستێکت ئەکەوێتە ئەولا... ئەوسا بەلاتا تێپەڕ ئەبێت و گوێت ناداتێ... بۆ من هەمیشە بە پێچەوانەوە بووە، من هەر بەخشیومە و بەخشیومە و بەخشیومە و کەچی کەسێک بە جدی خۆشی نەویستووم، تەنانەت ئەویش... منیش ئیتر، لە زۆر دەمێکەوە ئەبوو کۆڵم بدایە... تۆ بیر لە من بکەرەوە... ئەی چۆن... من پێوەندی خێزانی خۆمانم ڕزگارکرد، بەڵام خۆم نا... من پەشیمان نیم، ئەوەتا ئێستا ئەبینم کە تەنیایی چی لە ئینسان ئەکات.

**ڕادکە:** پێوەندی ئێمە هێندە درێژ نەبۆتەوە تا بگات بە عەشق... ئێمە...

**باوک:** ئا، باسی کە... تکات لێ ئەکەم.

**ڕادکە:** کاتێک یەکەم جار ئەوەم بینی...

**باوک:** ئێ...

**ڕادکە:** هەمان ڕۆژ... ئا، کاتێک کە ئەوم بینی...

**باوک:** باسی کە چی ڕووی دا...

**ڕادکە:** چوومە کەنیسەیەکەوە و لە خوا پاڕامەوە کە هەرگیز ئەم پێوەندییە کۆتایی نەیەت... هەر خۆم بووم لە کەنیسەکەدا، کەوتمە سەر چۆک و لە خوا پاڕامەوە کە تا کۆتایی عومرمان یەکمان خۆشبوێت.

**باوک:** تۆش ئیمانداریت؟

**ڕادکە:** نا، بەهیچ شێوەیەک... من هەرگیز پێشووتر شتی وام نەکردووە، وە هەرگیزیش دووبارەی ناکەمەوە... ئەو جارە تەنیا بۆ ئەو بوو...

**باوک:** تائێستاش دۆعا ئەکەیت... تۆ بۆچی ئەوەت کرد؟

**ڕادکە:** نازانم... من ئەمەم بۆ ئەو نەگێڕاوەتەوە. هیچ بەو مەڵێ. چونکە ڕەنگە ئەو پێم پێبکەنێت.

**باوک:** مەبەستت ئەوەیە کە تۆ خۆشت ئەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاوا هەڵسوکەوت ئەکات؟

**ڕادکە:** هەر زۆریش... ئا، من خۆشم ئەوێت،

**باوک:** بۆ کێ ـ بۆ ئەو؟

**ڕادکە:** بۆ خۆم... من هێندەم خۆشەویستی نییە کە بەشی ئەو بکات.

**باوک:** ئەمە گلەییکردنێکە لە من؟ ئەمەوێت بزانم کە ئەو چەندە باسی منی لای تۆ کردووە... مەبەستم ئەوەیە بڵێم لەسەر من. هیچ باسی منی کردووە؟

**ڕادکە:** زۆر نا، نا هیچ.



**باوک:** نەخێر، تێئەگەم.

**ڕادکە:** من دۆعایەکی هەڵەم کرد ـ ئەبوو من دۆعای ئەوەم بکردایە تا عاشقی یەک بین... ئەگەر ئەم پەیوەندییەمان لەو کاتەوە تەواو بوایە من هیچ شتێکم نەئەکرد... بەهەرحاڵێ ئەگەر ناوی شتێکیشی لێ بنێین... ئەو تەنیا نزیکم بۆتەوە و هەرگیز نەهاتۆتە ناومەوە.

**باوک:** مەبەستت لەمە چییە؟ بۆ تا ئێستا لەگەڵ یەک نەخەوتوون؟ ئەو پیاوێکی عاقڵ نییە، وانییە. عاقڵ نییە.

**ڕادکە:** با.

**باوک:** من باش بیرم لێ کردۆتەوە... دەبێت ئەویش وەک من پێداویستیی سێکسی زۆر بێت... ئەمەی لە منەوە بۆ ماوەتەوە... کاتێک کە گەنج بووم دەبوو هەموو ڕۆژێک بمکردایە، هەموو ڕۆژێک، دەنا نیگەران ئەبووم... پێم وایە لە سەرەتاوە تاڕادەیەک من ئێلینم بەوە ترساند، بەڵام دواتر لەگەڵ ئەوەدا ڕاهات... من تا ئێستاش گڕوگەرمیم ماوە، ئەگەر ئەو باوەڕ بەمە بکات... ئەوان ئەنووسن کە ئەم گڕوگەرمییە نامێنێت، بەڵام ئەمە لەبەرامبەر مندا ڕاست نییە... زەحمەتە من بەخۆم بسەلمێنم کە وشک بوومەتەوە... کاتێک کە ژنەکەم نەخۆشکەوت ئەوە بۆ من تاڕادەیەک جەهەنمێک بوو بۆ خۆی ... تۆ ناتوانیت خۆت بخەیتە جێگەی من. ئەتوانیت؟ نا... نا، ئەوە تەحەمول نەئەکرا... ئەگەر هاتوو بەدرێژایی تەمەنی گەورەییشت بەوە ڕاهاتبیت کە نزیکەی هەموو ڕۆژێک بیکەیت، تەنیا شتێکیش لەویادا کە ئینسان بیری لێ بکاتەوە ئەوەیە ئەی ئەگەر ئەمە نەمێنێت،

پێشتر گوێم نەئەدایە ئەمە... وانییە... تا ڕادەیەک هەمیشە بوو... من پێم وایە ڕاستترە بڵێیت ئەو ئینسانەی کێشەی سێکسی هەبوو، ئینسانێکی تەنیایە، شایستەی بەنزم سەیرکردنە، جێی مەسخەرەیە... من ئێستا خۆم لەو حاڵەتەدام... من بۆ ماوەی دە ساڵە لەم حاڵەتەدا ئەژیم و هیچ چارەیەکیشیم بۆ ناکرێت، ئەوە نەبێت کە تەنیا بیری لێ بکەمەوە... کێ منی ئەوێت؟ چ ئافرەتێک ئەیەوێت لەگەڵ مندا بخەوێت، ئەگەر من پارەی نەیەمێ... بەڵام تا ئێستا من نەگەیشتوومەتە ئەو حاڵەتەی کە پارە بۆ شتێکی وا بدەم، نەک لەبەر ئەوەی کە ڕاهاتووم بە بەلاش دەستم کەوێت، بەڵکە لەبەر ئەوەی کە ناتوانم لە حاڵەتێکی وادا ڕوو لە ئافرەتێک بنێم و پێی بڵێم... تەریق ئەبمەوە... بێلەوەش من گرفانم ڕێم پێنادات. من قوزێکی ڕاستەقینەم ئەوێت، نەک لەو جۆرە قوزە گاڵتینییانەی کە پیاو دواتر بیری ناکەوێتەوە چۆن بووە... مەبەست لەمە چییە... بەڵام من ناتوانم ئەو بەشەی جەستەشم ببڕمەوە... من زۆر لە مێژە ئاوا لەگەڵ ژنێکی گەنجدا دانەنیشتووم... ئەبوو من ئاوا قسەم نەکردایە... خراپم کرد؟...

**ڕادکە:** نەخێر، نەخێر، قسە بکە... وا پێ ئەچێت کە تۆ پێویستت بەوە بێت قسە بکەیت...

**باوک:** ئا، من پێویستم پێیەتی... من متمانەم بە تۆیە...

**ڕادکە:** (پێ ئەکەنێت) لەمەودوا ئینسان لەم شارەدا بەسەلامەتی دەرناچێت...

**باوک:** نەخێر، تێئەگەم، کە سەلامەت دەرناچیت. دەبێت ئەمەش زۆر



زەحمەت بێت.

**ڕادکە:** خەڵکی هەر زۆر شێتن... من نازانم چ هەڵەیەک لە مندا هەیە، کە ئا بەم شێوەیە ڕووم لێ ئەنرێت، یاخود ئەمە بۆخۆی ئاساییە... پێ ئەچێت کە ئەم گرفتە سێکسییە ترسناک بێت...

**باوک:** وایە ترسناکە...

**ڕادکە:** ئا، دەبێت وابێت... قەد ئەمە بە هەڵە ڕوونادات ـ کاتێک کە پێویستم بەوەیە سواری پاس بم ئەوا پیاوێک لێم دێتە پێشەوە، ئیتر ئەو پیاوە سەرخۆشبێت یان نا، ئاسایی بێت یان نائاسایی، هەمان شت دووبارە ئەکەنەوە، لە پشتمەوە دائەنیشن و دەست ئەکەن بە سرتەسرتکردنی ئەو شتانە بە گوێچکەمدا ـ چیتر ئێستا من وەڵامیان نادەمەوە... گرنگ نییە ئینسان لە چ حاڵەتێکدا بێت، ئەگەر هاتوو خەمبار بیت یان خەیاڵت پڕبێت یان نەخۆشییەکی کوشندەت هەبێت ڕێکوڕەوان ئەتەوێت بە ئازادی دابنیشیت... لەو ڕۆژانەدا کە بەتەما بووم بێمەوە بۆ ماڵەوە یەکێک لەو پیاوانە لە پاسەکەدا لە پشتمەوە دانیشتبوو، ئەوەندە بە قایمی قسەی ئەکرد، کە هەمووان ئەیانتوانی گوێیان لێببێت و دەستبکەن بە سەیرکردنی من...

**باوک:** بەو شێوەیە، ئەی وتی چی؟

**ڕادکە:** هەرچی ڕێی تێ بچێت وتی.

**باوک:** هەر ئاوا بێ هیچ شتێک... چی وت؟ ئەتوانم گوێم لێ بێت؟

**ڕادکە:** ئەو پرسیارانەی کە ئەوان ئەیکەن ـ خۆت ئەزانیت چییە.

**باوک:** نا، من هیچ نازانم، من خۆم بە کچانی گەنجەوە نانووسێنم. ئەو پرسیاری چی لێ کردیت؟ ئەیڵێیت ئێستا؟

**ڕادکە:** نا، بۆچی؟ ئەو پرسیاری لێ کردم کە کێرم دەستکەوتووە، یاخود تازە گانم کردووە، ئەم جۆرە قسانە.

**باوک:** ئەی باشە کەوایە کردووتە؟

**رادکە**: مەبەستت چییە؟ من ڕاستەوخۆ ئەوەی مەبەستم بێت ئەیڵێم، بەڵام هەندێک جار ئینسان هێندە ماندوو و شەکەتە ئەیەوێت هەرچۆنێک بێت خۆی قوتار بکات و بەئارامی دابنیشێت ـ گەر ئینسان چاو ببڕێتە چاویان و پێیان بڵێت، بەناخێرتان ئەوە چ پێوەندییەکی بە ئێوەوە هەیە ئەوسا وندەبن، بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە من نامەوێت خەڵکانی تر بگۆڕم، بۆ ئەوەی هەست بکەم باشم و دڵنیاترم.

**باوک:** من لێت ئەپرسم، ئەی باشە دەستت کەوتووە؟

**ڕادکە:** چی؟

**باوک:** تۆ کێرت دەستکەوتووە؟ چ وەڵامێکت دایەوە؟

**ڕادکە:** نەخێر، دەستم نەکەوتووە.

**باوک:** ئەوە هەر زۆر ناخوشە، وانییە؟

**ڕادکە:** ئا ڕەنگە وابێت.

**باوک:** تۆ بە ڕواڵەت وا دێیتە پێش چاو کە زۆرت پێویست پێ بێت.

**ڕادکە:** من وادیارم؟ چۆن دیارم بەڕواڵەت؟

**باوک:** خۆت باش ئەزانیت.

**ڕادکە:** نەخێر. من هیچ نازانم. تۆ باسی ئەوەم بۆ بکە با منیش فێربم، ڕەنگە دواتر بتوانم بەسەلامەتی لە دەستیان دەرچم...

**باوک:** کەواتە ئەتەوێت ڕزگارت بێت لەدەستیان؟





**ڕادکە:** بەباری گشتیدا ئا، لە هەموو حاڵەتێکدا من ئەمەوێت خۆم ئەو کەسە هەڵبژێرم ـ تۆ باش لێم تێئەگەیت؟

**باوک:** بۆ نموونە با باسی ئەو جلانەت بکەین، ئەوەندە تەسکن کە...

**ڕادکە:** من بەمانەوە ناڕۆم بۆ ناو شار... تۆ خۆت باش ئەوە ئەزانی، لە ئێوارەیەکی وادا، ئەگەر بێت و من خۆشم ئەوەم بوێت نیشانەی ئەوە نییە کە هەرکەسێک بیەوێت بتوانێت چی بوێت پێم بڵێت، ئەی وانییە؟... ئەمەم تەنیا ئەو کاتە لەبەردایە کە کاربکەم... ئەم جلە چییەتی؟ کاتێک گەنجتر بووم ـ ئەمزانی کە بەسەلامەتی دەرناچم، بۆیە وەک منداڵێک جلم لەبەر ئەکرد... هەر بەڕاستی نەمئەزانی کە ئینسان دەبێت خۆی چۆن بگۆڕێت... من هەموو بەیانییەک سەرم لێ تێک ئەچوو چی هەبوایە لەبەرم ئەکرد، لەوە نەئەگەیشتم کە خەڵکی بۆچی وا سەیریان ئەکردم... هەوڵم ئەدا خۆم وابگۆڕم کە ئەوان بەو چاوەوە سەیرم نەکەن... ئەوەش مەبەستی من بوو... بەڵام پێچەوانەکەی کەوتەوە... ئێوە تێناگەن گەر بێت و ئینسان هەستیار بوو وە سەرنجیشی نەدرێت... ئەوەیان ڕەنگە قسەیەکی قۆڕ بێت، بەڵام ئەو جارانەی کە زەوقم هەیە ئەتوانم ئەو کەسانە فەرامۆش بکەم کە سەیرم ئەکەن... هەندێک ڕۆژ، کە بە تەنیا بەسەر شەقامێکدا ئەڕۆم، وا دیقەتم ئەدرێت کە ڕووتوقووتم یاخود ئامادەم بچمە باوەشی هەر کەسێکەوە کە هەیە، منیش بەمە ناڕەحەت ئەبم.

**باوک:** ئاوها، وایە، دەبێت زەحمەت بێت.

**ڕادکە:** وایە... تۆ خۆت بیر بکەرەوە، کە تۆ کەسێکی بەڕواڵەت نەترسیش دیار نیت، وانییە؟

**باوک:** گرنگی بەو قسانە مەدە کە ئێریک ئەیانڵێت.

**ڕادکە:** من خۆم باش ئەبینم...

(خۆی دەجوولێنێت، باوکەکە دیقەتی مەمکەکانی ئەدات، وازی لێ ناهێنێت تا دەست بۆ گۆپکەی مەکی دەبات، گۆپکەی مەمکی ئەگرێت)

ئۆی! دەستی بۆ مەبە!

**باوک:** ببوورە... نەمتوانی خۆم بگرم...

**ڕادکە:** ئەتوانیت وابکەیت.

**باوک:** تۆ زۆر جوانیت... من هەر بەتەواوەتی...

(هەناسەیەک هەڵئەکێشێت)

**ڕادکە:** هەناسەت تەنگە؟

**باوک:** نا، هەناسە تەنگی نییە.

**ڕادکە:** بەدی.

**باوک:** با، بەم حاڵەتانە ڕانەهاتووم. (پشوو) تۆ زۆر گەنجیت و پێستت تورتە.

**ڕادکە:** ئاوها، ئەوە چییە.

**باوک:** لەو جۆرە گۆپکەی مەمکانەت هەیە کە لەکاتی گوشیندا ڕەق ئەبن، وانییە؟

**ڕادکە:** نەخێر، ئازاریان هەیە گەر بیانگوشیت.

**باوک:** پێتوایە کە بتوانیت کەمێک حەزم لێ بکەی؟

(دەست بۆ ئەژنۆکانی ڕادکە دەبات)

**ڕادکە:** بەڕاستی تۆ پیویستت بەوێ نییە، ئەتوانین لێرەدا جارێ



دابنیشین و قسە بکەین... تکات لێ ئەکەم هێمن بە.

**باوک:** من نامەوێت هێمن ببمەوە... تۆ، بەپێچەوانەوە... گوێت لێیە... پێت وایە کە تۆ بتوانیت کەمێک حەزم لێ بکەیت؟

**ڕادکە:** بێگومان دەبێت بتوانم... مەبەستت لەمە چییە؟

**باوک:** مەرجی چیت هەیە بۆ ئەوە؟

**ڕادکە:** شتێکی تایبەتم نییە... مەبەستت ئەوەیە گەر من ئارەزووم هەبێت و لەگەڵ تۆ بخەوم؟ نەخێر.

**باوک:** بەڵام خۆ تۆ ئەتوانیت کەمێک حەزم لێ بکەیت.

**ڕادکە:** ئەگەر وازبێنیت، ڕەنگە.

**باوک:** مەبەستت ئەوەیە؟ تۆ ئەتەوێت من وازبێنم؟

(دەرگایەکی گەورە ئەکرێتەوە و دائەخرێتەوە)

ئەوە چی بوو؟ چووە دەرەوە، پێت وایە؟ بەم درەنگانە ئەچێتە دەرەوە؟

**ڕادکە:** نازانم... ئەو خەوتووە. ئەگەر ئەو بڕیاری دابێت بخەوێت ئەوا دەمودەست خەوی لێ ئەکەوێت. کە ئەو خەوت هەستانی بۆ نییە.

**باوک:** ئەو دەرگایە ئەچێتەوە سەر کوێ؟

**ڕادکە:** سەر قادرمەکان ـ نەتبینی کە هاتیت؟

**باوک:** من ئەمزانی دەرگای هەورەبانەکەیە... لەڕاستیدا ئەو نەهات بە دوامدا بۆ ویستگەکە. تەکسییەکم گرت بۆ ئێرە... ئەو ئەو دەرگایە بەکارئەهێنێت؟

**ڕادکە:** نازانم... پێم وایە زۆرینەی کات داخراوە. (پشوو) تۆ دەبێت

دەستت لەویابێت، عارەق ناکاتەوە؟

**باوک:** نا هیچ ناکاتەوە. (شەراب بەسەر مێزەکەدا ئەڕژێنێت) ئەتەوێت؟

**ڕادکە:** بەڵێ،

**باوک:** پێت وایە کە خۆش بێت؟

**ڕادکە:** نازانم، تامم نەکردووە.

**باوک:** نۆش.

**ڕادکە:** نۆش، نۆش.

**باوک:** دەیخەینە سەر ڕادیۆکە، گوێ لە تۆزێک مۆسیقا دەگرین... ئەتەوێت گوێ لە تۆزێک مۆسیقا بگریت؟

**ڕادکە:** ئەوەیان نابێت.

**باوک:** دەبوو بیرم لەوە بکردایەتەوە.

**ڕادکە:** بەڵام ئەو گرامافۆنی هەیە، دایگرسێنە.

**باوک:** لە کوێیایە؟

**ڕادکە:** لەویا. تۆش گەرمیت؟

**باوک:** نەخێر، من ڕەق بوومەتەوە... دەستی لێدە، دەست لە دەستم بە...

**ڕادکە:** وایە

**باوک:** (هەڵئەستێت، ئەچێت بۆ لای گرامافۆنەکە) نازانم چۆن دائەگرسێت... تۆ یارمەتیم ئەیەیت.

**ڕادکە:** دەست بنێ بەویادا، لێی نووسراوە گرامافۆن، نایبینیت.

**باوک:** نەخێر، ناتوانم ئەو پیتە بچکۆلانانە بخوێنمەوە... وەرەو یارمەتیم بە.



**ڕادکە:** (ئەویش ئەچێت بۆ ئەوێ) ئاسانە.

**باوک:** گوێ لە چی بگرین. شتێک کە بتوانیت سەمای لەگەڵدا بکەیت وانا؟ بێگومان تۆ حەز ئەکەیت سەما بکەیت.

**ڕادکە:** نا، بەتایبەتی نا.

**باوک:** با، هەر تۆزێک.

**ڕادکە:** نازانم. ئەگەر تۆ بە هێمنی بیکەیت.

**باوک:** بەدڵنیاییەوە سەما ئەکەین وایە؟ ئەمە چییە لێرەدا... ڤیکتور سیلڤیستەرە؟ موسیقایەکی باشی سەمایە؟ من لەکاتی جەنگەوە گوێم لێ نەگرتووە. ئەوکات تۆ لەدایک نەبووبوویت؟

**ڕادکە:** نەخێر، نازانم ئەو کێیە.

**باوک:** ئەتوانیت بیخەیتە سەری... هەرچییەک بێت. ئەو ئەمەی بۆچی هەیە؟ ڤیکتور سیلڤیستەر. ئەتوانم... وەرە بۆ ئێرە.

(دەست ئەکەن بە سەماکردن)

**ڕادکە:** چەند عارەقاویت.

**باوک:** ئاوها.

**ڕادکە:** مەمخەرە ژێر عارەقەی خۆتەوە، تکات لێ ئەکەم. هێمن بە. تۆ بۆچی ئەوەندە پەلەتە؟

**باوک:** ببوورە... نابێت دەنگە دەنگ بکەین، خۆشەویستم... ئەو حەز بەوە ناکات.

(هەوڵ ئەدات ملی ماچ بکات. ڕادکە پێئەکەنێت)

**ڕادکە:** ئێستا ئەزانم ئینسان هەست بە چی ئەکات کاتێک کێوێک بەسەرشانییەوە بێت... هەوڵ بدە خۆت لەسەر قاچت ڕاگریت،

تکات لێ ئەکەم،

**باوک:** ئەی چۆن، تا ئێستاش من چاپووکی خۆمم لەدەست نەداوە... تەنانەت ناوەوەشم وایە ئەگەرچی هەمووان پێیان وایە ئەوە خۆ هەڵخەڵەتاندنە... تۆش پێت وا نییە؟

**ڕادکە:** چی؟

**باوک:** کە من پێم نەکرێت.

**ڕادکە:** چۆن نا، منیش پێم وایە.

**باوک:** (دەست ئەکات بە دەستهێنان بە لەشیدا) ئەڵێی چی؟

**ڕادکە:** نەخێر.

**باوک:** شەڕ مەکە... تکات لێ ئەکەم شەڕ مەکە... نامەوێت عەزێتت بەم، ئەگەر تۆ شەڕ نەکەیت... ڕێم بدە کە بیکەم... تۆ بیر لە شتێکی تر بکەرەوە، زۆر تکات لێ ئەکەم... ئۆی، میهرەبان بە...

**ڕادکە:** من ناتوانم.

**باوک:** چی ناتوانیت؟

**ڕادکە:** بیر لە شتێکی تر بکەرەوە، ئەمە موستەحیلە.

**باوک:** تەنیا تۆزێک... شەڕ مەکە.

**ڕادکە:** من شەڕ ناکەم... بێدەنگبە.

**باوک:** ئەمە خۆش نییە؟

**ڕادکە:** نازانم.

**باوک:** ئەی وانییە؟

**ڕادکە:** ڕەنگە... واز بێنە ئێستا.

**باوک:** نا، من ئەوەندەم نەماوە... تۆ میهرەبانیت... تۆ بۆنێکی



دۆستانەت لێ دێت.

**ڕادکە:** نەخێر.

**باوک:** با تۆ جوانیت. (پشوو) نەخێر، دەست مەبە. بوەستە و مەجووڵێ. هەستی پێ بکە. هەستت پێ کرد؟

**ڕادکە:** وریابە.

**باوک:** من زۆر وریائەبم... من زۆر وریائەبم...

**ڕادکە:** ئاوا.

**باوک:** ئاوا خۆشە؟

**ڕادکە:** ئا.

**باوک:** بیگرە بۆم.

**ڕادکە:** نا.

**باوک:** داوات لێ ئەکەم، بیگرە.

**ڕادکە:** نا، من نامەوێت.

**باوک:** هەر زۆر دەمێکە کەس بۆی نەگرتووم، تکایە... میهرەبان بە، دەستم بۆ بەرە.

**ڕادکە:** نامەوێت.

**باوک:** لێت ئەپاڕێمەوە.

**ڕادکە:** نا.

**باوک:** بەڵام من دەست بۆ تۆ ئەبەم.

**ڕادکە:** بەڵام من نامەوێت.

**باوک:** بۆچی نا... خۆ هیچ خەتەر نییە.

**کوڕ:** (لەبەر دەرگاکەدا وەستاوە و سەیر ئەکات، چەند هەنگاوێک دێتە پێشێ. ڕادکە چاوی پێی دەکەوێت، بەڵام باوکی نا) ئەوە چی ئەکەن؟

**ڕادکە:** هیچ.

**باوک:** (کوڕەکەی ئەبینێت، دەست لەسەر قوزی ڕادکە لائەبات) تەنیا سەما ئەکەین...

**کوڕ:** ئەوها، کەواتە بەردەوام بن.

**باوک:** خەبەرمان کردیتەوە؟ مەبەستمان نەبوو.

**کوڕ:** دەی بەردەوام بە و سەما بکە... بۆچی وا ناکەن؟

**ڕادکە:** نەخێر، نایکەین.

**باوک:** نەخێر، بەردەوام نابین.

**کوڕ:** با، بەردەوام بن... داواتان لێ ئەکەم. ئەمەوێت بتانبینم کاتێک کە سەما ئەکەن.

**ڕادکە:** ببوورە.

**کوڕ:** (ڕوو ئەکاتە ڕادکە) پێویست ناکات لەبەردەمی مندا شەرم بکەیت.

**باوک:** بۆچی دەبێت شەرم بکات؟ ئەو هیچی نەکردووە کە پێویست بەوە بکات شەرمی لێ بکات... ئەوە تۆیت کە دەبێت شەرم بکەیت.

**کوڕ:** نا، تەنیا هەر ئەپرسم.

**باوک:** ئاوها... ئەی بۆچی دەموچاوت وادیارە؟

**کوڕ:** چۆن؟ من چۆن دیارم؟



**باوک:** گرژیت.

**کوڕ:** من هەمیشە گرژم. خۆت باش ئەزانیت. ئەمە شتێکی تازە نییە، وا نییە؟

**باوک:** ئەزانم... بەڵام ئێستا هێمن بە... ئەمەوێت ئەم ناوە کۆبکەمەوە و دواتر بچم ڕاکشێم.

**کوڕ:** ئا، وابکە...

**باوک:** من تەنیام، ئێریک... تۆ تێئەگەیت کە من چەندە تەنیام؟ (پشوو) بەو زووانە توانام نامێنێت... تۆ ئەتەوێت من چی بکەم؟ بەڕاستی من چیم لە پێشە؟ دەتوانیت پێم بڵێیت؟

**کوڕ:** نەخێر، ناتوانم.

**باوک:** ئاخر تۆ کوڕی منیت... دەبوو یارمەتیت بدامایە... ئێمە ئەمانتوانی پێکەوە بژین... ئەی تۆ ئەوەت ناوێت؟ تەنیا من و تۆ؟ (پشوو) من هەندێک حەبم هەیە، ئەگەر ئەزانیت ناتوانیت بخەویت... بەڵام هەڵمەستە و بەم ناوەدا ڕابکەیت... زۆر بەقووەتە... دەبێت بێ جووڵە راکشێیت و چاوەڕێی ئەوە بیت خەو بتباتەوە.

(پشوویەکی کورت. گلۆپ ئەکوژێتەوە. پشوو)

## بەشی سێیەم

(ڕووناکی زیاد ئەبێت)

**کوڕ:** بەیانیت باش، بابە. باش خەوتیت؟

**باوک:** نەخێر، زۆر بەباشی نا.

**کوڕ:** باش نەخەوتیت.

**باوک:** نەخێر، بەزەحمەت خەوم لێ کەوت ـ ئەی تۆ؟ حەبەکان یارمەتییان دایت؟

**کوڕ:** نەمخواردن.

**باوک:** نابێت، نا من نەمتوانی بخەوم.

**کوڕ:** چەند ناخۆشە.

**باوک:** وایە. (پشوویەکی درێژ) قاوەت خوارد؟

**کوڕ:** کەمێکی تر ئەیخۆمەوە..

**باوک:** ڕادکە ڕۆیشت؟

**کوڕ:** شەوێ... شەوێ ڕۆیشت.

**باوک:** ئاوها، ڕۆیشت... گوێم لە هیچ نەبوو. (پشوو) ئەی بۆ کوێ ڕۆیشت؟

**کوڕ:** نازانم.

**باوک:** کردتە دەرەوە؟

**کوڕ:** نەخێر.



**باوک:** تۆ...

**کوڕ:** ئا.

**باوک:** وتی چی؟

**کوڕ:** هیچ.

**باوک:** با چۆن...

**کوڕ:** باسی ئەوەمان نەکرد.

**باوک:** دەبێت ئێمە باسی کەین.

**کوڕ:** من ئەڵێم، نەخێر.

**باوک:** من ئەمەوێت. دەبێت گوێ بگریت.

**کوڕ:** نەخێر.

**باوک:** دەبێت ـ من شتێکم هەیە پێتی بڵێم (پشوو) ـ نابێت هەموو شتێک لە خۆتدا قەتیس بکەیت ـ دەبێت بۆ جارێکیش بێت خۆت بۆ من بکەیتەوە.

**کوڕ:** من ئەزانم چی پێویستە و چی پێویست نییە.

**باوک:** چییە؟

**کوڕ:** دەبێت من خۆم ڕزگارکەم لە تۆ... تەنیا هەر ئەمەیە و بەس. دەبێت من لە تۆ بێمە دەرێ.

**باوک:** مەبەستت ئەوەیە کە بچمەوە بۆ ماڵێ؟ ئەتەوێت بچمەوە بۆ ماڵێ؟ ئیتر یەکتری نەبینین؟ ئا، ڕەنگە من زۆر ساڵی ترم لە ژیاندا نەمابێت. بۆ من زۆر باشترە قبوڵی ئەوە بکەم کە من هەمیشە وەک هەموو شتێکی تر تۆم دۆڕاندووە. ئێریک، تۆ تەنیا کەسێک بوویت کە من مابێتمەوە. ئەگەرچی من نامەوێت

مەجبوورت بکەم، من نامەوێت ئیتر ئەو کەسەبم کە تۆ هەمیشە بینیووتە... بەو شێوەیەی پێشووتر نا. ڕەنگە باشتر بێت... من ئەمشەو ڕاکشابووم و بیرم لەمە ئەکردەوە... کە بەیانی زوو یەکسەر بچمەوە بۆ ماڵێ، پێش ئەوەی تۆ بەخەبەر بێیتەوە من بڕۆم، دواتریش سەیرکەین بزانین دەگاتە کوێ ـ ئەگەر بتوانین هەندێک پێوەندی لە نێوانماندا ڕاگرین... بەڵام من ناتوانم هەر ئاوا دەستبەرداری تۆ بم، من ئەمەوێت بزانم تۆ چۆنیت، تێئەگەیت؟ بێ لەوەش دەبێت جۆرێک پێوەندیمان لەگەڵ یەکتریدا هەبێت؟ تۆ تاقەتی ئەمەت نییە؟ ڕەنگە بتوانی تەلەفونم بۆ بکەیت... من ناتوانم تەلەفونت بۆ بکەم، خۆت ئەزانیت بۆ... بیر لەوە ناکەیتەوە بەو زووانە تەلەفونێک پەیدا بکەیت؟ تۆ دەبێت تەلەفونێکت هەبێت.

**کوڕ:** نەخێر، من توانای ئابووری ئەوەم نییە.

**باوک:** نیتە! تۆ زۆر پارەت لە من زیاتر هەیە، کەچی من تەلەفونیشم هەیە. بێگومان تۆ توانای ئەوەت هەیە. ئەمە تەنیا تەممەڵییە، ئێریک! دەبێت تۆ بتوانیت تەلەفون بکەیت! بیر لەوە بکەرەوە ئەگەر شتێکت بەسەر بێت، ئەگەر بریندار بیت... دەبێت تۆ بەو هەموو قادرمانەدا ڕاکەیتە خوارەوە، ئەی ئەگەر شتێکت بەسەر بێت چی ئەکەیت؟ ڕەنگە ئازار لە دڵتا دروست بێت یان هەر شتێکی ترت بەسەر بێت. تۆ تێئەگەیت لەمە؟ دەبێت زۆر بەباشی بیر لەخۆت بکەیتەوە... بەهەمان شێوەش لەو کەسەی کە دێت و سەرت لێ ئەدات... ئەگەر یەکێک بیەوێت تەلەفونت بۆ بکات، ناتوانێت پێوەندیت پێوە بکات، تۆ بەیەکجاری لە دنیا دابڕاویت... ئەمە باش نییە، تۆ لەمە تێناگەیت... من تاقەتم نییە



لەو دوورەوە دانیشم و چاوەڕوانی تۆ بکەم گەر تۆ تاقەتت هەبێت و بچیتە خوارەوە و تەلەفونێکم بۆ بکەیت... من زۆر بێتاقەت ئەبم.

**کوڕ:** دەستت کردووە بە خۆ پێچانەوە؟

**باوک:** نەخێر، بێگومان نا... من ئێستا هەستاوم. بۆ خۆت نابینیت؟ دەبێ کەی فریای ئەوە کەوتبم؟

**کوڕ:** دەستیان لێ مەدە. پێویست ناکات.

**باوک:** مەبەستت چییە؟ دیسانەوە ڕەئیت گۆڕییەوە؟ ناتەوێت ئیتر من بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە؟ ئاخر بۆچی؟

**کوڕ:** نەخێر.

**باوک:** تۆ لەم پەتەوە بۆ ئەو پەت باز ئەدەیت، ئینسان فریات ناکەوێت. هەروەکو گۆڕانی لەپڕی هەستەکانت وایە... کاتێک کە پێم وایە دڵخۆشیت و حەز ئەکەیت کە هاتووم بۆ ئێرە، ئەوا تۆ پێشوەخت فریای ئەوە کەوتوویت بە شتێک خۆت تووڕە بکەیت کە من کردوومە... تۆ هیچ هاوڕێیەکت نییە، کەسێک کە بتوانیت قسەی لەگەڵدا بکەیت؟ ئێریک، بۆ هەموو شتێک ئەتوانیت بێیت بۆ لای من، تۆ تاقی بکەرەوە و بزانە چۆنە، من زۆر لەوە زیاتر تێئەگەم کە تۆ ئەزانیت، سەرباری ئەوەی کە من زۆریش ناڵێم... ئێریک...

**کوڕ:** ئا، چییە؟

**باوک:** ئێریک، من نارەحەتەم بەوەی کە شەوێ ڕووی دا... نازانم چی وای لێ کردم... من دڵنیام... من خۆم ئامادە نەکردبوو بۆ شتێکی لەم چەشنە... ڕەنگە ئەوە شەرابەکە بووبێت... تۆ ڕاست ئەکەیت، وازی لێ دینم. لایەنی کەم ئەم کاتانەی کە لای تۆم...

باوەڕم پێ ئەکەیت؟... ئەمجارەیان بەڕاستی بوو بەدەرسێک بۆم... من بەڵێنت ئەیەمێ ـ بمبەخشە.

**کوڕ:** پێویست ناکات تۆ بەڵێنی هیچم پێ بدەیت. بەڵێن مەدە.

**باوک:** بۆچی؟

**کوڕ:** هیچ بەڵێنێکم پێ مەیە.

باوک؛ من ئەمەوێت بەڵێنێکی ڕاستەقینەت پێ بدەم و لەسەری سووربم. تۆ ئەتوانیت باوەڕم پێ بکەیت. (پشوو) باوەڕم پێ ئەکەیت؟ وا ئەکەیت؟

**کوڕ**: ئا.

**باوک:** ئەمە بەڵێنێکی پیرۆز نییە، ئەم جارەیان نا... من هیچ لەم بەڵێنە پیرۆزانەم نەماوە. بەڵام ئەمجارەیان ئەمەوێت... من هەست بە شەرمەزارییەکی زۆر ئەکەم.

**کوڕ:** بۆچی ـ بەرامبەر بە کێ؟

**باوک:** لە بەرامبەر تۆدا، بێگومان.

**کوڕ:** هەست مەکە.

**باوک:** بەڵام...

**کوڕ:** من هیچ حەزم لەو نەبووە.

**باوک:** نەتبووە؟

**کوڕ:** نەخێر.

**باوک:** منیش تاڕادەیەک پێم وابوو.

**کوڕ:** بەڵام ئەوە هەڵەیە ـ ئەتوانیت چیت بوێت لەگەڵیدا بیکەیت.

**باوک:** ئێستا هاوڕێین کەوایە؟



**کوڕ:** چی؟

**باوک:** ئێستا بووینەتەوە بە هاوڕێ؟ ناتوانین هەر وابین ـ جارێک و بۆ هەمیشە. تەواو بیرت چۆوە؟ تۆ دەبینیت کە من لە ناخەوە چەندە بێ تاقەتم. ئیتر تەواو لەبیرت کرد؟

**کوڕ:** ئەوە بەلای منەوە هیچ گرنگ نییە، پێم نەوتیت.

**باوک:** بەڵام ئەو خۆی دەبێت چی بڵێت؟

**کوڕ:** نازانم...

**باوک:** نەخێر، نەخێر... (پشوو) ڕەنگە بچم و ڕیشێک بتاشم.

**کوڕ:** ئا، وابکە.

**باوک:** چاکە... ئێستا هەست ئەکەم زۆر باشترم! زۆر بێ تاقەت بووم. من پێم وابوو ڕەوانەی ماڵەوەم ئەکەیتەوە... خۆ وا ناکەیت وانا. نازانم کە من بەم حاڵەمەوە ئەتوانم ئەمڕۆ بڕۆمەوە بۆ ماڵێ یان نا... (پشوو) حەز ئەکەیت ئەمڕۆ چی بکەین؟ ناتوانین پێکەوە شتێک بکەین ـ پیاسەیەک بکەین، سەر لە کەسێک بدەین... تۆ کار ئەکەیت؟

**کوڕ:** نەخێر، ناچینە دەرەوە.

**باوک:** ئەتەوێت بچیت بۆ سینەما؟

**کوڕ:** نەخێر، ناچینە دەرەوە؟

**باوک:** با ئەتوانین وا بکەین... بۆ هەردووکیشمان باشە... پێویستە لەم دۆخەی کە هەیە بچینە دەرەوە... هەست بە کەمێک دڵگوشران ئەکەم. پێویستم بەوەیە تۆزێک قاچەکانم بجووڵێنم، ئەگەر تۆشم لەگەڵ بیت ئەوا بێ خەم ئەبم ـ ئەگەر کەوتم تۆ یارمەتیم ئەیەیت.

**کوڕ:** نەخێر.

**باوک:** بەڵام ناتوانین هەردووکمان شتێک پێکەوە بکەین؟

**کوڕ:** با.

**باوک:** بیرت لە شتێکی تایبەت کردۆتەوە؟

**کوڕ:** ئەی من پێم نەوتیت بیرم لەوە کردۆتەوە خۆم لە تۆ ڕزگارکەم.

**باوک:** مەبەستت لەمە چییە؟ تۆ هیچ بە منەوە نەبەستراویتەتەوە؟ ئەی وا نیت؟ هەمیشە هەر وا بوویت؟ تۆ هەمیشە بەڕێی خۆتا ڕۆیشتوویت و منت فەرامۆش کردووە.

**کوڕ**: من بیرم لەوە کردۆتەوە کە خۆم لە تۆ ڕزگارکەم.

**باوک:** ئاخر چۆن؟

**کوڕ:** تەنیا بەو شێوەیەی کە ئەتوانم.

**باوک:** ئێریک... مەبەستت چییە؟ (پشوو) ئێریک؟ بۆ چی دەرگاکەت داخستووە؟

**کوڕ:** کام دەرگا؟

**باوک:** دەرگای هۆڵەکە. بۆچی داتخستووە؟ قەت ئەو دەرگایە دانەخراوە؟ تۆ خۆت ڕقت لە دەرگای داخراوە. (لەسەر قەنەفەکە هەڵئەستێتە سەر پێ)

**کوڕ:** نەخێر، دانیشە. بۆ هیچ شوێنێک مەڕۆ.

**باوک:** بۆ هەرچ شوێنێک بمەوێت ئەڕۆم.

**کوڕ:** نەخێر، دانیشە لەویا.

**باوک:** بەتەمایت چی بکەیت، ئێریک؟ (پشوو) بەتەمایت چی بکەیت؟ (بەپەلە بەرەو دەرگاکە دەڕوات. دەرگاکە داخراوە) دەرگاکە بکەرەوە! هەر ئێستا دەرگاکە بکەرەوە ـ گوێت لێ نییە کە من



ئەڵێم چی! ئێریک! بەچکە شەیتان، ئەمە چییە ئەیکەیت، بەڕاستی ئەتەوێت تۆ بگەیت بە چی ـ من ئەمرت پێ ئەکەم دەرگاکە بکەیتەوە! ئەی دەرگاکەی تریشت داخستووە؟ (دەست لە دەرگاکەی تریش ئەدات) پێتئەڵێم، بیکەرەوە! تۆ شێت بوویت! تۆ چیتە؟

**کوڕ:** بەسەرما مەقیژێنە.

**باوک:** ئەوەندەی بمەوێت ئەقیژێنم!

**کوڕ:** نەخێر، وا ناکەیت.

**باوک:** ئێریک... ئەمە چییە؟ من چیم کردووە؟

**کوڕ:** هیچ.

**باوک:** کەواتە وازم لێ بێنە! ڕێم بدە بچمە دەرێ، هەر ئێستا دەرگاکە بکەرەوە... ئەچم شتەکانم ئەهێنم... هەر ئێستا بیکەرەوە... ئەمە ناخۆشە (پشوو) ئێریک... دەنا ئەقیژێنم ئەگەر نەیکەیتەوە.

**کوڕ:** بقیژێنە.

**باوک:** ئەقیژێنم... دێن و لەماڵەوە ئەتگرن... تۆ لەمە تێناگەیت؟ من ئەمە لە شکاتێکدا ئەنووسم و ئیتر تۆ دەرچوونت بۆ نییە.

**کوڕ:** منیش نامەوێت، من نامەوێت بۆی دەرچم...

**باوک:** ئێریک، هەر ئێستا دانیشە، قسەی لێ ئەکەین... تۆ ئەبینی ـ من ئێستا زۆر هێمنم... ئەڕۆم و لەسەر کورسییەکە دائەنیشم... من نامەوێت هیچ بکەم... هاوار ناکەم.

**کوڕ:** گەر بێت و هاواریش بکەیت کەس نییە گوێی لێت بێت. ئەوانەی لە ژێرەوە ئەژین لە سەفەرن.

**باوک:** ئێریک گیان... ئاخر بۆچی من پێویستم بەوە بێت هاوار بکەم؟...

ئەوە تەنیا بێ عەقڵییە... تۆ هیچ لە من ناکەیت، تۆ هیچ ناکەیت... تۆ تەنیا خەمباریت... منیش لەوە تێئەگەم ـ من ڕیوەڵەم... ئەوەی شەوێ ڕووی دا جێی بەخشین نییە، بەڵام سەرباری ئەوەش من داوای ئەوەت لێ ئەکەم بمبووریت... ئەگەر بتوانم بەشێوەیەک لە شێوەکان قەرەبووت بۆ ئەکەمەوە... بەڵام چۆن؟ ... ئێریک، سەیری من کە... ئەو کچە بۆ تۆ هیچ نرخێکی نییە، وانییە؟ من باوکتم. ئەوەی تۆ بیری لێ ئەکەیتەوە هیچ بەخشینی نییە.

**کوڕ:** دانیشە لە جێی خۆت.

**باوک:** ئەقیژێنم، ئێریک، ئەقیژێنم.

**کوڕ:** بقیژێنە، باوکە، هیچ سوودێکی نییە.

**باوک:** (ئەقیژێنێت و داوای یارمەتی ئەکات) وەرن فریام کەون ـ فریام کەون، فریام کەون.

**کوڕ:** کەسی لێ نییە، هەر تەنیا خۆمانین.

**باوک:** ئێریک، من دەستەو دامێنت ئەبم، دەرگاکە بکەرەوە و بمکەرە دەرەوە... چیتر پێویست ناکات هەرگیز بمبینیتەوە... من پەیمانت ئەیەمێ... من نەمزانی کە ئەوەندە زۆر بریندارم کردوویت، تکات لێ ئەکەم.

**کوڕ:** نەخێر.

**باوک:** خۆشم ئەوێیت... من هیچ خراپەیەکم بۆ تۆ نەبووە. من ئەو کاتە لاواز بووم.

**کوڕ:** تۆ خۆت هەڵتبژاردووە کە لاواز بیت.

**باوک:** نەخێر.



**کوڕ:** هیچ پاساوێک نییە پەنای بۆ بەریت. زۆر بە ڕوونی پێت بڵێم، هیچ کەس لەوێ نییە... ئەزانم... تەنیا تەنیایی و بێمانایی نەبێت... من ئەمەوێت لە تۆ دەرچم... ئەمەوێت لە تۆوە دەرچم... نامەوێت چیتر خۆم بشارمەوە، ئەمەوێت خۆم چۆنم ئاوا خۆم پیشاندەم، من نامەوێت لە چاوی ئەواندا بە سووک سەیرکرێم...

**باوک:** ئەوە من نیم، ئێریک...

**کوڕ:** جارێکی تر من ئامادە نیم بەشداری لەم شایولۆغانی فەرامۆشکارییەدا بکەم... دانیشە لە جێی خۆت. هەڵئەستیت. (پشوو) پێویست ناکات بترسیت.

**باوک:** من ئەترسم.

**کوڕ:** نا، مەترسە... دەبێت من ئەم کارە بکەم... من خۆم هەردووکمان لە ئاکامی ئەو زەبرانە ئەپارێزم.

**باوک:** من زۆر ئەترسم...

**کوڕ:** من هەرگیز زاتی ئەوەم نەکردووە ڕوخساری خۆمت پیشان بدەم، هەرگیز... لەترسی ئەوەی نەبا چاوم بەو ترسە بکەوێت کە لە ڕوخساری تۆدا هەیە... ترسی تۆ لە من ... من تێئەگەم کە شتێک لە پشتی ئەوەوە هەبووە کە وابی، کە خۆتی لێ بەدوور بگریت، خۆت لە من بەدوور بگریت... جۆرە ڕەگەزپەرستییەک دژ بە من... من هەرگیز ڕوخساری خۆمم پیشان نەداویت.

**باوک:** بۆ تۆ پێت وایە من وێراومە ڕوخساری خۆم پیشانی باوکم بدەم؟ ئیتر تۆ بۆچی وا ئەڵێیت؟

**کوڕ:** ئیستا ئەیبینیت.

**باوک:** چی؟

**کوڕ:** روخساری من.

**باوک:** نەخێر، نایبینم، من تەنیا ئەوە ئەبینم کە تۆ شێواویت.

**کوڕ:** من وام.

**باوک:** ئا، لە هەموو کات خراپتر... ئێریک، من ئەترسم. (پشوو. ئەقیژینێت) ڕێم بدە بچمە دەرێ! ڕێم بدە لێرە بچمە دەرێ!

**کوڕ:** ناتوانم. ناتوانم بگەڕێمەوە. (پشوو) هەمیشە من پێم وابووە کە ئەوە منم، کە ئەوە منم، بەڵام من ئەبینم کە تۆ هەمیشە وا بوویت، هەر زۆر پێش ئەوەی کە من بێمە دنیاوە... بەڵام ئەمە یارمەتی من نادات.

**باوک:** دەستم لێ نەدەیت، ئێریک. لە شوێنی خۆتا بوەستە.

**کوڕ:** نەخێر. هیچ نییە. کەس ئەم کارە لە بری من ناکات، گەر خۆم نەیکەم.

**باوک:** ئێریک! گوێت لێیە ئەڵێم چی!... ئەوە من نیم... من نیم... من چۆن ئەتوانم ئەو کەسە بم، کە تۆ پێت وایە ئەو کەسە زۆر بێمانا و لاوازترە کە توانیبێتی هێندە عەزێتت بدات... ئەمە ڕێی تێ ناچێت، گوێت لێ نییە!... ئێریک، تۆ بەمە خۆت وێران ئەکەیت... دەستت لە باوکت بەرز مەکەرەوە، وا مەکە!

**کوڕ:** (ئەچێتە پێشتر) ئێستا بێ جووڵە دانیشە.

**باوک:** ئێریک، سەیرم کە، ئەوە منم، باوکت... نابینیت؟... ئەوە تەنیا منم...

**کوڕ:** زەحمەتە من تۆ ببینم، چونکە من چاوەکانی تۆم هەیە.

**باوک:** ئێریک، ئێریک.

**کوڕ:** ئا، چییە ئەوە، بابە؟



**باوک:** من زۆر ئەترسم... تۆ نابێت ئەوە بکەیت... من زۆر ئەترسم.

**کوڕ:** منیش ئەترسم.

**باوک:** تکات لێ ئەکەم، هیچ نەبێت چەقۆکە دانێ.

**کوڕ:** نەخێر، ئەمەوێت بەکاری بێنم. تۆ تێئەگەیت.

**باوک:** بۆچی... تەنیا ڕێم بدە بڕۆم - پێویستم بەوە نییە جلەکانم بەرم... (پشوویەکی کورت) ئەڕۆم و ئیتر پێویست ناکات دواتر یەکتری ببینینەوە. ئەوە ئەکەم کە تۆ ئەیڵێیت. هەرگیز بۆ ئێرە نایەمەوە.

**کوڕ:** نەخێر... (پشوو) ناتوانم لەمە زیاتر دوای بخەم، من هەوڵم داوە، بڕوام پێ بکە... هەموو ڕۆژێک... من چیتر تەحەمولی ئەم ئۆردووە لە دەمەچەقۆ ناکەم، کە ڕۆژانە تێم ئەچەقن، کە ئەشبێت من بەسەر ئەمانەدا بڕۆم و خۆشمیان لێ بپارێزم - من هیچ شتێکم نییە کە بەکاری بێنم بۆ بەرگریکردن لە خۆم. تەنیا ئەو قولنجە عەقڵەی نەبێت کە ماوەم و وەک پەردەیەک ڕامگرتووە. چیتر حەوسەڵەی ڕاگرتنیم نەماوە... ئیتر بۆم تەحەمول ناکرێت. من هەموو کەرەستەکان بەچواردەورمدا بڵاوبوو نەتەوە، هەرچی بەدخوازی هەیە، هەرچی ملکەچی هەیە... من ناتوانم دەستیان بۆ نەبەم... دە یارمەتیم بەن!

**باوک:** من یارمەتیت ئەیەم، تەنیا تۆ چەقۆکەت دانێ... فڕێی بەرە سەر زەوییەکە و وەرە بۆ ئێرە...

**کوڕ:** نا، باوکە، تازە درەنگە.

**باوک:** تۆ تەنیا نیگەرانیت... هەوڵ بدە هێمن بیتەوە... ئەزانم ئەوە بێ عەقڵییە، بەڵام باشترین شت ئەوەیە، کە هێمن بیتەوە... هیچ

شتێک ڕوونادات... ئێستا چەقۆکەت دانێ، لە چێشتخانەکە ئەچینە دەرەوە و قاوەیەک ئەخۆینەوە.

**کوڕ:** من ناوێرم لە چێشتخانەکە بچمە دەرێ. هەموو شوێنێک پڕە لە چەقۆ، من جورئەت ناکەم.

**باوک:** تۆ ڕێم بدە من بچمە دەرێ ئەچم ئەیانشارمەوە و ئاوەکە ئەخەمە سەری، دواتریش قاوەیەک ئەخۆینەوە.

**کوڕ:** تۆ نازانیت ئەڵێی چی... ئەمە تەنیا ڕێگەیەکە لەبەردەمی مندا، ئەمە تەنیا ڕێگایەکە کە بتوانم لێیەوە بچمە دەرێ... (پشوو) ئەمە ڕێگای تۆیە.

**باوک:** تۆ پێت وایە من وەک ئاژەڵێکی بێ گوناه ڕێ بدەم کەوڵ کرێم.

**کوڕ:** من نازانم. چی ئەکەیت بیکە.

**باوک:** تۆ پێت وایە پێشتر لە ژیانما تەمێی ئینسانی بێ بەندوباوی وەک تۆم نەکردووە؟

**کوڕ:** ئەزانم... ئای کە ئەزانم.

**باوک:** مەبەستت لەوە چییە؟ (هەڵئەستێتە سەر پێ، بەرەو کوڕەکەی ئەچێت و لە سەرەوە بۆ خوارەوە بۆکسی پیا ئەکێشێ. هاوار ئەکات) پێت وایە کە من پێت ناوێرم، ها؟ ئەی حەرامزادە! تۆ پێت وایە کە من تەحەمولی هەموو شتێک ئەکەم؟ ها پێت وایە، ئەی سەرەمێکوتەی نەفرەتی، پێت وایە ها؟ ئێستا دەرست دائەیەم.

(زللەیەک لە کوڕەکەی ئەدا)

ئاوا، بێ غیرەت! لەم جۆرە زللانەت زۆر کەمتر خواردووە وەک لەوەی کە پێویست بووە... لە بیرتە؟ دە بیڵێ، من هەرگیز لێم



نەداویت کە منداڵ بوویت... بەڵام ڕەنگە ئێستا بۆ ئەم لێدانە درەنگ نەبێت... ئەو چەقۆیە فڕێ بدە و وەک پیاوێک وەرە دەست... من پێت ئەڵێم، فڕێی دە.

(کوڕەکە چەقۆکەی بەرز ئەکاتەوە)

خۆت بە چی هەڵئەخەڵەتێنیت، فڕێی دە! ئەگەر فڕێی نەدەیت ئەوەندەت لێ ئەیەم ئەتتۆپێنم... تۆ خۆت بە چی ئەزانی تا من بکوژیت، تۆ! تۆ ئەوەتا ئەلەرزیت! ئەگەر جورئەت ئەکەیت بیوەشێنە، ئەو کات من دەتەقمەوە بەسەرتا! گوێت لێیە! من لە زەبر و زەنگی تۆ بێزار بووم! چەقۆکە فڕێدە! ئێریک! وازبێنە! نەخێر، نەکەی، نەکەی!

(کوڕەکە چەقۆکە ئەوەشێنێ)

نووسینی: ئۆگۆستی ١٩٧٨

وەرگێڕانی: فەبروەری ٢٠٠٨

سەرچاوە:

Lars Noren
Tre skdespel
Albert Bonniers förlag - Stockholm
ISBN 91-0-044858-3